# گەردەلوولی ئایدیۆلۆژیا

فوئاد سدیق

نەورۆزی 2015

## ناوەرۆک


ئیسلامی سیاسی ؟
ئیخوانەکانی جیهانی عەرەبی و ئیخوانەکانی کوردستان
ئیسلامی سیاسی یان بەندیخانەی ئەقڵ
حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و قەیرانی نوێبوونەوە
حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە نێوان نوێبوونەوەو ئێکسپایەربوونیاندا
چارەسەرکردنی گەندەڵی لە چارەسەرکردنی توندوتیژی قورسترە
پاراستنی ئێزدییەکان لە ئەستۆی کێیە
سەروەریی لە دەوڵەتی فاشیل و گەندەڵ و پڕ تیرۆردا نایەتە دی
دیکتاتۆری ئەوکاتە دروستدەبێت کە ناعەدالەتی
لە دابەشکردنی ساماندا بێتە ئاراوە
بونیادنانی دیموکراسی لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی زەحمەتترە
ئەرکی رۆشنبیر لە نێوان کۆمەڵگاو حکومەتدا
بیرۆکراسی رێکخستنی نێوان دامەزراوەکان و خەڵکە، بەڵام.....
قەیرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان
قەیرانی پەرلەمان
خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بۆ دوو تەوەری مارکسیزم
لەنێوان دەمارگرژی نەتەوەیی و کەم هوشیاری سیاسیدا
سەرمایەداری هەزار جاریدیکەش خۆی نوێبکاتەوە هەر بەربەرییەتە
رۆمانسیەتی نووسین و سەلەفیەتی سیاسەت و بەستەڵۆکی فەلسەفە
مارکس گەورەترین مرۆڤی مێژوو
مارکسیزم – لینینیزم
لە پەراوێزی رووداوەکانی سۆڤێت، لە خرۆشۆفەوە تا یەلتسن
دیموکراسی، دروستبوون و ناوەرۆک و بەکارهێنانی
شۆڕشی 11ی ئەیلول، وانەیەک بۆ ئێستاو ئایندەمان

حوکمڕانی و ئایندەی کوردستان
جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت لە قۆناخی ئینتیقالیدا
ڕێککەوتنی ستراتیژی و جیاکردنەوەی حیزب لە دەوڵەت
گەندەڵی

## ئیسلامی سیاسی؟

دەكرێ لەو پرسیارەوە دەستپێبکەین، زەرورەتی بوونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا چییە ؟ ئایا هەموو ئەو بزووتنەوە بەناو ئیسلامی سیاسیانەی چ لە وڵاتانی عەرەبی یا وڵاتانی غەیرە عەرەبی وەکوو پاکستان و ئەفغانستان و هیندستان و ئێران و...هتد بوونەتە مایەی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتانە؟ ئایا لە خودی ئەو وڵاتانەی عەرەبی هەر لە میسرەوە کە بۆ یەکەمجار ئیخوانی موسلمین لێی هاتە سەرهەڵدان، تا دەگاتە سوریاو تەنانەت ئەو فەڵەستینەی کە ئێستا بەدەستی حەماس ەوە گیری خواردووە، جگە لەماڵوێرانی و رشتنی ژەهری ناکۆکی نانەوە چیتریان کردووە؟.

باشە کە لە سەرانسەری ئەم دونیایە نموونەی تەنها یەک وڵاتمان پێ نیشان نەدەن کە بەهۆی دەسەڵاتی بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە،

وڵات کەوتبێتە خێرو خۆشییەوە، چۆن دڵمان بەوە خۆشبکەین کە ئەو بزووتنەوە ئیسلامی سیاسییەی کە هەڵگری بیروباوەڕی ئیخوان موسلمین ی میسر و وەهابیزمن، مایەی رزگاری نیشتمانیمان و فەراهەمکردنی ئازادی و دیموکراسین؟، لە کاتێکدا رابەرانی ئەو ئیسلامی سیاسییەی کوردستان چ سەلاحەدین بەهائەدین و چ عەلی باپیر نەیانشاردۆتەوە، کە ئەوان بڕوایان بە دیموکراسی نەبووەو، ئەو قسانەشیان لە زۆر بڵاوکراوەدا هەیە، قسەکانیان لەوکاتەدابوو کە هێشتا ئەزموونی کوردستان وەکوو ئەمڕۆ جێگیر نەببوو.باشە بۆچی دەبێت لاوی کورد ئیستیغلال بکەن و تەنها رووی ناشیرینی حکومەتی پێنیشانبدەن وجۆشیدەن بۆ بەربەرەکانیکردنی ئەو حکومەتەی کە ئەوان (حزبە ئیسلامییەکان) لە سایەیدا دروستبوون و گەشەیان کرد.ئەندام و کادیرانی کۆمەڵ یا یەکگرتوو ئەوەندەی نووسینەکانی حەسەن بەننا و سەید قوتب و عەبدولسەلام فەرەج وماوەردی و ..هتد دەخوێننەوە، سەدا یەکی ئەوەندە روو لە خوێندنەوەی میانڕەوەکانی وەکوو جەمالەدینی ئەفغانی و کەواکبی و محەمەد عەبدە ناکەن. ئەمە لەکاتێکدا بوونی هەر بزووتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بە پێویست نازانرێ و بگرە لە مایەی ئاژاوە بەولاوە شتێکی دیکەیان بەرهەم نەهێناوە.

کاتێک ئەم گرووپە ئیسلامی سیاسییە دەیانەوێت ئایین بکەن بە سەرچاوەی یاساکان و بڕیارەکان، ئایا چ بەهایەک بۆ ئەوخەڵکە نیشتمانییە دەمینێتەوە کە لە کوردستان دەژین ولەسەر ئاینێکی ترن، وەک مەسیحی و ئێزدی و..هتد باشە ئەوکاتە ئینتیمای هاووڵاتی بۆکوێ بارگەی دەپێچرێتەوە؟یان بە هەڵە زاراوەی عەلمانییەت بە خەڵک ئاشنا دەکەن و دەڵێن عەلمانیەت کوفرە،یان بڕوایان بە موقەدەساتی نەتەوەیەک

نییە و بۆ سروودی نیشتمانی و ئاڵای کوردستان و خوێنی شەهیدان هەڵناسنە سەر پێ، دەبوو هەر ئەو کاتە بە جیدی لێپێچانەوەیان لەگەڵدا بکرێ و نەگەیشتایەتە ئەمڕۆ تا ئەوان خۆیانمان لێ بکەن بە مەدەنی و حکومەتی کوردستانیش نامەدەنی.سەیری ئەم دەستەواژەیە سەرسوڕهێنەرە، کورد راستی گوتووە تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت.

دیارە تاڵو سوێری ئەو حزب و گرووپە ئیسلامی سیاسییانەی کوردستانمان بینیوە، کە هەر کاتێک شنە بایەکیان بۆ هاتبێت هەوڵیانداوە گرفتێک بنێنەوە، لەکاتێکدا ئیخوان لەسەردەمی بەعسیشدا هەبوو، بەڵام هەر خەریکی خۆ سڕ(تجمید)کردن بوو، لەودیویش ( ئێران) یان خۆیان سڕ دەکرد یان نەیاندەهێشت لاوی کورد چەک هەڵگرێ لە بەرامبەر بەعس و پڕوپاگەندەی ژەهراوییان بڵاودەکردەوە، ئەگەر نا دەبا بفەرموون ئەو گوتارو بڵاوکراوەی خۆیانمان بۆ بڵاوبکەنەوە کە پێش راپەڕینی 1991 خەباتیان لە دژی بەعس کردبێت!.

بەداخەوە ئەو حزبە ئیسلامییانە ئیستغلالی ئەوەشیان کردووە کە هێشتا یاسای حزبەکان لە پەرلەمان دەرنەچووەو تەواو نەبووە، ئەگینا دەبوو بەتوندی ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرایە، چۆن رێگە بە حزبێک دەدرێ دژ بە دەستکەوتەکانی نیشتمانیمان یاری بکات، لە هەموو دونیادا وڵاتێک نادۆزیتەوە رێگە بدات دژی موقەدەساتی نیشتمانی کار بکەیت، کەچی هێشتا ئەوان لەم دیموکراتییەتەی کوردستان رازی نین.

## ئیخوانەکانی جیهانی عەرەبی و ئیخوانەکانی کوردستان

کە باس لە ئیسلامی سیاسی باڵی ئیخوان دەکەین، مەبەستمان دژایەتیکردنی هیچ لایەنێک نییە بە مانای دژایەتی، بەڵکو زیاتر ناساندن و تێگەیشتنە بۆ ئەوان، چونکە ناکرێ حزبێکی سیاسی هەبێت و قسەی خۆی لەهەنبەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نیشتمانییەکانمان بکات و پێچەوانەی کولتوورو بڕوانیشتمانییەکانی کورد بدوێت و، تەنانەت بێت قسە لە کولتوورو بیروباوەڕیشمان بکات، کەچی ئێمە راستییەکان نەڵێین لە کاتێکدا ئەوەی ئەوان دەیڵێنەوە ئاوەژووکردنەوەو هەڵگەڕانەوەیەکی تەواوە لە تەواوی ئەو پرسانەی کە باسمان کرد.ئیخوانەکانی کوردستان، لە ئەنجامی ئەو پرۆسە دیموکراتیەوە هاتوونەتە دروستبوون، کە ساڵەهایە گەلی کوردستان رووباری خوێنی بۆ

رشتووه، بۆیه نابێت ئەوه فەرامۆش بکەین، که ئیخوانەکانی کوردستان هیچ شەرعییەتێکی شۆڕشگێڕییان نییه، لەوەش زیاتر ئەوان زۆر قەرزاری ئەو گەلەن که له ئەنجامی تێکۆشانەکەیان یارمەتیدەری راستەوخۆ بوو، تا ئەوان جورئەت بکەن خۆیان رابگەیەنن، کەواته هیچ فەزلێکیشیان بەسەر ئەم میللەتەوه نییه.

ئەوەی ئیخوانەکانی کوردستان له ئیخوانەکانی جیهانی عەرەبی جیا دەکاتەوه ئەوەیه، ئیخوانی عەرەبی هەمیشه جەختی له ئوممەی عەرەبی کردۆتەوه، عەبدولناسر ئەندامێکی ناو ئیخوان بوو، ساداتیش هەر ئیخوان بوو، بەڵام هەر بەدەستی ئەوانیش تیرۆر کرا، کەچی ئیخوانەکانی کوردستان هەمیشه هەوڵیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی بووه،له شوێنی سڕینەوەی هزری نەتەوەییمان هەوڵیان بۆ هێنانی هزری عەرەبی داوه، که بەشێکه له پڕۆسەی تەعریب، ئەگینا ئەو مزگەوتی سەوافه که گەورەترین مزگەوتی پایتەخته بۆچی بەناوی سەوافەوه ناوبنرێ، ئایا ئەمه ئیهانه نییه بۆ تەواوی گەوره پیاوانی ئایینیمان به درێژایی مێژووی زیاتر له هەزار ساڵەمان، ئایا دەکرێ حکومەتی هەرێم له بەرانبەر ئەم کردەوەیه بێدەنگ بێت؟ ئایا دەکرێ عەلی قەرەداخی له قەتەر به عەگال و دیشداشەوه فەتوا بدات و له کوردستانیش به جلی هەورامییەوه خۆی نیشانبدات و ئەو پارەوپوولەی له قەتەرو سەعوودییه وەریدەگرێت بێت له هەزارا یەک کەمتریش بکاته خێرو سەدەقه بۆ لایەنگرانی خۆیان؟ .دەبوو ئیخوانەکانی کوردستان بەر له هەرچی کارێک بیریان له مەرجەعێکی کوردی بکردایەوه نەک بیروهزری حەسەن بەناو سەید قوتب و یوسف قەرزاوی بخەنه گوێچکەی لاوی کورد، کاتێک یەکگرتووی ئیسلامی مۆسیقایان حەڵاڵ کردو جگەرەیان حەرام کرد پشتیان به فەتواکانی قەرزاوی بەستبوو. ئەگەر

یەکگرتوو کەسایەتییە ئایینییەکانی کوردی بکردایە مەرجەع بێگومان ئەرکەکانیشی سووکتر دەبوو، بەڵام نەیانکردو نایشیکەن، لەکاتێکدا نموونەی زۆرمان هەن، چ لە هەرێمی کوردستان یا بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ئیسلامی سیاسی بە گشتی و یەکگرتووی ئیسلامی بە تایبەتی، لە نێو مزگەوت و تەکیەو خانەقاکانەوە سەریانهەڵنەداوە، بەڵکو وەک هەر حزبێکی سیاسی عەلمانی لە قوتابخانەو زانکۆکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، پاشان بۆ مەبەستی سیاسی نەک ئایینی بەرەو مزگەوت گەڕاونەتەوە .ئەگینا هەموو ئەو ئیسلام و ئایینەی یەکگرتوو یا تەواوی ئیسلامی سیاسی لێی دەدوێن، بە دوو وشە وەڵامدەدرێنەوە کە ئەوەیە کام شەرع بۆ مرۆڤ باشترو راستترە، شەرعێک کە خودا دایناب، یان شەرعێک مرۆڤ داینابێ؟؟.

خاڵکی تر کە جێگای پرسیارە لەدوای راپەڕینەوە کە ئەوە (24) ساڵە ئیسلامی سیاسی بە هەموو باڵەکانیەوە، چ پرۆژەیەکیان هەبووە بۆ گرفتی بێکاری، باری ئابووری کوردستان، چاکسازی کۆمەڵایەتی، توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت، بە دامەزراوکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، بەرگرتن لە کۆچی لاوان،....هتد؟ تا ئێستا ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا خاوەنی تیۆرێک نین هەر لە بواری سیاسییەوە تا دەگاتە بواری فیقهی..

بەکورتی ئەوهەنگاوانەی پێویستە حکومەتی هەرێم هەنگاوی جیدی بۆ هەڵبگرێت، پێش هەموویان هەڵگرتنی وشەی ئیسلامە لە تەواوی ئەو حزبانەی بەو ناوەوە خۆیانی پێ با دەدەن، چونکە زیاتر لە (15-20) ساڵە لە وڵاتانی عەرەبیش پێڕەو کراوە، بۆ نموونە لە تونس (حركة الأتجاه الأسلامی) گۆڕدرا بۆ (حركه النهضه) و لە رۆژهەڵاتی جەزائیریش (الجماعة الاسلامية) کرا بە (حركة النهصة) لە ساڵی 1996 یشدا (حرکه

المجتمع الأسلامی) کرا بە (حرکة المجتمع السلم) لە ساڵی 1998 یشدا (الجماعة الأسلامیة) لە لوبنان کرا بە (الأصلاح)، هەردووباڵی ئیخوانی ئوردن کە ناویان (جبهه العمل الاسلامی)و(المقاومة الاسلامیة)بوو، حزبی (الخلاص الوطنی) لێهاتە کایەوە.بۆیە لێرەش دەبێت دەستپێبکرێت و ئەگەر دوێنێ زوو بوو، ئەوا سبەیش درەنگە. کەواتە ئەمڕۆ.

## ئیسلامی سیاسی یان بەندیخانەی ئەقڵ

یەک لە گرفتە هەرە سەختەکانی ئیسلامی سیاسی ئەوەیە، هەموو ڕاستییەکان تەنها لای خۆی گرد کردۆتەوەو، ئەوەی لەگەڵیدا نەگونجا ئیتر ئەوە مولحیدە کافرە لەرێی خوا لایداوەو ...هتد .لێرەوەیە ئیسلامی سیاسی هیچ بوارێکیان بۆ خەڵک نەهێشتۆتەوە تا بیری لێبکەنەوەو گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن. هەر عەقڵیەتێکی لەم جۆرەش یەکسەر قاعیدەو بزووتنەوەی تاڵیبان لەبەرچاومان وێنا دەبێت، کە جگە لە خۆیان لایەنێکی دی، گرووپێکی دی،تەنانەت کەسێکی دی قبووڵ ناکەن .ئەم گرفتە لە تەواوی ئەو وڵاتانەش سەلمێنراوە کە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی لێ هەبووە، کوردستانی خۆشمان نموونەیەکی زیندووی ئەو عەنتەریاتەیە کە ئیسلامی سیاسی یەک زەڕە کەمتەرخەمی لێنەکرد. ئەو عەلی باپیرو سەلاحەدین بەهادینەی کە ئێستا هەر یەکەیان نوێنەری لایەنێکی سیاسین و سوودیشیان لەو پاشخانە ئیسلامییەی خەڵکی کوردستان وەرگرتووە بۆیە ناوی ئیسلامیشیان بۆ حزبەکەی خۆیان لکاندووە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکان نەک هەر بڕوایان بە سیستەمی دیموکراسی و کۆمەڵگەی

مەدەنی و مافی چارەنووس و مافی مرۆڤ نەبوو، بگرە هەوڵیاندەدا لە لایەک زۆرترین خوێنەر بۆ ئەو ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوانەی وەکوو سەید قوتب و دەیانی دیکە دروست بکەن و لەگەڵ نووسینەکانی خۆیان گرێی بدەن و بە گوێی گەنجی کوردی دابدەن تا گیانی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە ناخی تاکی کورد دا بچێنن، لە لایەکی تریشەوە بڵاوکراوە ناوخۆییەکانیان ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە هەمیشە لە بێ ئیرادەکردنی خەڵک و دوژمنایەتیکردنی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) نەک تەخسیریان نەکردووە، بەڵکو بەرنامەو پلانی جۆراوجۆری بەردەوامیان هەبووە،بە جۆرێک تێکەڵییەکی زۆریان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریش دروستکردووە بۆ شکاندنی بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد، تا بەهۆی ئەم شکاندنە بگەنە دەسەڵات و ئەزموونی ئەفغانستان لێرە لە کوردستان دووبارە بکەنەوە، بۆیە دەڵێین ئەفغانستان چونکە بەشێکی بەرچاو لەو حزبە ئیسلامیە سیاسیانە بە نهێنی رۆیشتوونەتە ئەوێ و پڕۆڤەی جۆراوجۆریان بینیوە.بۆیە نیازو مەبەستی ئەوان شاراوە نەبووە تا ئێستا خوێندنەوەیەکی دیکەمان بۆیان هەبێت، ئەگەر زەمینەیان لەبار بێت ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە کۆمەڵی ئیسلامی یان یەکگرتووی ئیسلامی بڕوایان بە سیستەمی پەرلەمانی نییە، بڕوایان بە حکومەتێک نییە فرەیی بێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوان دیموکراسیەتیان گەڕاندۆتەوەو بڕوایان بە دیالۆگ نییە .

ئیسلامی سیاسی، عەقڵ و لۆجیکیان لە ژوورێکی تاریکدا قفڵداوە، چونکە لێکدانەوەیەکی دۆگمای حازربەدەستیان هەیە بە جۆرێک ناتوانن و ناشیانەوێت بچووکترین لێکدانەوە لەگەڵ واقیعی نوێدا بکەن.

ئیسلامی سیاسی یان با بڵێین کۆمەڵ و یەکگرتوو دەیانەوێ چیمان فێر بکەن ؟، ئایا خەڵکی کوردستان لە رێگەی یان بەهۆی ئەوانەوە ئایینداری دەکەن ؟ ئەمە ئەگەر وابێ کەواتە کورد هەر (24) ساڵێکە خواپەرستی کردووە!!، کە ئەمەیان هەر کوفرێکەو تەواوی کۆمەڵگەی کوردییان لێ هەڵدەگەرێتەوە، چونکە بە فیرۆبردنی (1400)ساڵ خواپەرستییانە، ئەگەر بۆ ئەوەشیانە شوێنی زاناو مەلایانی ئایینی بگرنەوەو پێشنوێژیمان بۆ بکەن، لەمەشدا کورد قەبووڵی نییە، چونکە ئەوان سیاسەتێکی دیماگۆجیانە دەکەن و هەر رۆژەی گوتارێکی سیاسی بۆ قازانجی حزبەکەیان دەڵێنەوەو هەمیشەش هەوڵیانداوە یەکگرتوویی کورد پارچە پارچە بکەن و ناکۆکی بنێنەوە، وەک ئەو ناکۆکییەی کە ئەمیری کۆمەڵ لەگەڵ رابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی کردی و هێندە خەستی کردەوە بە شێوەیەک ئێستاش کەلێنێکی گەورە نەک لە نێوان دوو بنەماڵە بەڵکو لە نێوان دوو حزبدا هەیە.لەکاتێکدا بە درێژایی (1400) ساڵی رابردوودا یەک مەلا لەو کوردستانە شک نابردرێ گوتارەکانی بۆ لەیەک ترازانی خەڵک بووبێ، یان بۆ مەرامێکی شەخسی گوتاری دابێت، بەڵکو هەمیشە رۆڵی پۆزەتیڤیان لە ناو کۆمەڵگەدا هەبووە، بۆیە بە درێژایی ئەو (1400) ساڵەو ئێستاش مەلای کوردستان بە چاوی رێزو میهرەوە سەیر دەکرێن و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەیە لە ناو خەڵکدا.بۆیە نەک تەنها لەکاتی نوێژکردن لە ریزی پێشەوەی خەڵکن بەڵکو لە هەموو بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینی و ...هتد هەر لە ریزی پێشەوەی خەڵکن.بە پێچەوانەی کۆمەڵ یا یەکگرتوو کە ئەوان جگە لەوەی نوێنەری سیاسی ئەو

ئەندامانەی خۆیانن، نوێنەری خەڵک نین و کەسیش ئامادە نییە بیانکاتە پێشنوێژی خۆیانەوە.

## حزبە سیاسییەکانی کوردستان و قەیرانی نوێبوونەوە

کاتێک دەوترێ بوون و دروستبوونی حزبەکان لە هەر وڵاتێکدا، پێوەرێکی باشە بۆ مەرجی بوونی دیموکراسی، مانای ئەوە نییە حزبەکان بێ قەیدو شەرت دیموکراسین، بۆیە مەرجی بوونی ئەوان مەرجە بۆ بوونی دیموکراسی ئەو وڵات یان ئەم وڵات .بەڵکو سەرچاوەی ئەم گۆتەیە کە ئەمڕۆ زۆر بڵاوە، لەبەرئەوەیە، بوونی حزبی لەیەک جیاواز (دوور لەو حزبە کارتۆنیانەی کە لێرەو لەوێ بەتایبەت لە کوردستاندا هەن)، مانای بوونی بەرژەوەندی جیاواز دەگەیەنێ، مانای چین وتوێژی لەیەک جیاوازیش دەگەیەنێ، بۆ داکۆکیکردنی هەر لایەک لەگەڵ لایەنەکانی دیکە پێویستی بە دیالۆگ و گفتوگۆی بەردەوامیش هەیە، واتا کاتێک بەرژەوەندییە

جیاوازەکان قووت دەبنەوە، ئەوە حزبەکانن دیالۆگ دادەمەزرێنن، بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان و لەو چین یا توێژە کۆمەڵایەتییەی داکۆکی لێدەکەن و لەپێناویدا دروستبوونە.ئا لەبەرئەوەیە دەوترێ دروستبوونی حزبی سیاسی مەرجە بۆ دروستبوونی دیموکراسی لەو وڵات یا ئەم وڵات.

بەڵام دەشکرێ ئەوە بپرسین ئەی ئەو حزبانەی بڕوایان بە دیموکراسی نییە و ناشتوانن خۆیان نوێبکەنەوە، ئایا بوونی ئەمانە لە خزمەتی پرۆسەی دیموکراسییە، یان بە پێچەوانەوە دوور نییە ڕەوتی دیموکراسی بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە؟ نابێت ئەوەمان لەبیر بچێ مێژووی دروستبوونی حزبی سیاسی بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، واتا تەمەنی سەدوپەنجا ساڵێکە، بە واتایەکی دیکە بوونی حزبی سیاسی بەرهەمی سەرمایەدارییە، دەشکرێ بڵێین بەرهەمی شۆڕشی فەرەنسایە، دروستبوونی حزبی سیاسیش لە قۆناخی خەباتی رزگاریخوازی نیشتیمانی، کە ماوەیەکی زۆر بوو بەتایبەت لە سەدەی بیستەم زۆربەی حزبە سیاسییەکان بۆ ئەو قۆناخە و وەک پێداویستییەک بۆ رزگاربوون لە زوڵم و زۆرداری دادەمەزران، نەیاندەتوانی پیادەی ئەو دیالۆگە بکەن، کە لەقۆناخی دوای رزگاربوونی نیشتیمانی دەیانکرد.کێشەکە لێرەدایە، ئەو حزبە کوردی یا کوردستانییانەی لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی دروست بوون و بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری و مافی نەتەوەیی دامەزران، چەندە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کە ئێستا ئاراستەی ململانێکان تەواو جیاوازن و ململانێی ئێستا لەسەر وەرگرتنی دەسەڵاتە، نەک رزگاری نیشتیمانی.بە واتایەکی دیکە ئایا حزبەکانی کوردستان توانای خۆنوێکردنەوەیان هەیە؟ لەگەڵ سەردەم دەڕۆن؟ تێکەڵ بە داخوازییەکانی خەڵک دەبن؟ قەیرانەکانی ناو خودی حزبەکەیان بە گیانێکی دیموکراسیانە چارەسەردەکەن؟ ئەو حزبانەی

ناتوانن خۆیان نوێبکەنەوە، رووبەرووی قەیرانی حوکمڕانیش نابنەوە؟جۆرێک لە لاوازبوون بەم حیزب یان بەو حزبەوە دیارە، یان خەڵکی کوردستان هێشتا عاتیفیانە بڕیاردەدات، بۆیە ئەو جۆرە خۆ نوێکردنەوەیە بۆ کوردستان هێشتا زووە؟ یان نەوەڵلا کاریگەری سلبی بەسەر حزبەکانەوە دەرکەوتووە، بەڵام هێشتا ئەو کاریگەرییە ئەوەندە بەهێز نییە، رایانبچڵەکێنێ؟! رەنگە دەیان پرسیاری تر لای هەر یەکێک لە ئێمە هەبن پێویستیان بە وەڵامی ورد هەبێت، کە بە تەئکید لە وتارێکی ئاوەهادا هەموو ئەم وەڵامانە نادرێنەوە، بەڵکو تۆژینەوەیەکی تیۆری مەیدانی پێویستە، بێگومان ئەم جۆرە تۆژینەوەیەش بوونی نییە، رەنگە حزبەکانیش بوونی ئەمجۆرە تۆژینەوەیە بە زەروورو گرنگ نەزانن!!

بێگومان هیچ حزبێکی حەقیقی دروست نابێت، ئەگەر گرفت و قەیرانی حەقیقی لە ناو کۆمەڵگە سەریان هەڵنەدابێت، کێشەکە لەوەدایە کە گەیشتە دەسەڵات، بەهەمان شێوەی دەسەڵاتی پێشووی خۆی، قەیران دروستدەکاتەوە، چونکە ناتوانێت گوزارشت لە ئێش و ئازاری هەموو کۆمەڵگە بکات. چونکە لە هەموو دونیادا حزبێک نادۆزیتەوە، دەربڕی هیواو خواست و ئارەزووەکانی تەواوی هاووڵاتیان بێت، چونکە بەرژەوەندی هاووڵاتیان جیاوازە لە یەکتری، کەواتە ئەو حزبانە چۆن دەتوانن هەمیشە زۆرینەی خەڵک لە خۆ بگرن و بتوانن کاتێک دەسەڵات دەگرنە دەست دەربڕی ئازاری هەموو کۆمەڵگە بن.

یەکێک لە گرفتەکانی کۆمەڵگەی رۆژهەلات ئەوەیە، کۆمەڵگەیەکی نابەرهەمهێنە، واتا نەزۆکە، گرفتی گەورەتر ئەوەیە حزبە سیاسییەکانیش رەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەن، نەیانتوانیوە نموونەیەک پەیڕەو بکەن، کە باو نەبووە لە نێو کۆمەڵگەکەیاندا، هاوکات

هۆکارێکی جیدی و فیعلیش نەبوونە بۆ گواستنەوەی ئەو دۆخە ئاڵۆزە بۆ دۆخێکی روونترو کراوەتر، باشترین نموونە، زۆربوونی گەندەڵی، نەبوونی دیالۆگی بەردەوام بۆ نوێکردنەوە، خستنە رووی کێشەی خەڵک و چارەسەرکردنی، دابڕانی سەرکردایەتی لە بنکردایەتی، ئینتیماکردن بۆ حیزبایەتی بە مەبەستی برەودان بە بازرگانی و پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتی و زاتییەکان، هەموو ئەمانە لە ناخی حزبە رۆژهەڵاتییەکاندا چەکەرەی کردووە، بۆیە چەکەرەی کردووە چونکە سەیری واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیان دەکەن، هێشتا پرەنسیبی دەنگدان، ئەوەندە واقیعیانە نییە، هەر لەبەر ئەوەیشە، حزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵات بە گشتی و حزبە سیاسیەکانی کوردستان بە تایبەتی، ئەوەندە سەرقاڵی چوونە ناو جەماوەر نین، تەنها لە یەک دوو مانگی هەڵبژاردنەکاندا، بانگەشە یۆ خۆیان دەکەن و رۆڵی ئەکتیڤ دەبینن، لەکاتێکدا ئەگەر کۆمەڵگەکە کۆمەڵگەیەکی عاتیفی نەبێت، لەماوەی چوار پێنج ساڵی رابردوودا، بەتەواوی لێی دابڕابیت چۆن بە تەنها لە یەک مانگی هەڵبژاردن دەتوانی قەناعەت بە خەڵک بهێنیت و کاریگەری لەسەر دروست بکەیت،. بوونی ئەم عاتیفەیە هۆکارێکی گرنگە کە حزبەکان ئەوەندە سەرقاڵی وەرگرتنی رای خەڵک و خۆ نوێکردنەوە نەبن.

بەڵام ئایا جەماوەری کوردستان هەمان ئەو جەماوەرەیە کە لە ساڵی 1992 دەنگی بۆ پەرلەمانی کوردستان دا؟بێگومان نەخێر .بەڵام ئەو گۆڕانەی بەسەر خەڵکەکەدا هاتووە، هەر ئەوەندەش گۆڕان بەسەرحزبەکاندا هاتووە، لەکاتێکدا پێویست بوو، حزبی کارتۆنی بپێچرێنەوەو بچنەوە ناوقەپێلکی خۆیان، چونکە دەربڕی ئازارو پێداویستی هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتی نین.پێویست بوو حزبەکان زیاتر لە ئێستا شەفاف بوونایە و،

لەگەڵ کادیرو ئەندامانی خۆیان زیاتر زەمینەی دیالۆگیان دروستبکردایە. ئەو حزبانە لەماوەی (24) ساڵی رابردوودا، هەر یەک بەئاستی خۆی و هەر یەک بە جۆرێک تووشی هەڵکشان و داکشان بوونە، بەڵام تا ئێستا ئەوەی بینیومانە هیچ حزبێک جارێک تەنها جارێک خۆی نەکردە پاڵەوانی دۆڕان، بەڵکو هەمیشە خۆیان بە پاڵەوانی سەرکەوتنەکان ناوبردووە . ئینشیقاق لە هەلومەرجێکی ناتەندروست لەدایکدەبێت، تا ئێستا لە حزبەکانی کوردستاندا زۆرترین ئینشیقاق روویداوە، بەڵام هەمیشە ئینشیقاقەکان بە دەستی دەرەکی و هیچ لەبارنەبوو وەسف کراون، لەوەش زیاتر تۆمەتی ناڕەوایان بۆ دروستدەکرێ، بێ ئەوەی دان بە هەڵەکانی خۆیشیان بنێن.

حزبە کوردستانییەکان، خەریکە ئەو جەماوەرییبوونەیان نەماوە کە لە (24) ساڵی رابردوودا هەیانبووە، بۆیە پێویست دەکات، هەموویان بێ جیاوازی بەخۆدا بچنەوە، جیاوازییەکە تەنها لەوەدایە، هەندێک حزب هەن، پێویستی بە دیالۆگی زیاتری کادیرانی حزبەکەی هەیە و کەموکورتییەکانی چارەسەر بکات، کەچی حزبی وایش هەیە رەنگە بە کۆنگرەو کۆنفرانسیش نەتوانێ، چارەسەری تەواوی گرفتەکانی خۆی بکات، چونکە لە ماوەی (24) ساڵی رابردوودا، کەموکورتی و گلەیی و بیرورا جیاوازەکان لەسەریەک کەڵەکەی کردووە. گرفتی کەڵەکەبوویش بە ئاسانی چارەسەرناکرێت.

ئەوەی بەرچاوە حزبی سیاسی کوردی، هەمیشە ویستوویەتی خەڵک بەرنامەو پرۆژەکانی ئەو جێبەجێبکەن، نەک حزبەکان بەرنامەو پرۆژەکانی خەڵک جێبەجێبکەن.ئەمە گرفتێکە، لەناو تەواوی حزبە سیاسیەکانی کوردستاندا دەبینرێ، لەکاتێکدا حزب ئامانج نییە، وەسیلەیە، حزب بۆئەوە دروست دەبێت، داکۆکی لە مافی ئەو چین یا توێژانە بکات کە بە حیساب

نوێنەرایەتیان دەکات، بۆیە دەبێت هەڵگری موعانات وخەمەکانیان بێت، کە تا ئێستا ئەمە بە لاوازی دەبینرێ.

## حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەنێوان نوێبوونەو ئێکسپایەربوونیاندا

دروستبوونی حزبی سیاسی لە جیهاندا لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی خێراو کتوپڕ نەبووە،بەڵکو پێوەندی بەو پرۆسە درێژخایەنەی دیموکراسییەوە هەبووە کە چەندین سەدە بەردەوامبووەو ئینجا چاکسازی ئایینی کە مارتن لۆسەر لە ئەڵمانیا لە ساڵی(1517)و جۆن کلڤن لە فەڕەنسا لەساڵی(1534)دەستیان پێکرد.کە لە ئەنجامدا نەهێشتنی کۆیلایەتی و سەرهەڵدانی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسای لێکەوتەوە.ئەمانە هەمووی لەپێناوی تەواوکردنی دیموکراسی بوون.بەڵام بەچەندین بیروبۆچوونی جودا جوداوە،بۆنموونە لە سەردەمی چارلسی یەکەمی بەریتانیا(1625-1649) ئەنجوومەنی گشتی دووبۆچوونی جیاوازیان هەبوو،بەشێکیان کۆنەپارێزبوون دەیانویست هەر لەگەڵ شانشیندا بن و رۆڵی کەنیسەو و رەوشی کەنیسە وەک خۆی بمێنێتەوە،بەڵام بەشەکەی تر کە رادیکاڵ و نوێخواز بوون،داوایاندەکرد دەسەڵات بۆ ئەو ئەنجوومەنە بێت

که لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە،دەیانوت نابێت حوکمی میر چیدی حوکمێکی خوایی بێت.ئەنجام بەهۆی شەڕێکی سەختەوەلەنێوان لایەنگرانی پەرلەمان (کە باڵە رادیکاڵەکەبوون)لەگەڵ سوپای میر (کە کۆنەپارێزەکان بوون)،چارلسی یەکەم لە سێدارەدراو، ئیتر ئینگلتەڕا بوو بەدەوڵەتێکی کۆماری. ئەمە بووە سەرەتایەک کە حزبی لیبرال و حزبی پارێزگاران لەو وڵاتە لە ساڵانی (1830)بەدواوە دابمەزرێن. لە ئەمریکاش کاتێک دەستوور لە ساڵی (1787)دانرا ئاماژەیەک بۆ دروستکردنی حزب نەکرابوو،چونکە جۆرج واشنتۆن کە بە باوکی دامەزرێنەری ئەمریکا دادەنرێ،لەگەڵ دروستبوونی حزب نەبوو،تا لەساڵی (1800)کە تۆماس جیڤرسۆن بۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرا ئینجا سیستەمی حزبی پێڕەوکرا.دوای ئەم مێژووە لە فەڕەنساو وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا دروستبوونی حزب هاتنە ئاراوە،لە وڵاتانی عەرەبیش یەکەمین سەرهەڵدانی حزب لە،وڵاتی میسر بوو کە بە ناوی حزبی نیشتمانی لە ساڵی 1879 دامەزرا.

هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە دروستبوونی حزب دیاردەیەکی نوێیەو لەگەڵ پێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی و بیروڕای جیاواز هاتۆتە ئاراوە.هەرچەندە (مۆریس دۆڤرچێ)لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (حزبە سیاسیەکان) نووسیویەتی،سەرهەڵدانی حزبی سیاسی تا ساڵی (1850) ئەمریکای لێ دەرچێ بەمانای ئێستا بوونیان نەبووە.دەشکرێ بڵێین دۆڤرچێ یەکەمین لێکۆڵەرو تۆژەری زانستییە کە لەساڵی (1951)لەسەر حزبە سیاسییەکانی نووسیوە،لەکاتێکدا دۆڤرچێ پێناسەیەکی وردی بۆ حزب نەکردبوو لەو کتێبەیدا.

هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن،لەبەرئەوەی سەرهەڵدانی حزب لە بنەڕەتداو بەگشتی بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە،بۆیە لێکۆڵینەوەی زانستی لەم

بوارە ئەوەندە کەڵەکەبوو نین،بەتایبەت کاتێک ئێمە مەبەستمانە قسە لەسەر وڵاتی خۆمان کە کوردستانە بکەین.ئەگەرچی پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند حزب و رێکخراوێک هەبوون وەک حزبی رزگاری و شۆڕش و....بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمانە رێکخراو یا گرووپ بوون،پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەمین حزبی نەتەوەییە کە لەکوردستانی باشوور دامەزراوە لە ساڵی(1946).ناچینە سەر ئەو مێژووە،بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە ئایا ئیمڕۆ حزبەکانی کوردستان نەکەوتوونەتە قەیرانێکی قووڵەوە؟ئایادەتوانن بەم هەموو قەیرانەوە بەردەوام بن؟ بۆچی نایانەوێ خۆیان نوێ بکەنەوە؟بەربەست بۆ نوێکردنەویان چییە؟ئایا هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حزبەکان لەگەڵ ئەوەدان کە حزبەکانیان هەر بەمشێوەیەی ئێستایان بن،یان بەشێکی زۆری ئەو ئەندام و لایەنگرانە لەگەڵ نوێبوونەوەی حزبەکانیانن؟ئەگەر وایە حیکمەت لە نوێنەبوونەوەیان چییە؟ئەی ئەگەر خۆیان نوێنەکەنەوە چۆن دەتوانن درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن؟ئایا خەڵکی کوردستان هوشیاری سیاسی و نەتەوەیی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە باش بڵێن باش و بە خراپ بڵێن خراپ؟دڵنیاین ئەو هوشیارییە دروستبووە،ئەوەتا بە گلەیی و دەنگی ناڕەزایی ئەو خەڵکەوە دیارە،بەڵام ئەی بۆچی کادیرانی حزب ئەم رۆڵی نوێبوونەوەیە ناگەیەنن بە سەرکردایەتی و لەبری ئەوە زۆر جار سەرکردایەتیش لە خشتە دەبەن؟ئەمانەو زۆر پرسیاری دیکە پێویستیان بە وەڵامی راست و دروست هەیە،چونکە قۆناخی هەلومەرجی ناسک، دوژمنمان زۆرە،جارێ قسەمەکەن،..هتد بەسەرچوو،ئێستا کاتی ئەوەیە بە شێنەیی بەڵام بەجیدی بیر لە ئایندە بکەینەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرێنەرەکەی کە باوکی کورد مستەفا بارزانی یە،بە پێچەوانەی ئەو حزبانەی لە ئەمریکا، ئینگلتەرا، فەرەنساو.....هتد دامەزران، پارتی دروستکرد،واتا پارتی لەبارودۆخێکی جیاواز لە هی رۆژئاوا سەریهەڵدا، پارتی لەرووی زوڵم و زۆرداری دامەزرا،بۆداکۆکی لە مافی نەتەوەیی و نیشتمانی،کورد دەنگی لە پەرلەمانی عێراقدا نەبوو،تا گرووپێکی کوردی دروستبن و دواتر ببن بە حزب وەک لە رۆژئاوا وا دروستبوون.بەڵکو پارتی دروستبوو بۆئەوەی قوربانی بدات،بۆئەوەی کۆتایی بە چەوسانەوە بهێنێت،بۆیە بارزانی نەمر کە خەباتی شاخی گرتەبەر،جوانترین دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەو سنوورانەی کەوتبوونە ژێردەسەڵاتی شۆڕشەوە پێڕەوو پیادە دەکرد.نەک تەنها نموونەیەک، بەڵکو سەدان نموونەی زیندوو هەن کە بارزانی نەمر چۆن بواری ئەوەی نەدەدا،مشەخۆر لەناو شۆڕش پەرەبسێنن،بواری ئەوەیشی نەدەدا بەناوی شۆڕشەوە خەڵکێک ئازار بدرێت،هەربۆیە بارزانی نەمر تا لە ژیاندابوو،نەک هەر شۆڕشگێڕێکی راستەقینەی گەل بوو،باشترین دادوەریش بوو.بۆیە دوای وەفاتی،گەل نازناوی (باوکی کورد)ی بەباڵادا بڕی.

ئێستا حزبەسیاسیەکانی کوردستان بەگشتی لە قەیراندان،چەندیان دەتوانن نوێببنەوە،چەندیان میللەت مەدالیای ئێکسپایەربوونیان بەگەردنەوە هەڵدەواسی،چەندیان چەقیون و ئومێدی پێشکەوتنیان لێ بەدی ناکرێ، ئایندە وەڵامی هەموو ئەوانە دەداتەوە،بەڵام ئەوکات کار لەکار دەترازێ و ئیتر حزبەکانی ئێکسپایەربوو هیچ دادی مانەوەیان نادات.

لێرەوە قسەیەک لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین،کە لە نێو هەموو ئەو حزبانەی لە کوردستان کاری مەیدانی و چالاکی خۆیان دەکەن،بە ئەزموونترین حزبی سیاسییەو هەروەها تا نووسینی ئەو

سەروتارەش بەهێزترین پێگەی سیاسی لە کوردستان هەیەو،بەجەماوەریترینیشیانە،بەڵام هەموو ئەمانە مانای ئەوە نییە ئەو رێژەیەی جەماوەرییبوونە ئیتر نەگۆڕەو هەر وا دەبێت،هەروەک بینیمان رێژەی هەندێک لە حزبەکانی تر بەردەوام لەگۆڕانی زەق بووە،بۆ نموونە بزووتنەوەی ئیسلامی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان،یەکگرتووی ئیسلامی،حزبی شیوعی کوردستان، هەموو ئەمانە ئێستا خۆزگە بە رابردوویان دەخوازن، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان هێشتا خاوەنی ئەو هێزەیە کە لەناو خەڵکی کوردستان شانازی بەخۆیەوە بکات،بەڵام بەردەوامبوونی پارتی لەسەر هەندێ هەڵەی ناوەخۆی کە پێوەندی بە زۆرکردنی گەندەڵکارو مشەخۆرانەوە هەیە لە ریزەکەی،گلۆپێکی سووری خەڵکی کوردستانە لەبەرامبەریدا دایانگیرساندووە،بۆیە ناکرێت کەسانێکی زۆر لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵێک ئیمتیازاتی ناشەرعییەوە،خۆیان وادابنێن کە پارتی عەیار بیست و چوارن،ناکرێت خەڵکی بێ تواناو هیچ لەبارنەبوو رۆڵی گرنگ لەناو حزبەکە وەربگرن و خەڵکی بەتواناش دووربخرێنەوە،بەردەوامبوونی خەڵکی بێ تواناو گەندەڵ لە بەرپرسیارێتی پارتی وەکو خواردنەوەی ئەو ژەهرە وایە کە رۆژ لە دوای رۆژ سیس و لاوازتری بکات.

پارتی پێویستی بە ریفۆرم هەیە؟پێموایە نەک پارتی کە ئەمرۆ زۆر زۆر پێویستی بە ریفۆرم هەیە،بەڵکو هەموو حزبێک بەردەوام پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە،بێگومان نوێبوونەوە، بەرژەوەندی شەخسی ئەم بەرپرس یا ئەو بەرپرس بچووکدەکاتەوە،بەڵام رای گشتی وەدەستدەهێنێت، رێکخراوی فەتح لە فەڵەستین و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق دوو نموونەن کە میللەت لە هەڵبژاردندا نەک تەنها گلەیی بەڵکو پەیامی

تووڕەییەکانی خۆیانیان پێگەیاند،پێویستە پارتی سوود لەو ئەزموونانە وەربگرێت و ئیتر دیاردەی واسیتەو واسیتەکاری و پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان بەرپرسان نەهێڵێت،ئاخرخەڵکی بە توانا چ پێویستییەکی بە شەفاعەتی بەرپرسێکی گەندەڵ هەبێت؟تا بوارێکی بۆ برەخسێنێت بۆ کارکردنی لەو حزبە.

ژیان لەگۆڕاندایە،بۆیە پێویستە هەموو حزبەکانیش بەپێی ئەو گۆڕانە گۆڕان لە خۆیان بکەن،بە تایبەت پارتی کە هەموو جومگە گرنگەکانی حوکمڕانی،سیاسی،جەماوەری بەدەستەوەیە،بەتایبەت کەسایەتی سیاسی و نەتەوەیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان باشترین هۆکارن بۆ نوێکردنەوەی پارتی،ناشکرێت حزبێک کە بارزانی نەمر هێڵە گشتییەکانی سیاسەتەکەی رەنگرێژ کردو خەباتی سەختی بۆ ئەنجامدا،تەنانەت وەک جەمال عەبدولناسر کە چۆن بەهۆی شکستەکەی ساڵی 1967 بە نائومێدی سەری نایەوە، بارزانی نەمریش لەخەمی شکستی 1975 و بەم هەموو پیلانەی دوای شکستی 1975 یش بەردەوام بوون لەسەری، ناچارکرا لە ئاوارەیی ماڵئاوایی لە میللەتەکەی بکات، ئەمجۆرە ماڵئاواییە کردی بە باوکی رووحی نەتەوەیەک، بۆیە ناکرێت حزبێک بارزانی نەمر بەم هەموو قوربانیدانەی پەروەردەی کردو گەورەی کرد،ئێستا بەهۆی مشەخۆرانەوە لەبەرچاوی هەر ئەو خەڵکە ناشیرین بکرێت.کەس ئەمە قەبووڵ ناکات ماستاوچی و مشەخۆرەکان نەبن

## چارەسەرکردنی گەندەڵی لە چارەسەرکردنی توندوتیژی قورسترە

یەکێک لەو دەردە کوشندانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر بۆتە پەتایەکی جیهانی، گەندەڵییە. کە عێراق پشکی شێری بەرکەوتووەو کوردستانیش لێی بێبەش نەبووە. راستە بارودۆخی هەروڵاتێک لەوی تر جیاوازە، ئیتر دۆخی گەندەڵیش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاواز دەبێت، لە وڵاتی جێگیرو سەقامگیر باشتر دەتوانرێ رووبەرووی گەندەڵی ببیتەوە، بەڵام هەمیشە لە وڵاتانی ناجێگیر و ئینتیقالی تەژی دەبێت لە گەندەڵکار، کە ئێستا چ عێراق و چ کوردستانیش بەم قۆناخی ئینتیقالیەدا رەتدەبن،

کارەساتی گەورەی گەندەڵیش ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی لەناو خەڵک سەرهەڵبداو گەشەبکات، بە پێچەوانەوە لەناو دەسەڵاتی سیاسی و گەورە بەرپرسان زەق ببێتەوە، کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نموونەیەکی زەقی ئەم دیاردەیە، بێگومان ئەمەشیان هەم چارەسەرکردنی قورسترە، هەم خەڵکی گەداو ڕەشورووت بەرامبەر بە دەسەڵات زیاتر توڕە دەکات، کە ڕێک ئێستا نموونەی عێراق و کوردستان بەم جۆرەیە .

بۆیە بەرلەوەی بیر لە سزادانی ئەوکەسانە بکرێتەوە کە گەندەڵن، پێویستە ڕێو شوێنی وەها بگیردرێتەبەر کە زۆر بە زەحمەت بتوانرێ گەندەڵی بکرێت، ئەمەیان گرنگە نەک دوای ئەوەی خەڵک هاواری لێهەڵسا، ئینجا هەوڵبدرێت (ئەویش ئەگەر بکرێت!) کاری گەندەڵی کەمبکرێتەوە، چونکە لەکاتێکی وەهادا چ چارەسەرکردن یا نەکردنی دەبێتە خواردنەوەی پێکی ژەهر. بەتایبەت کە کوردستان وەکو عێراق نییەو تەواو سەقامگیرەو دەتوانرێ ریفۆرمی ئابووری، بەرنامەوپلانی ساڵانەی بۆ دابڕێژرێت و سەرکەوتووش بێت، لەگەڵیشیدا دەزگای چاودێری دارایی ئەکتیڤ بکرێت و دەسەڵاتی هەبێت، نەک وەکو ئەوەی کە ئێستا هەیە، بەبەرچاوی چاودێری داراییەوە گای لە کونێ ئاوادەکەن و چاودێری داراییش جارێک هەر تەنها جارێک هاواری لێهەڵنەستا!!. بەمەش خەریکە چینی ناوەڕاست زۆر لاوازدەبێت و لە هەر وڵاتێکیشدا چینی ناوەڕاست برەو و گەشەی پێنەدرا، ئەوا ئەو وڵاتە دەچێتە ریز وڵاتە پەرپووت و هەژارو نەخۆشەکان، چونکە چینی ناوەڕاست داینەمۆی هەر وڵاتێکن بۆ بەڕێوەبردن و پێشکەوتنی، کە ئەو چینە نەما، مانای وایە وڵاتیش پەکی کەوت .

چارەسەرکردنی گەندەڵی تەنها بە سزادان چارەسەرناکرێت، ئەگەر وابێت دەبێ پەتی سێدارە لە هەموو دونیادا بە کوردستانیشەوە

هەڵبواسرێت، چونکە ئەوانەی سامانی نیشتمان دەدزن، جیاوازییەکی وەها جودای نییە، لەگەڵ ئەوانەی بازاڕێک یا دایرەیەک دەتەقێننەوە، بۆیە لەهەموو حاڵەتێکدا، وەک کورد دەڵێت، بەر لەوەی خەڵک بەدز دەربهێنی، دەرگای ماڵی خۆت باش قفل بدە، حکومەتیش پێویستە بەر لە هەموو شتێک بەرنامەیەکی بەرفراوان بخاتە واری جێبەجێکردنەوە، کە چاودێری دارایی کارا بێت و بتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەگەر نەیکرد کەواتە ئەویش پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە!! بێگومان دەردی بەرپرسانی بێتوانا لە دەردی کارمەندێکی ئاسایی زۆر زۆر دژوارترو مەترسیدارترە، پێشوەختە دەبێ ئەو بەرپرسە بێ توانایانە چارەسەر بکرێن،خزم خزمانێ کۆتایی پێبێت، تەندەرو گرێبەستە بازرگانییەکان چیدی لەلایەن کەسانی بەرچاو قۆرخ نەکرێن، شەفافییەت لە بودجەی حکومەت و دەرچووی دارایی حکومی هەبێت، سەرمایەی بەرپرسانی حکومی وحزبی ئاشکرا بکرێن،.......هتد .

بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا دەبینرێت و پێڕەوی لێکراوە هەر چینی خوارەوە زەرەرمەند بوونە، لەکاتێکدا تا ئێستا گەورە بەرپرسان بەرژەوەندییەکانی خۆیان باشتر لە پێشوو دەپارێزن . بەمەش بۆشاییەکی فرە لە نێوان خەڵک و حکومەت دا دروست دەبێت، کە ئەم بۆشاییە ئێستا هەیە، بەڵام دەکرێ بە وردی دیراسەیەکی زانستی بۆ بکرێت، تا وردە وردە ئەم بۆشاییە بچووک و بچووکتر بکرێتەوە، بەمەش ئینتیمای هاووڵاتیبوونی بەهێزتردەبێت .

## پاراستنی ئێزدییەکان لە ئەستۆی کێیە؟!

ئێزدییەکان لە عێراقدا بەپێی هەندێک سەرچاوە زیاتر لە (600000)کەس دەبن و دەیان هەزاریشیان لە سوریاو چەند هەزارێکیشیان لە تورکیاو هەندێکیشیان لە ئێران و لوبنان دەژین، سەرباری ئەوەی لە ئەرمینیاو روسیاوجۆرجیا نزیکەی ( 300000 ) کەسێک دەبن،بەپێی سەرژمێری دەزگای کۆچ (دائره الهجره)لە ساڵی 2000 لە ئەڵمانیا ژمارەی ئێزدییەکان زیاتر لە (750000)کەس دەبێت، سەرباری پەرتەوازە بوونیان بەسەر کەنەداو ئەمریکاو ئوسترالیاو سوید و بەریتانیاو...هتد

بەدرێژایی مێژوو تا ئێستا زیاتر لە (74)جار رووبەرووی هەڕەشەی لەناوچوون بوونەتەوە، کە دەتوانرێ سەختترینیان بە هی سەردەمی عوسمانییەکان دابنێین کە لە عێراق حوکمڕانییان دەکرد، بەتایبەت سلێمان پاشا کە لە چیای سنجار فەرمانی لێدانی بۆ گەورەکانیان دەرکرد و تەنانەت زۆریشی لێ ئیعدام کردن . بەدرێژایی مێژووش ئێزدییەکان تۆمەتی

قەبەو زەبەللاحی بێ بنەمایان دراوەتە پاڵ، کە بەهۆی ئەو تۆمەتانەوە هەمیشە تووشی ژیانێکی ئەستەم هاتوون.

ئێزدییەکان لە داب و نەریت و کولتووریاندا تا ئێستاش زۆر پەیڕەوی بابلییەکان دەکەن و وەک جەژنی سەری ساڵ و پیرۆزی دەریاوکانی و پشووی چوارشەموانیان و ...هتد بەڵام هەمیشە خۆیان بە کوردی رەسەن زانیوەو رۆژێک لە رۆژانیش هەڵپەی دەسەڵات گرتنەدەستیان نەکردووە و بە پێچەوانەوە ویستوویانە ئارام بژین و کەوتوونەتە پەراوێزیشەوە، ئەمەش رەنگە پەراوێز بوونەکەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە خەریکی کاری کشتوکاڵ و زەوی و زار بوونەو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زۆر پێشکەوتوو نەبوونە، بە تەئکید لەمەشیان دەسەڵات و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لێی بەرپرسن.

ئێزدییەکان خودان ئاینێکن تارادەیەک داخراوەو نە حەزدەکەن خەڵکی خۆیان پۆل پۆل لە ئاینی خۆیان لابدەن و بچنە سەر ئایینێکی تر، نە حەزیش دەکەن خەڵکی تر پۆل پۆل بێتە سەر ئایینەکەیان، بە درێژایی حکومەتەکانی عێراقیش ئێزدییەکان پۆستی گەورەیان وەرنەگرتووە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو حکومەتەکان لە ئاست چەوساندنەوەی ئێزدییەکان بێدەنگیان هەڵبژاردووە، ئەمە ئەگەر جاران ژیانیان وا بردۆتە سەرو ژیانی پەراوێزییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، ناکرێت ئیمڕۆ ئەوانە زیتر رووبەڕووی مەرگ ببنەوە، بەتایبەت ناوچەکەی ئەوان لە بنەڕەتدا کوردستانەو ئەوە داگیرکەرانن لەیەکتریان دابڕیون و ئیمڕۆ ئەگەر دەسەڵاتی حکومەتی بەغداش فریای ئەو شوێنانە ناکەوێت، ناکرێت حکومەتی کوردستانیش وەک تەماشاکار بمێنێت، چونکە ئێزدییەکانیش بەشێکن لە ئێمە، لەوەتەی بەناو (دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی لە موسڵ)یش راگەیەنراوە، ئێزدییەکان

زیاتر له جاران کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی تیرۆریستانەوە، کە بێگومان ئەم کارە دەستی وڵاتانی هەرێمیشی تێدایە، کە بەم کارانە کورد زۆرترین زیانی لەو ناوچانە پێدەگات کە خاڵی تەماسی نێوان کورد و نەتەوەکانی ترن، کە ئەمە بۆ کورد (مانەوەی ئێزدییەکان لە شوێنەکانی خۆیان )زۆر گرنگە، بۆیە دەبێت ئیتر حکومەتی کوردستان خۆی بەرنامەی هەبێت کە چۆن بتوانێت لەم رەشەباو گەردەلوولە بیانپارێزێت.کاتێک لە خەمی چاپکردنی ئەم کتێبەم بووم، واتا دوای (6)شەش ساڵ بەسەر نووسینی ئەم وتارەم جارێکی دیکە رووداوی مەرگەساتئامێزی شەنگاڵ روویدایەوەو ئێزیدییەکان جارێکی دیکە کەوتنە بەر شاڵاوی مردن و ئەتک کردن.

**سەرووەریی، لە دەوڵەتی فاشیل و گەندەڵ و پڕ تیرۆردا نایەتەدی**

بە پێی ئەو راپۆرتانەی کە لە لایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییە جیا جیاکانەوە دەربارەی رەوشی عێراق دەردەچن، دەردەکەوێت گرفتی عێراق هەر ئەوەندە نییە لە بارێکی دژواری پڕ لە توندو تیژی نقوم بووە، بەڵکو چەندین گرفتی دیکەی زۆر دژواریش هەن کە وڵاتی عێراقی تەواو ژەهرخوارد کردووە، وەک ئەوەی چەند مانگێک بەر لە ئێستا لە لایەن سندووقی ئاشتی جیهانییەوە، عێراق بە دووەم دەوڵەتی فاشیل (لە دوای سودان)ناوی هات، ئێستاش لە لایەن رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتییەوە، دەرکەوت کە عێراق هەر بەتەنها دووەم دەوڵەتی فاشیل نییە، بەڵکو سێیەمین دەوڵەتیشە لە گەندەڵی، کە لە دوای سودان و مانیمار دێت. لە لایەکی دیکەیشەوە لە (26) ی ئەیلولی رابردوو سیناتی ئەمریکا پڕۆژە بڕیارێکیان پەسند کرد کە بە پێی پڕۆژەکە باشتر وایە عێراق بکرێت بە سێ هەرێمی فیدراڵی، وەک پڕۆژەکەش دەڵێت ئەم

هەرێمانە خۆیان بەرپرسیارێتی هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی رۆژانەی خۆیان دەگرنە ئەستۆی خۆیان، لە بارەی داهاتی نەوتیشەوە، پرۆژەکە وای پێ باشە 20% سەدا بیستی داهاتەکانی نەوتی ئێستاو داهاتوو بۆ سونەکان مسۆگەر بکرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی بۆ عێراقیش جەخت لەسەر (دابینکردنی پتری یارمەتییەکانی بواری ئاوەدانکردنەوە، بە مەرجی پاراستنی مافی کەمینەکان و مافەکانی ژن و رەخساندنی هەلی کار بۆ لاوان و...هتددەکاتەوە، چونکە حکومەتی ئێستای عێراق نە توانای دابینکردنی ئاسایش و نەتوانای دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی هاوڵاتیانی هەیە، نە متمانەیشی لە ناو خەڵکی عێراقییان هەیە) . تا ئێرە بۆچوونەکان زۆر واقیعین و تا رادەیەکی باش دەکرێت رێگە لەو توندوتیژییانش بگیرێت کە رۆژ لە دوای رۆژ عێراقی خواردووە، بەڵام گرفت ئەوەیە تا ئێستاش کەسانێک بائەو کەسانە دەسەڵاتداریش بن لە عێراقدا، پێیان وابێ سەروەری عێراق لە یەکپارچەیی-بێگومان دوور لە خواستی گەلانی عێراق — دایە، ئەگینا حکومەتێک متمانەی لای خەڵکەکەی نەمابێت، گەندەڵی وەک مۆرانە ئەم عێراقەی بنکۆڵ کردبێت، دووەم دەوڵەتی فاشیلیش بێت لە جیهاندا، چی بۆ سەروەرییبوونەکەی دەمێنێتەوە،بۆیە ئەم پرۆژەیەی سیناتەکان (بە هەوڵی لەبن نەهاتووی جوزیف بایدن هاتۆتەدی)هەر وا بە سانایی نابێت رەت ببێت، بەڵکو ئەمە جگە لەوەی زەنگێکە، کە من دڵنیام رێگاچارەی عێراقییەکان هەر ئەوەیە کە لە پرۆژەکەدا دەنگی بۆ دراوە، بەڵام ئەمە ئەرکی کورد و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و هەروەها سوننەکانیشە، کە کاری جیدی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بکەن، چونکە جگە لەوەی رێگە لە بەردەوامبوونی توندوتیژی دەگیرێت، هاوکات زەمینەی دژایەتیکردنی گەندەڵیش باشتر دەرەخسێ و

ئەو رووە ناشیرینەی ئێستا لە پەنای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دروست بووەو دەیان کاری قێزەونی تێدا دەکرێ، ئەو کات ئەو بوارە نامێنێ، بۆیە بەگەڕ خستنی هەوڵە دیپلۆماسییەکان لەجاران زیاتر پێویستە، بەتایبەت لەگەڵ دیموکراتەکان کە ساڵێکی تر ئەوان فەرمانڕەوایی ئەمریکا دەگرنە دەست، لە ماوەی ئەم ساڵەشدا بڕواناکەم بوش جورئەت بکات بڕیارێکی لەم شێوەیە دەربکات، بەتایبەتی هەرزوو کۆشکی سپی دژایەتی خۆی بۆ ئەم پڕۆژەیە ئاشکرا کرد، بۆیە تا ساڵێکی تریش کۆمارییەکان عێراقێکی لە ئێستا فاشیل ترو گەندەڵ ترو تیرۆر پتر تەسلیم بە دیموکراتەکان دەکەن، بۆیە ئەم کارەی دیموکراتەکان دەیکەن زۆر باشە بۆ ئەوەی لەگەڵ گەیشتنیان بە دەسەلات، پڕۆژەیەکی چڕو پڕو مەتەکامیلیان لەبەردەستدابێت، بۆیە عێراق بەکوردو شیعەو سوننەشەوە — بەتایبەت ئەوانەی لە عێراقدا بە توندی دژی گەندەڵی و فاشیلبوون و تیرۆرن، ئەرکی سەرشانیانە هەوڵی سەپاندنی پڕۆژە بڕیارێکی لەم جۆرە بدەن، کە نیشتمان ئاوەدان و خەڵکیش ئاسوودە دەکات.چونکە بەکردەنی و لە واقیعدا ئەمڕۆ عێراق هیچ سەروەرییەکی نەماوە تا خەمی لێ بخورێ.

**دیکتاتۆریی ئەو کاتە دروست دەبێت کە ناعەدالەتی لە دابەشکردنی سامان بێتە ئاراوە**

لەو رۆژەوەی کۆنگرەکانی لەندەن و پیرمام لەسەروبەندی رووخانی سەدام دەبەستران، گرفتی کورد لەنێو کۆنگرەکان زەق دەبوونەوە، ئەمە لەکاتێکدا کۆنگرەی پیرمام لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بەستراو هێشتاش سەدام هەر لە بەغدا لە حوکمدا بوو، ئەو عەرەبانەی بەشداریشیان لە کۆنگرەکە کرد، جارێ هیچ پشکیان لە فەرمانڕەواییکردنی عێراق بەرنەکەوتبوو، لێرەش حکومەتی هەرێم دەیپاراستن، کەچی راشکاوانە دانیان بە مافەکانمان دانەدەنا، لەکاتی پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکمیش سەرکردایەتی کورد لەگەڵیان زۆرماندبوو، بەڵام ئەوان نەیاندەویست قەناعەت بە خۆیان بهێنن، بۆیە چ لەکاتی حوکمڕانی عەللاوی و چ لەکاتی حوکمڕانی جەعفەری، کورد هیچی بە هیچ نەکردو نەیتوانی

هەنگاوێک بە رەزامەندی حکومەتی هەریەک لە مالیکی و جەعفەری بچێتە پێشەوە،کورد تەنها هاوکارێکی یەکلایەنە بوو بۆ حکومەتی بەغدا، بێئەوەی بەغدا لەبەرامبەر ئەو هاوکارییەی کورد دا یەک هەنگاوی چکۆڵەش بهاوێن،بۆیە کورد ناچار بوو دەست لە پشتیوانکردنی جەعفەری بەربدات و لە حوکم دووری بخاتەوەو مالیکی شوێنی بگرێتەوە، مالیکی کەسایەتییەکی ئەوەندە دیار نەبوو، پێگەیشی چ لە ناو شیعە (بە بەیتی شیعیشەوە) چ لە سیاسەتی دەرەوەش وەکو جەعفەری بەهێز نەبوو، بەڵام کورد پشتی گرت و هەوڵیدا لەم پۆستەی سەربکەوێت، مالیکیش سەرەتا بۆ ئەوەی پێگەی خۆی پتەو بکات، هەندێک هەنگاوی زۆر سەرەتایی نا کە گوایا ئەمە نیازپاکی ئەو نیشاندەدەن، بەڵام کە جێگەی خۆی گرت، ئەویش چەقی، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر کورد نەبوایە، دەمێک بوو مالیکی رووخابوو، مالیکیش باش دەزانێ ئەوکاتەی (منع التجول) بوو لە بەغداو ناوچەی سەوزیش کەوتبووە بەر هاوەنی تیرۆریستانەوە سەرۆک بارزانی فریای حوکمڕانی بەغدا کەوت و تەنانەت کەشوهەوای سروشتیش هێندە ئاڵۆز بوو فرۆکە بە ئاسانی نەدەگەیشتە بەغدا، بەڵام بارزانی هەر چوو، زۆر نموونەی دیکە هەن کە ئاماژە بە دڵسۆزی سەرکردایەتی کورد دەکەن بۆ هێنانەدی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی، یەکگرتوو، لێ دەسەڵاتدارانی بەغدا بەتایبەت مالیکی ماوەیەکە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە کوردو تەنانەت لە بەرامبەر بە سەروەریی نیشتمانیش"ئەوکاتەی تورکیا هەڕەشەی هاتنی بۆ سەر هەرێم دەکرد" هەڵوێستەکانی زۆر لاوازو نەشیاو بوون، هەڵوێستێکی جیدیمان لە مالیکی نەبینی چ بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیا، چ بەرامبەر جێبەجێکردنی مادەی 140 چ لە بەرامبەر وەڵامدانەوەو دەمکوتکردنی شەهرستانی، وەک ئەوەی مالیکی جۆرە رێککەوتنێکی ژێراوژێری لەگەڵ

شەهرستانی هەبێت، ئەوەی لە بیرچووە چەندین جار هەڵوێستی کورد نەبوایە، مالیکی دەمێک بوو ئەو شوێنەی لە دەستدابوو، مالیکی لەسەر کوڵخانەیەک دانیشتووە، کە هەمووی پەنگرو پشکۆن، بەیەک سرووە با هەمووی دەگەشێتەوەو ئەویش لەگەڵیدا دەسووتێ. بۆیە مالیکی و ئەمسالەکانی ئەو دەبێت ئەو راستییە بزانن دروستکردنەوەی عێراقی نوێ بەئەقڵییەتی مەزەبی و بە دوورخستنەوەو بێبێەشکردنی ئەم لایەن و ئەو لایەن نایەتەدی، کورد تا ئێستا شەریکێکی کاریگەرە لە عێراقی پاش دیکتاتۆرییەت،نا عەدالەتی لە دابەشکردنی داهاتی نیشتمانی و سەیرکردنی کورد وەک ئەوەی کە نەتەوەیەکی سەرەکی نییە لە عێراق هەموو ئەو قەوانانەی پێشوومان بیر دەهێننەوە کە سەرۆکەکەو دارو دەستەکەیشی سەری خۆیان تیا چواند.

عێراقی یەکگرتوو بە کوردەوە بەستراوە، دەبێت دەسەڵاتدارانی عەرەبیش لە ناوچەکە ئەو راستیە تێبگەن کە کورد نەبوایە عێراقی نوێ بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبوو، بۆیە داواکارییەکانی کورد، داواکارییەکە، گفتوگۆ هەڵناگرێت و لە دەرەوەی دەستوریش نییە، بە ئارەزووی خۆشمان گەڕاینەوە بۆ عێراق تەنها بۆ ئەوەی عێراقێکی نموونەیی بێتە دی. بەڵام ئەم عەقڵیەتەی لەبەغدا هەیە، ئاراستە جوانەکان بەتەواوی دەگۆڕێ.

## بونیادنانی دیموکراسی لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی زەحمەتترە

وێڕای ئەم هەموو قوربانییەی دراوە هێشتا قۆناخی رزگاری نیشتمانی کوردستان، بە کۆتا نەهاتووە، بۆیە لەپاڵ تەواوکردنی ئەم قۆناخی رزگاری نیشتمانییە، زۆر ئەرکی تری نیشتمانی دیکەمان کەوتۆتە سەر شان، کە لە هەموویان سەختتر و گرنگتر بونیادنان و هێنانە ئارای دیموکراسی و زەمینە رەخساندنی گفتوگۆی کراوەو باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکە، هێنانەدی ئەم ئەرکانەش هەر ئاوا بە سووک و سانایی ناهێنرێنەدی، ئەزموونی گەلانی رزگاربوو لەدەست داگیرکەران پێمان دەڵێت بونیادنانی دیموکراسی لەهەر وڵاتێکدا زۆر سەختترە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی، جا چ جای ئەوەی لە وڵاتێکی وەکو کوردستاندا، کە لەنێو وڵاتێکدا گیرمان خواردووە، نەک هەر تەنها مێژووەکەی بگرە ئێستایشی لەگەڵدا بێت خوێنی

لێ دەچۆڕێ، بۆیە بونیادنانی دیموکراسی لەنێو ئەو هەموو حیزب و گرووپە سیاسیانەدا، سەفەرکردنە بەناو مەرگ و خوێندا.
لەکوردستان تائێستا سەرەڕای حزب و گرووپی جودا جودا، هەنگاوی باش بۆ بونیادنانی دیموکراسی نراوە، ئەگەرچی هێشتا حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان (جگە لەپارتی و یەکێتی) بە ئەوانەی بەشدارن لەحکومەت و پەرلەمان و ئەوانەیش کە بەشدارنین لەحکومەت و پەرلەمان، سەیر دەکەی خودان یەک ریتمن، خودان یەک گوتاری سیاسی و یەک بۆچوونن بەرامبەر بەحکومەت، ئەم یەک هەڵوێستییەی حیزبەکان نەک تەنها لەحیزبە نەتەوەییەکاندایە، بگرە حیزبە ئیسلامییەکانیش لەگەڵیاندا یەکیانگرتۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا، حیزبە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان، ئەو حیزبە سیاسییە ئیسلامییە نین کە تێگەیشتنێکی عەلمانییان هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە ئاشکرا دژی هەموو تێگەیشتن و بۆچوونێکی عەلمانین، تەنانەت لەکاتی تەنگاوبوونیاندا نەبێت هەر دان بەدیموکراسیش نانێن، گرفتی بنەڕەتی لەوەدایە ئەو حیزبە ئیسلامی سیاسییانە لەگەڵ حیزبە نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستان هاوهەڵوێستن لە بەرامبەر رەخنەگرتن لە حکومەتی هەرێم! لەکاتێکدا دووبەرنامەی جیاوازو دوو ئەجێندای پێکناکۆکیان هەیە. ئا لێرەوەیە بونیادنانی دیموکراسی زۆر سەخت دەبێت، رەخنەی زۆردەگرن، رەخنەگرتنیش هیچ باجێکی لەسەر نییە، بەڵام بڕوایان بە دیموکراسی نییە، رەخنە دەگرن، رەخنەگرتنیش هیچ هونەرێکی تێدا نییەو زۆر ئاسانە، چونکە لە بەرامبەر رەخنەکانیان هیچ بەرنامەیەکی کردەیی و هیچ پرۆژەیەکی رێگەچارەی پێ نییە کە ئاسانکاری بێت بۆ حکومەت، بەڵکو دەیانەوێ ئەرکی سەر حکومەت بە جۆرێک گران بکەن کە زیاتر رووبەڕووی قەیرانەکان بێتەوە.

ئەو حیزبە سیاسیانەی کاتێک لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومی و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مەدەنی یەکدەگرنەوە لە ڕەخنە گرتن لە حکومەت، خۆیان لە بیردەکەن کە حیزبێکی سیاسین و خەباتی سیاسی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات دەکەن، لە کاتێکدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکی تریان لەسەر شانە بێ ئەوەی بە تەمای گرتنەدەستی دەسەڵات بکەن.

مێژووی گەلانی دونیا ئەوەی یەکلاکردۆتەوە کە بونیادنانی دیموکراسی بە دروشمی شۆڕشگێرانە نایێتە دی، (ئەگەر وابوایە دەبوو کاسترۆیەکێک لە دیموکراسیترین سەرکردە بوایە)، زۆر کەسایەتی شۆڕشگێری دیکەیش لە دونیادا دروست بوون و توانیان میللەتێک رزگار بکەن و ڕژێمێک بڕووخێنن یا قاوی بدەن، بەڵام دواتر نەیانتوانی ڕێز لەو خەباتەی خۆیان بنێن و دیموکراسی پیادەبکەن، بۆیە زۆر جار ئەو قسەیە ڕاست دەردەچێ کە بونیادنانی دیموکراسی لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی سەخت ترە.

ئەوەی سەرنج دەدرێ ئەزموونی کوردستان زۆر ئاڵۆزە و بە قۆناخێکی زۆر هەستیاریشدا ڕەت دەبێت، چونکە ململانێکان و ڕەخنەگرتنەکان بۆ ڕاستکردنەوەو باشترکردنی جۆری حوکم نییە، بەقەد ئەوەی هەر حیزبەو دەیەوێ لە پەنای حیزبی دەسەڵاتدارەوە دەستکەوتی زیاتر بۆخۆی مسۆگەر بکات، کە پێی مسۆگەرنەکرا ئینجا ڕەخنەی جۆراوجۆری بێ بەرنامەو بێ پڕۆژە بە توندی دەگرێت بۆ ئەوەی پێگەیەکی جەماوەری بۆ خۆی دروست بکات، کە ئەمەش یارییەکی سەرشێتانەیە و جەماوەر بەم جۆرە مسۆگەرناکرێت.

لەوەش خراپتر ئەوەیە، ئەو حزبانەی ڕەخنە لە دەسەڵات و حکومەت دەگرن، حزبێکی ناوچەیی یا حزبێکی ئایینی یا ئیتنیکی بن، کە ئەمانە قەت ناتوانن ئاڵاهەڵگری دیموکراسی بن.

## ئەركی رۆشنبیر لەنێوان كۆمەڵگەو حكومەت دا

دیارە كە باسی رۆشنبیر دەكەین،مەبەستمان شاعیر یا چیرۆكنووس یا رەخنەگری ئەدەبی یا شێوەكارێك،..یا...یا....نییە بە تەنها، بەڵكو مەبەستمان لەو كەسانەیە كە بەشێكن لە بژاردە (نخبە)ی كۆمەڵایەتی، واتا لە پاڵ پیشەكەی خۆیدا كار لەسەر چارەنووسی گشتی خەڵك دەكات، بە واتایەكی روونتر نوێنەرایەتی خەڵك دەكەن و دەنگ و رەنگی ئەوان دەگەیەنن بە حكومەت،بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە ئەو رۆشنبیرانە لە ناو كام كۆمەڵگاوە سەریان هەڵداوە؟ ئایا كۆمەڵگاكە تەقلیدی و سەرەتاییە ؟ یا پیشەسازی و مەدەنییە؟ چونكە لە كۆمەڵگەی تەقلیدیدا رۆشنبیری تەقلیدی لەدایكدەبێت و ناتوانێت ببێتە نوێنەری خەڵك و دەنگی ئەوان بگەیەنێتە حكومەت، بەڵام لە كۆمەڵگەی مەدەنیدا رۆشنبیران دەتوانن ببنە

نوێنەری خەڵک و بۆشایی نێوان خەڵک و حکومەت لەیەک نزیک بکەنەوە .لێرە ئەو پرسیارە دێتە پێش ئێمە لە کام کۆمەڵگادایین، سەرەتایی یا مەدەنی؟، بێگومان کۆمەڵگەی کوردی هێشتا کۆمەڵگەیەکی هێندە مەدەنی نییە، بەڵکو بە قۆناخی گواستنەوەدا رەتدەبێ، واتە بەرەو بە مەدەنی چوون هەنگاودەنێ، بۆیە رۆشنبیرانی کورد دەتوانن رۆڵێکی گرنگ و زیندووتر لە هی ئێستایان بگێڕن لە پێکهێنان و بونیادنانی عەقڵیەتێکی نوێ بە جۆرێک کە کاریگەری بەسەر کۆمەڵگاو هەروەها بەسەر حکومەتیشەوەو بۆ باشترکردنی حوکم ببینێ، هەر ئەوەیشە وای لە (گرامشی) کرد کە تەنها ئەوانە بە رۆشنبیری ئۆرگانی دابنێ کە تێڕوانینیان بۆ جیهان هەیەو خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەتن، بە واتایەکی روونتر خۆیان لە خەمی خەڵک هاوێر نەکردووە .

بەداخەوە تا ئەمڕۆ نەرۆشنبیرانی کورد توانیویانە ببنە نوێنەری چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ، نە حکومەتیش توانیویەتی بە پێی پێویست سوود لەبیرو بۆچوون و بەرهەمی فیکرییان وەربگرێت، ئا لێرەدایە وەک (گرامشی) و (بۆتۆمۆر)بەتایبەتی (بۆتۆمۆر) تەئکیدی لێ دەکاتەوە کە رۆشنبیر گرنگترین توێژە لە بینای کۆمەڵایەتیدا و ئینتیمای رۆشنبیران بۆ هەموو چینەکانی ناو کۆمەڵگایە، واتا رۆشنبیر نوێنەری هەموو چینەکانی ناو کۆمەڵە .

لێرە پێویست دەکات لەسەر ئەو خاڵە هەڵوەستەیەک بکەین، دەبێت ئەو میکانیزمە چی بێت کە وا بکات رۆشنبیر پەیام و پڕۆژەی خۆی لەگەڵ حکومەت تاوتوێ بکات و حکومەتیش هەموو هەلێکی بۆ بڕەخسێنێ تا رۆشنبیر بتوانێ نوێنەرایەتییەکی راستەقینەی خەڵک بێت، دیارە ئەرکی حکومەت رێکخستنی کۆمەڵگایە، رۆشنبیریش بەشداری لە دروستکردنی

بارودۆخێکی نوێ دەکات، ئەو بارودۆخە نوێیە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگایە بۆ ئاستێکی باشتر لە جاران، چونکە حوکمڕانیکردنی باش بە هۆی توانای رۆشنبیرانەوە بنیات دەنرێ. لێرەدا هیچیان بەبێ ئەوی تریان ناتوانن کۆمەڵگایەکی زیندووی بەرهەمهێن و مەدەنی بونیاد بنێن کە جێگەی بڕواپێبوونی هەموو خەڵک بێت،پێوەندی ئەم دوو لایەش هاریکاریکردنی یەکتری و هەندێ جاریش دروستبوونی ناکۆکییە، بەڵام ناکۆییەکە تەنها بە مەبەستی باشترکردنی حوکم و نوێنەرایەتیکردنی باشتری خەڵکە، بۆیە پەیوەندی ئەم دوو لایە پێویستی بە رێکخستنەوەیەکی جیدی هەیە، کە تا ئێستا بە پێی پێویست نییە.

**بیرۆکراسی رێکخستنی نێوان دامەزراوەکان و خەڵکە، بەڵام....!**

هزرڤانەکانی رۆژئاوا لەسەر ئەوە کۆکن کە بیروکراسی بەرهەمی دەوڵەتی نوێیە،ئەو دەوڵەتەی کە سووپایەک لە فەرمانبەرو مرۆڤی کارگێڕیی بەخۆوە دەگرێت .هەرچەندە هەندێ لە لێکۆڵەرەوان سەرەتای بیروکراسی بۆ شارستانێتی کۆن (وەک میسری فیرعەونییەکان، یا چین) دەبەنەوەو دەڵێن کۆمەڵگەی ئەوکات لەسەر بنچینەی خێزان و تیرە (عەشیرەت) پێکهاتبوو کە هێشتا نەدەزانرا کارگێری و میکانیزمی بەڕێوەبردن چۆنە،تا ئەوکاتەی دامەزراوەی(دەوڵەتە شار) بۆ یەکەمجار هاتە ئاراوە، کە ئەودەوڵەتەشارە پێویستی بە سەرپەرشتیکردنی داهاتی دارایی هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکە، بە واتایەکی تر بیروکراسی پێویستییەک بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، بۆیە لە کۆتایی سەردەمی رێنیسانس کە وەرچەرخانێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی و تەکنیکی سەریهەڵدا،دواتریش لە سەدەی نۆزدە بەتایبەت کە بیری لیبرالی و شۆڕشی پیشەسازی هاتنە ئاراوە، ئا لەوکاتانەدا بوونی بیروکراسی زیاتر خۆی سەپاندو جێگیربوو،کە ئەمەش لە بنەڕەتدا بەند بوو بە رێکخستنی کارگێڕی، واتا دەسەڵات و

حوكمی دامەزراوەکان کە ئەوکات پێیان دەوترا (حکم المکاتب)، ئەمە وەک پێداویستییەک بوو بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەچوونی دەوڵەت، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند بیرۆکراسی گرفتی دیکەی زۆر ئاڵۆزی لەگەڵ خۆیدا هێنا،گرنگترینیان ئەوەبوو، کوێ خاوەنی بڕیارە، میللەت یان دەوڵەت؟ ئەمە سەرەتای ئەو گفتوگۆو ململانێیانە بوو کە لە نێوان مارکس و هیگڵ و دواتر لە نێوان زۆر لە هزرڤانان دروست بوو، بەتایبەت ماکس ڤیبەرو مێشێل کروزیە و جون ستیوارت مل و ..هتد کە لە ئەنجامی گفتوگۆکانیاندا ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە بیرۆکراسی گوزارشت و بەرجەستەبووی دەوڵەتی بۆرژوایە، بەڵام دەوڵەتیش نابێ ئەودەوڵەتە بێت کە هیگڵ باسی لێوەدەکات و گوایا دەوڵەت لە دواجاردا بۆ بەرژەوەندی گشتییە، مارکس باشتر بۆی چووە کاتێ دەڵێت زۆر جار درزی گەورە دەکەوێتە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، ئەمەش ئەوکاتەیە کە دەوڵەت بۆ خەڵک ناگەڕێتەوە، بۆیە بڕیار دەبێت لە خەڵکەوە بگوازرێتەوە بۆ حکومەت، نەک حکومەت بە زۆر فەرزی بکات بەسەر خەڵکدا. لەناوچوونی دەوڵەتی سۆڤێتیش نموونەیەکی زیندووی ئەو بیروکراسییەتەیە کە بووە هۆی لەناوبردنی خودی دەوڵەتەکە،چونکە بڕیارەکان لە لایەن خەڵکەوە دەرنەدەچوون، بەڵکو دەوڵەت ئەو پیرۆزگەیە بوو کە هیگڵ باسی لێوەدەکرد، نەک مارکس.

بە کورتی کێشەی گەورەی بیرۆکراسی لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا یەکدەگرنەوە،کە دەکرێ بڵێین بەم شێوەیە، دەوڵەت هەرچەندە فەرمان بدات و بڕیاردەربکات، نابێت حساب بۆ خەڵک نەکات،راستە بیرۆکراسی وەک ماکس ڤیبەر باسی دەکات ڕێکخستنێکی هزری و کارگێڕییە لە سیستەمی سەرمایەداریدا، بەڵام وەک مێشێل کروزیەش باسیکردووە کاتێک بیرۆکراسی لەگەڵ داهێنانی کارگێڕیدا ناکۆک دەبێت، مەترسییەکی گەورە

بەسەر ژیانی وەزیفی کۆمەڵگایشەوە دروستدەبێت، کە لە دواجاردا ژیانی دامەزراوەیی (بیرۆکراسی) دەگوازرێتەوە بۆ دروستبوونی کاری خراپی حکومی لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی کارمەندانی حکومەت کە دواجار ناڕەزایی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، چونکە بیروکراسی نابێت تەنهابە گورزی هێز ببێتە مایەی جێبەجێکردنی یاساکان لە کۆمەڵگادا،هەر کاتێک بەکارهێنانی هێز بۆ جێبەجێکردن هاتە ئاراوە، رێک ئەوکاتە مەترسی گەورە دەست پێدەکات.

دیارە نەک تەنها لە کوردستان بەڵکو لە وڵاتانی دواکەوتوو بەتایبەت وڵاتانی رۆژهەڵات، بیرۆکراسی بۆتە پەتایەکی کوشندە و تەنها لە بەرژەوەندی توێژێکی کەمینەدایە کە بەرپرسانی کارگێڕین، بێ ئەوەی بیروکراسی ئەو تەنسیقەی نێوان خەڵک و حکومەت بێت، لە کوردستانیش خراپ بەکارهێنانی بیرۆکراسی بووەتە گەورەترین گرفتی کارگێڕی و، ئەو تەنسیقەی دەبوو لە نێوان حکومەت و خەڵکدا هەبێت کاڵی کردۆتەوە،ئەم کاڵکردنەوەیە بەردەوام دەبێت تا رۆتین زۆر بێت و کاروباری خەڵک بەباشی بەڕێوە نەچێت وتا خەڵک وا هەست بکات بەرپرسانی کارگێڕی لە خەڵکە گشتییەکە دابڕاون، دواجار یا ئەوەتا سەرۆکی حکومەت دەبێت شۆڕشێکی سپی هەڵبکات بۆ گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، یان ئەوەتا دەنگی ناڕەزایی خەڵک بە ڕادەیەک بەرز دەبێتەوە، کە ئەنجامەکەی ئاڵۆزدەبێت.

**قەیرانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان**

دروستبوونی حزب لە سەرەتادا وەک شێوەیەکی نوێی مەعریفی و بونیادنانێکی مێژوویی بوو کە سەردەمی رێنیسانس و رۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا فەرزیان کرد کە دەبێت حزب هەبێت،دەبێت هەبێت بۆئەوەی پرۆسەی گۆڕانکاری مەعریفی بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە رووبدات .ئەمە بۆ ئەوە بوو هەموو ئەو بونیادە کۆن و داتەپیوە بڕووخێنرێ کە لەسەر بنەمای دامەزراوەیی ئایینی بونیاد نرابوو .ئیتر کاتی ئەوەبوو تاک بۆ یەکەمین جار سەرچاوەی بڕیار وەرگرتن و پیادەکردنی داڕشتنی سیاسەتێکی دیکە بێت زۆر جیا لەوەی پێشوو، ئەمەش بووە بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بنەڕەتی. لێرەوە عەقڵی مرۆڤ نەخشەی گفتوگۆی دانا و وتی بەها ئایینییەکان بڕوایان بە گۆڕین نییە و

راستی ڕەها تەنها لای خۆیان زەوتکردووە، بەڵام ئێستا کاتی گفتوگۆی جیدی و مشتومڕی بونیادی مەعریفەیە.ئیتر بە گشتی زەروورەتی دروستکردنی حزب لە دوو سەرچاوەوە خۆی دەنواند: یان بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە سیاسییە بوو کە خۆی داکوتابوو بەسەر خەڵکەوە، یان لە شێوەی ناوەندێکی ڕۆشنبیری دەهاتنە پێش بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک و ڕۆشنبیرکردنیان، ئەمەی دووەم دەتوانین بڵێین لە سەدەی بیستەم برەویان هەبوو، تا ئێستاش درێژەیان هەیە.

حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بارێکی ئاسایی لەدایک نەبووینە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو زوڵم و زۆردارییەوە هاتوونەتە دروستبوون، بۆئەوەی کۆتا بەو ڕژێمانە بهێنن کە نەتەوەی کوردیان ڕووبەڕووی نەک هەر زوڵم و زۆرداری کردوونەتەوە، بگرە هەڕەشەی لەناوچوونیشیان لێکراوە.ئا لەبەر ئەوە دروستبوونی ئەو حیزبانە بەو گیانە شۆڕشگێڕییەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ،جۆرێک لە داخرانی پێوە بووە .ئەمە نەخاسمە ئەو حیزبانەی کە بەهۆی ئینشیقاق و قەیرانی قووڵی حزبی دایک درووستبوونە، هەمیشە شانازیان بە ڕادیکاڵییەتی خۆیانەوە کردووەو، هەمیشە خۆیان بە ڕاست و ڕاستتر زانیوەو ئەوەی بەرامبەرەکەیان بە هەڵە و هیچ لەبار نەبوو زانیوە.

لێرە جگە لەوەی سیاسەتی حزبەکە تەنها خۆی پێ ڕاست بووە، بەڵکو بەرپرسی یەکەمی حزبەکەش زەمینەیەکی ئەوتۆی دروستکردووە لە نێو ئەندامانی حزبەکەی کە کەسێکی نائاساییەو بەهەڵکەوت ئەم کەسە خوڵقاوەو وەک ڕزگارکەر سەیریان کردووە، بەڵام لە بنچینەدا نەیانتوانیوە ببنە کەسێکی کاریزمیش، کاریزمی وەک ئەوەی ماکس ڤێبەر باسی کردووە.

هەموو ئەم جۆرە لێکدانەوانەش لە سەردەمانێک هاتن و دروستبوون کە سەردەمی خۆبەراست زانین بوو، سەردەمی شۆڕشگێڕی بوو، کۆمەڵگاکەش بە ناخی دیموکراسیدا نەچووبووە خوارەوە تا ئەمەی لێ قەبووڵ نەکات، بۆیە کاتێک گۆڕانکاری ریشەیی لە بواری بیرکردنەوەو هاتنەدی دیموکراسی ودیالۆگ بۆ چاری گرفتەکان پێڕەوکراو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات بووە مۆدێل، ئیتر تەواوی پێکهاتەی ئەو حزبە رادیکاڵانەی جا خۆیان لەژێر هەر ناوێکەوە بەستبووەوە، بوونە مینێکی چێنراو کە لە هەر ئان و ساتێکدا مەترسی تەقینەوە(کەرتبوون و پەرتبوون و هەڵگەڕانەوە)ی لێدەکرا، رێک وا دەرچوو لە ماوەی (24) ساڵی رابردووی کوردستاندا یەک رستە ئینشیقاق لە نێو حزبە سیاسییەکاندا روویداوە، بۆنموونە تەنها حیزبی زەحمەتکێشان کە خۆی بە ئینشیقاق لەدایک بووە، کەچی لەماوەی ئەو(24) ساڵەی رابردوویدا، چەندین ئینشیقاقی گەورەیشی لەناودا دروستبووە، بەجۆرێک هەندێک لەو ئینشیقاقانە حزبەکەی هێناوەتەوە سەر ساجی عەلی، کە یەکەمین ئینشیقاق لە باڵەکەی ئاڵای شۆڕشەوە دەستی پێکرد و دواجاریش ئەوەی لە مانگی رابردوودا روویدا کە تەنها سکرتێرێکی تەجمیدکراوی لێ مایەوە. کارەساتی گەورەش ئەوەیە هەموو جار حزبەکان بیانووی نابەجێ بۆ کەرتبوونی حزبەکانیان دەهێننەوەو دەیانەوێ ئەو ئەندام و لایەنگیرەی ماویانە قەناعەت پێبهێنن کە ئەمە دەستی دەرەکی لە دواوەیەو حزب کاریگەر بوو بۆیە وایان لێکرد و ...هتد.ئەمە گەورەترین هەڵەی حزبە سیاسییەکانە کە بە پاساوی ناواقیعی هیچ بوارێک بۆ ئەندامەکانیان ناهێڵنەوە تا بە هێمنی بیر بکەنەوە، بیر بکەنەوە کە ئاخۆ گرفتەکان لە کوێن.پێڕەوکردنی ئەم عەقڵیەتە راستەوخۆ رێگە خۆش

دەكات بۆ رووداني ئينشيقاقێكى ديكە،كە دواجار دەبنە جەستەيەكى نامۆ لە نێو كۆمەڵگەدا.

## قەیرانی پەرلەمان

رووداوە مەرگەساتئامێزەکەی شرناخ ویژدانی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەری جوولاند، بەڵام هەڵوێستی تێکۆشەرانەو نیشتمانیانەی پەرلەمانتارانی بەدەپە، دڵنیای کردەوە کە نوێنەری راستەقینەی قوربانیانی شرناخن. من بەش بە حاڵی خۆم کاتێ هەڵوێستی پڕ جورئەتانەی کچە پەرلەمانتار (گوڵاتان کشاناک)م بینی،دڵنیا بووم کە کوردستانی باشوور ئافرەتی وای هەبێت، ئیتر دەگەن بە سەربەخۆیی. رووداوە مەرگەساتئامێزەکەی شرناخ چەند دژوار بوو، هەڵوێستی نموونەی کچە پەرلەمانتار(گوڵاتان)و ئەوانی تریش، بەقەد رووداوەکە مژدەی ئازادییان نزیککردەوە.

لەکاتێکدا هەڵوێستی پەرلەمانتارانی باشوور بەم جۆرە بوو، کەچی زۆرێک لە،پەرلەمانتارەکانی هەرێمی کوردستان،خەریکی واژۆ کۆکردنەوە بوون بۆ

تەملیککردنی ئەو شوقانەی کە مافی هەر ئەندام پەرلەمانێکە لە دەرەوەی هەولێر بێت بچێتە ناوی و تێیدا بژی تا ئەوکاتەی ماوەی ئەندام پەرلەمانییەکەی بە کۆتا دێت،بەڵام کە ناوی هەندێ ئەندام پەرلەمانم بینی واژۆیان کردبوو بۆ تەملیککردنی ئەو شوقانە بەجارێک حەپەسام،چونکە لە بنەڕەتدا زۆر لەو پەرلەمانتارانەی واژۆیان کردووە، خۆیان هەر خەڵکی هەولێرن و خاوەن خانووی خۆیانن، من هەندێکیان لە نزیکەوە دەناسم خاوەنی باشترین خانوون و سامانێکی باشیشیان هەیە،کەچی ماڵی بردووەتە ناو ئەو شوقانەو،شەرم داینەگرتووە خانووەکەی خۆی بە کرێ داوە،ئێستاش دەیەوێ شوقەکەی لەسەر تەملیک بکرێت!!.

راستە ئەندام پەرلەمان بە دەنگی خۆیان نەبۆتە پەرلەمانتار،لیستی حزبەکانیش خەڵکی زۆر لاوازی تێکەوتووە،هەر بۆیە بە درێژایی نزیکەی (20)ساڵی رابردوو،خەڵکی کوردستان،ئەو پەرلەمانە بە نوێنەری خۆی نازانێ و خەڵکی کوردستان بەردەوام رەخنەی توندی لێی هەیە. بەڵام کارەسات ئەوەیە، ئەم حیزبانە بۆچی رێگە بۆ ئەنجامدانی کاری گەندەڵی خۆشدەکەن ؟.

زۆر لەوپەرلەمانتارانەی واژۆیان کردووە،خەڵکی هەولێرن و بەدرێژایی ئەو (20)ساڵەی رابردوو هەندێکیان زۆر موستەفید بوونە، هەندێکیشیان هەر لە پڕێ بوونە بە کوڕێ. ئەو پەرلەمانتارانە لە کاتێکدا ئەو هەڵوێستەیان نواندووە کە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر باس لە چاکسازی دەکرێ، بۆیە هەرگیز نەدەبوو تەماح وایان لێبکات.چونکە ئەگەر جاران لێرەو لەوێ جۆرە متمانەیەکیش مابووبێ پێیان،بە دڵنیاییەوە ئێستا هیچ متمانەیەک نەماوە لە نێوان خەڵک و ئەوان.چونکە هەمیشە خەریکی بیرکردنەوەن لە دۆزینەوەی فێڵێکی یاسایی بۆ دەستکەوتنی زۆرترین

ئیمتیازات بۆ خۆیان، ئاگاشیان لەو میللەتە داماوە نیە کە بە هەزاران دەردەوە دەناڵێنێ.

کەس لەو ئەندام پەرلەمانانە بە لێوەشاوەیی خۆیان نەبوونەتە ئەندام پەرلەمان بەڵکو بە هێزو پشتگیری حیزبەکانیانەوە ئێستا ئەندامی پەرلەمانن، هی وای تێدایە شایانی ئەوە نییە بیکەی بە بەرپرسی فەرمانگەیەکی بچووکی چۆلی کەس تێدا نەبووش، ئاخر بەخەونیشی نەدەهات رۆژێ دێ دەبێت بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەوە حیزبەکانن دەستیان دەگرن و لەسەر کورسی پەرلەمانی دادەنێن.بۆیە ئەو پەرلەمانتارانە لەبەردەم حیزبەکانیان بەرپرسیارن و حیزب دەتوانێ توندترین ئیجرائاتیان لێ وەربگرێ، ئەمە مافێکی زۆر رەوای حیزبەکانەو پێویستیشە وا بن. کەواتە پێویستە حیزبەکان چ بکەن بەرامبەر بەو ئەندام پەرلەمانانە؟ بێدەنگبوونی حیزبەکان (بەتایبەت هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە 20- ساڵە حوکمڕانن) لەو هەموو گەندەڵکارو لەو هەموو کارە نا بەجێیانەی دەڵێی مۆرانە لە ئەزموونەکەی داوە، بێدەنگبوونی ئەو دوو حیزبە لەبەرامبەر زۆر شتی تر،وایکرد هەرێمی کوردستان بکەوێتە قەیرانێکی قووڵ لە حوکمڕانی و، ئاڵۆزییەکان رۆژ لە دوای رۆژ قووڵترو پەرەسەندووتر ببن. بۆیە ئیمڕۆ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە هاوکات سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە،ئەبێ بەتەواوی ببێتە لایەنگیری خەڵکی کوردستان،بێدەنگبوون لە گەندەڵکاران ئیتر دەبێ بە کۆتا بێت .پێویستە هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن، بەتوندی ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکات و باشترین عیبرەتیش رەوانەکردنەوەیانە بۆ ماڵەوە،ناکرێ ئەندام پەرلەمانێک سووکایەتی بە حیزبەکەی بکات و سەرۆکی حیزبەکەیش سەرۆکی هەرێمی

کوردستان بێت. ئاخر لە هەڵبژاردنی رابردوو بە تەنیا رێژەی دەنگی سەرۆکی هەرێم لە رێژەی دەنگهێنانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار زۆرتر بوو،بۆیە بێدەنگبوون و تێپەڕاندنی ئەو پرسە گرنگە هیچ لە بەرژەوەندی پارتی نییە. قەباحەت ئەوەیە ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری چینی پرۆلیتاریا دەزانی تەماح بەرچاوی ئەوانیشی لێڵ کردووە.ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی سەرزمان و بن زمانی چاکسازییە،کەچی ئەوانیش پشکی ئەو بەرچاو لێڵییەیان بەرکەوتووە،من نازانم ئۆپۆزیسیۆن کە چەکی دەستی چاکسازییە،ئەگەر ئەو چەکەی لێبسەنرێتەوە رووتدەبێتەوە،ئیتر چۆن لەو پەرلەمانتارانەی خۆی چاوپۆشی دەکات؟، با بزانین ئەوانیش دیزە بە دەرخۆنەی لێدەکەن، یان پێچەوانەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار،ئەوان چاوپۆشی لە هیچ کارێک ناکەن کە بۆنی گەندەڵی لێبێت، بەتایبەت لە ناوماڵی خۆیان، با ئەمە بۆ رۆژانی داهاتوو جێ بهێلین.

ئەرکی کۆمەڵ و رێکخراوە مەدەنییەکانیشە، ئەمجارە کەمپینێک پێکبهێنن و ببن بە گرووپی گوشار بۆسەر ئەو حیزبانەی خاوەنی ئەو جۆرە ئەندام پەرلەمانانەن وداوای ئیجرائات بکرێ،چونکە حیزبەکان ئەم کارە بە بڤە دەزانن و تا ئێستا نموونەیەکی زیندوویان نیە لەمبارەیەوە.

داوا بکرێ ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ساڵەهایە ماڵیان لە هەولێرەو خاوەنی خۆشترین خانوون،چ پێویست دەکات بچنە ناو ئەو شوقانەوەو کرێیەکی خەیاڵی بخەنە سەر حکومەت و خانووەکانی خۆشیان بە کرێ بدەنەوە!!.ئەمە چ ئەندام پەرلەمانێکن ؟!، ئاخر ئەندام پەرلەمانی وا چاوەڕوانی چ کارێکی باشی لێدەکرێ؟.

- ئەم وتارەم (4) ساڵ پێش ئەمڕۆ نووسیوە

**مارکسیزم زیاتر لەیەک سەدە، زمانی ملیۆنان مرۆڤ بووە، تا بتوانن لەو ڕێگایەوە هیواو ئامانجەکانی خۆیان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان رابگەیەنن..**

"ماک لیلان"

سەدەیەک زیاترە، جۆرە بۆچوونێکی وەها هاتۆتە ئاراوە، کە گوایا مارکسیزم لە قەیراندایە، دیارترینی ئەو کەسانەی دەیانویست مارکسیزم لە رەوتە شۆڕشگێڕییەکەی لابدەن، ئەوکات (برنشتاین) بوو، هەر لەو کاتەدا دیارترین کەڵە رەخنەگرو تیۆریستی مارکسی (پلیخانۆف) بەتوندی رووبەڕووی برنشتاین بووەوەو (هێشتا لینین ناوبانگی دەرنەکردبوو) بەناخی مارکسیزمدا قووڵ بووەوەو گەشەسەندووتری دەکردو بەناو گەلانیدا بڵاودەکردەوە "بڕوانە وتارێکی پلیخانۆف بە ناونیشانی ( ـ حول ازمە مزعومە للمارکسیە ـ برنشتاین، کۆنراد شمیپ" ناونیشانی محازەرەیەک بوو پلیخانۆف لە ژنێف لە بەهاری 1898دا پێشکەشی کرد، دواتریش لە چەند شوێنی دیکە دووبارەی کردەوە".

ئەوکات، واتە لە کۆتایی سەدەی رابردوودا، (مارکسیزم لەقەیراندایە) کە تەوەری یەکەمی ئەم چەند دێڕەمانە، ئەوەندە کاریگەر نەبوو، بەڵکو تەنها لە چوارچێوەی چەند کەسانێکەوە، لێرەو لەوێ خولی دەخوارد، کە لە گەوهەردا نەیارانی مارکسیزم بوون، بەڵام وردە وردە لە ململانێ دژوارەکەی نێونەتەوەیی دووەمدا (مەبەستم ساڵی 1914یە کە دیارترینیان کاوتکسی بوو) ئەم وشەی (قەیران)ە، تا دەهات زیاتر رەگی دادەکوتا، بەتایبەت دوای مەرگی لینین و ساڵانی حوکمی تاکڕەوی (ستالین) لەناوەڕاستی بیستەکان بەدواوە، تا دەگاتە کێشەی نێوان چین و سۆڤێت، هەروەها سۆڤێت و حزبە شیوعیەکانی رۆژئاوا لە پاش دەستدرێژی کردنە سەر چیکۆسلۆڤاکیاو ئینجا هاتنەئارای (ئۆرو شیوعیەت) لە حەفتاکانداو دواتریش پێرۆسترۆیکاو گلاسنۆست و رووخانی سیستەمی سۆڤێت و رۆژهەڵاتی ئەوروپا، رەگی ئەم زاراوەیە (مارکسیزم لەقەیراندایە)یان ئەستوورترو قووڵترکردو، هاوکات زەمینەیەکی واشیان رەخساند کە تێکڕای حزبە شیوعیەکانی جیهان کار لەوە ترازا تەنها چەند "مفکر"ێکی مارکسیست لێرەو لەوێ لێی بدوێن.

ئیتر ئەوە چەند ساڵێکە کە باس لە کێشەی مارکسیزم دەکرێ، لای خەڵکێکی کەم نا، زۆر ئاسۆی بەرچاویان لێڵ دەبێت و دەڵێن مارکسیزم لەقەیراندایە. بەڵام ئایا بەراستی مارکسیزم لە قەیراندایە؟! باشە ئەگەر مارکسیزم لەقەیراندایە، ئەدی چۆن میتۆدێکی ئەپستمۆلۆجی (منهج معرفی)یە؟!.

لە راستیدا، قەیران واتە (ازمة)، هەر شتێکیش جا سیستەم بێت، یاخود

بیروباوەڕ، یا هەر شتێکی دی، کە وترا گەیشتۆتە ئاستی قەیران، واتە گەیشتۆتە ئاستی بنبەست و رێگایەکی داخراو، ئیتر بۆ چارەسەرکردنی پێویستی بە جێگرەوە (بدیل)ێک هەیە. بۆ نموونە کاتێ باس لە قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری دەکەین، ئەوا بەو مەبەستە لێی دەدوێین کە سەرمایەداری بە رەسمی تووشی رێگایەکی داخراو یاخود باشتر بڵێین قەیران هاتووە، بۆ دەربازبوونیش لەو قەیرانەی کە تێی کەوتووە، ئەوا گەیشتنە بە ئەلتەرناتیڤەکەی کە سیستەمێکی سۆشیالیستییە (لینین زۆر لەم مەسەلەی ئەلتەرناتیڤە دواوە) جا لەم روانگەیەوە، هەموو قەیرانێک پێویستی بە جێگرەوە (بدیل) هەیە، جا باشە ئەگەر مارکسیزم لە قەیراندابێت، جێگرەوەکەی دەبێت چی بێت؟! کە جێگرەوەیشی بوو، ئەی چۆن میتۆدێکی ئەپستمۆلۆجییە؟!

مارکسیزم لە بنەڕەتداو لە کەلێنی سەرجەم ئەو بەرهەمانەی کە پێشکەش بە گەلانی جیهانی کردوون، هەرگیز بەم مانایە نەبووەو خۆیشیان (مارکس و ئەنگلس) رۆژێ لە رۆژان نەیانوتووە بەرهەمەکان بریتین لە چەند تیۆرێکی کامڵ و تەواو. ئەمە ئەگەر خوانەخواستە وایان بگوتایە، یاخود وەها بوایە، نەدەبوو باس لە کۆمەڵێک بابەتی بنچینەیی بکەین. بۆ نموونە لەسەردەمی مارکسدا، سەرمایەداری نەگەیشتبووە قۆناغی ئیمپریالیزم، لینین هات (ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناغی سەرمایەدارییە)ی نووسی، بەڵام ئەمڕۆ سەرمایەداری خۆی نوێ دەکاتەوەو (ما بعد الامبریالیە) هەیە (بڕوانە: فوئاد مرسی ـ الرسمالیە تجدد نفسها ـ ). ئەمەیە کاری ئەمڕۆی مارکسیستە نوێکان و دەبێت لەژێر رووناکی هێڵە گشتیەکانی دامەزرێنەرانی ئەم فەلسەفەیە، داهێنان بکەن. هەروەها لە سەردەمی مارکسدا نەوت نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ نەوت کۆڵەگەیەکی بنچینەیی

ئابووری سەرجەم وڵاتانی دونیا پێکدەهێنیٚ، ئیٚ ناشکریٚ نەوت لە فەرهەنگی مارکسیزم دەربهاوێژریٚ. خۆ ئەگەر (کۆمۆنەی پاریس)یش رووی نەدابوایە، دوور نییە مارکس باسی دەوڵەتی بەم شێوەیە بکردایە، کە کردوویەتی. باشە ئەوکاتە دەکرا دەوڵەت لەفەرهەنگی مارکسیزمدا نەبێت؟! هەرچەندە نە مارکس و نە لینین ئەوەندە بە وردی باسی دەوڵەتیان نەکردووەو، کۆمەڵێک پرسیاریان سەبارەت بە جۆرەکانی دەوڵەت و خۆبەدوورگرتنی دەوڵەت و حزب و . هتد بۆ بەجێهێشتووین (ئەمەیان باسێکی دیکەی سەر بەخۆیە).

ئیتر لەم روانگەی سەرەوە بوو، لینین دەیوت (مارکس نەخشەکەی دارِشت)، واتە مارکس هێڵە گشتییەکانی سەبارەت بە یاساکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆمان دانا، لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکەشیدا (سەرمایە) مارکس لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە سیستەمێکی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرِێوەدەبەن و، ئەو ناکۆکیانە دەخاتەروو کە ئەم رژێمە لە ناوەوە دەرِزێنن و بۆگەنی کردوون و هاوکات چارەنووسی هەرەسهێنانەکەشی لێکداوەتەوەو خستویەتیەروو.

لێرەدا دەگەینە خاڵێکی گرنگ، چ مارکس و چ ئەنگلس و چ لینین، چ سەرجەم (منظر)ە مارکسیستەکانیش، تا ئێستا نەهاتوون وتبیان ئەمەی پێشکەشمان کردوون، فەلسەفەیەکی کامڵ و تەواوە، (ئەمە ئەگەر وابوایە دەبوو بانگەشەی کۆتایی هاتنی مێژوویان رابگەیاندایە)، بەڵکو مارکس و ئەنگلس کۆمەڵێک بەرهەمی تۆکمەو پتەوی بنەما تیۆرییەکانیان بۆ بەجێهێشتین، واتە بناغەیەکی پتەویان بۆ دانایین، هەرچی (منڤر)ە مارکسیستەکانیشە تەواو تیۆرەکانیان لێکدانەوەیەکی واقیعبینانەی ئەو سەردەمەیە، کە تیۆریەکەیان تیا داناوە.

ئیتر لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیان، تیۆرەکانیش پێویستیان بە بۆچوونی دیکەوە هەبوو کە پڕ بە پڕی گۆڕانکاریەکان بێت. ئا لەبەر ئەمە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێبازەش، دژی ئەوە بوونە پێیان بوترێ ئێوە فەلسەفەیەکی کامڵ و تەواو و بێ کەموکوڕیتان پێشکەش بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردووە. هەر دەشبێت دژی ئەم تەرزە بۆچوونانەبن، چونکە ئەگەر بهاتباو دامەزرانێنەرانی ئەم فەلسەفەیە بەشێوەیەکی (کامڵ) و بێ کەموکوڕی تیۆرەکانیان بۆ بەجێهێشتباین، ئەمە لە دیدوبۆچوونی مەتریالیستێکەوە، کامڵبوونی تیۆرێک بێ کەموکوڕی چی دەگەیەنێت؟! بەڵکو هەموو فەلسەفەکانیان لەناو قووڵایی واقیعی ژیاندا هەڵهێنجاندووە، واقیعش هەمیشە لەگۆڕان و پەرەسەندندایە، بۆیە لێرەوە داهێنان لە مارکسیزمدا خۆی دەردەخات و بەپێی گۆڕانی ژیانەکە، ئەبێ تیۆرێکی گونجاویشی بۆ دابنێی. وابزانم هەر ئەمەش بوو وای لە لینین کردبوو بڵێت (ژیان سەوزەو تیۆر خۆڵەمێشییە).

لێرەوە بەپێی ئەو ڕووناکیانەی سەرەوە، مارکسیزم قەیران نییە، بەڵکو کێشەیە، ئەم کێشەیەش هەر لەناو هەناو و منداڵدانی خودی بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلس دا گەرای داناوە، بۆ نموونە مارکس لەسەرەتاوە، وای بۆ دەچوو کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی ڕاستەوخۆ بە قۆناغی کۆیلایەتییەوە دەست پێ دەکات، بەڵام ئەنگلس هەر زوو ئاماژەی بەوەکرد کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەر لەوەی گەیشتبێتە قۆناغی کۆیلایەتی، ئەوا بە قۆناغێکی تردا تێپەڕبووە، کە پێی دەوترێ کۆمۆنەی سەرەتایی (مشاعیە بدائیە)و، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دوور لە ژیانێکی چەوساندنەوە ژیاوە، واتە کۆمەڵگایەکی یەکسان بووە، بەڵام ڕەمەکی (عفوی) و نا شارستانی. بەڵام دوای ئەوەی کار دابەشکراوە، ئیتر قۆناغی کۆیلایەتی دەستی پێکردووە،

که پڕ بووه له چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە. ئەم بۆچوونەی ئەنگلس دەستبەجێ لەلایەن مارکسەوە دانی پێدانراو باوەڕی پێ هێنا. هەروەها سەبارەت بە شێوەی رزگارکردنی کرێکارانی ئیرلەندا لەئینگلتەرا، مارکس لە سەرەتاوە بۆچوونێکی هەبوو، دواتر بۆچوونێکی راستترو گونجاوتری وەرگرت، ئەمە جگە لەوەی کێشەی مارکسیزم و شێوەی گرێدانی بەکێشەی نەتەوەیی لەدوای مەرگی مارکس و ئەنگلس، تا ئێستاش کێشەیەکەو شوێن لێکۆڵینەوەیە لەناو حزبە شیوعیەکانی جیهان و، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پێریسترۆیکاش ئەم خاڵەی تێدا بەرجەستە بوو بوو...

هەموو ئەمانە وامان لێ دەکات مارکسیزم بەچاوێکی نوێ و بە گیانێکی تازە بخوێنینەوەو هەمیشە دەبێت ئەو بۆچوونانە پووچەڵ بکەینەوە، کە دەڵێت نابێ دەستکاری بۆچوونەکانی هیچ کام لە کلاسیکە مارکسیستەکان بکرێن. ئەمە ئەگەر وابێت هەموو بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین دەبن بە کتێبێکی ئاسمانی، کە بێ شک ئەمرۆ بەشێک لەبۆچوونەکانیان، یان ژیان رەتی کردۆتەوە، یاخود پێویستیان بە خستنە سەر هەیەو شتی نوێتر بەخۆوە دەگرێت. بەڵام بە هیچ شێوەیەک، نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە ئەو هێڵە گشتیانەی مارکسیزم بۆمانی بەجێ هێشتووە، تا ئەمرۆش لەجاران زێترو پڕ بایەخترو راست و دروستترە.

تەوەری دووەممان، پێوەندە بە مارکسیزم و شۆڕشەوە. ئایا مارکسیزم شۆرشە، هەر لەو مێژووە دوورو درێژەی کە هەوەڵجار ئاماژەم بۆکرد، کاتێ باس لە قەیرانی مارکسیزم دەکرا، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو کە مارکسیزم لە رەوتە شۆڕشگێڕییەکەی لابدەن و پینەوپەڕۆ (ا×لاح)ێک لە مارکسیزم دا بەرجەستە بکەن، کە برنشتاین و کاوتسکی و هایندمان و . .

هتد، بوون که بەدامەزرێنەری ڕێبازی سۆسیال دیموکرات ناسران، بەتایبەت کاوتسکی و برنشتاین، ئەم فەلسەفەیەش لەگەڵ سستمی سەرمایەداری خۆی گونجاندووەو تەواو لەگەڵ بنچینەو بنەماکانی میتۆدی مارکسیزم ناکۆکە (بڕوانە لینین ـ الانتهازیة و افلاس الاممیة الثانیة). چونکە سۆسیال دیموکرات، بە ڕاشکاوی هەوڵی داوەو دەیدات، سسیتەمی سەرمایەداری بپارێزێ و بە گوێرەی تواناش بەرەو باشتری ببات، نەک بیڕوخێنێ!. ئەو بەرەو باشتربردنەشیان لەڕێگای ئیسلاحات و دیموکراسی ئاشتی (الاصلاحیة و الدیمقراطیة السلمیة) و باوەڕنەمان بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریاو . هتد، بەگوڕهاتنە پێشەوەو، لە رووی بەرگریکردن لە نیشتمانیشەوە،بۆچوونێکی نەک هەر بۆرژوازیانەیە،بەڵکو شۆڤینستانەشیان پیشان داو پیادەشیان کرد، کە سەرەتای ئەم هەڵوێست وەرگرتنە لەلایەن (هایندمان)ەوە ئاماژەی بۆکراو، پاشانیش لەگەڵ کاوتسکی و غیدو . هتد پێڕەو و پیادەیان دەکرد.

سۆسیال دیموکرات لەبەرنامەو ڕێبازیاندا، باسی ئازادی و دیموکراسی و دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەیەکتری دەکات و لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بەرنامەشیدا، بە کردەوە هەنگاوی بۆ هاویشتووە، دژی شەڕو شۆڕو دەیەوێ خۆی لە قەیرانی بێکاری ڕزگار بکات و هەونگاویشی بۆ ناوە. بەڵام سۆسیال دیموکرات لەبەر ئەوەی لەگەڵ سەرمایەداری ژیانێکی هاوبەشی هەیە، واتا لەڕووی ئامانجیانەوە هاوبەشن، بەهیچ شێوەیەک باسی گۆڕانێکی ریشەیی لە سیستەمی سەرمایەداری ناکات، بەڵکو تەنها دەیەوێ ئەو قەیرانەی رووبەڕووی جیهانی سەرمایەداری پیشەسازی دەبێتەوە، کە پێوەندی بە ژێرخانی کۆمەڵی سەرمایەداری پیشەسازییە، نوێ بکەنەوە. واتە تەنها بەرەو باشتری ببەن. ئا لەبەر ئەوە، ناکرێ سۆسیالیزم بە مانا

زانستیەکەی کە بنەبڕکردنی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ سۆسیال دیموکرات تێکەڵ بکرێ، کە جەوهەرەکەی ئیسلاحات و پاراستنی سسیتەمی سەرمایەدارییە. بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایی ئەو وڵاتانەی کە سۆسیال دیموکرات تیایاندا فەرمانڕەوایە، وەکو حزبێکی نەتەوەیی و دوور لە هەموو بۆچوونێکی مارکسیزمانە تەماشاو پیادە دەکرێ و سۆسیالیزم و مارکسیزمیان تەواو لەخۆ داماڵیوە. جاری وا هەبووە، سۆسیال دیموکرات لە پیادەکردنی سیاسەتی تاکتیکدا پێچەوانەی هەموو بۆچوونێکی رابردووی خۆی بووەتەوە. واتە لەخەباتی سیاسی رۆژانەیدا، بەردەوام خۆی دەگۆڕێت، جا نەخاسمە کاتێ رووبەڕووی هەندێ کاتی ـ حساس ـ دەبێتەوە. بۆ نموونە لەکاتی هەڵبژاردندا، جاری وا هەیە لەکاتی هەڵبژاردندا لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی رێک دەکەوێت و پشت لە هەموو بۆچوونێکی پێشکەوتنخوازانە دەکات.

لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر مارکسیزم و شۆڕشەوە، رێبازی مارکسیزم لەناو هەناوی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری (کە پڕە لە چەوساندنەوەو بەربەست) سەری هەڵداوە، سەرهەڵدانەوەکەشی لێکدانەوەی واقیع بوو، واقیعێکی ئاوەژووی پڕ لە چەوساندنەوە، بۆ گۆڕینی بۆ واقیعێکی ئاسوودەو بێ چەوساندنەوە. هەڵبەت گەیشتنیش بە واقیعی دووەم، پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە، کە بێ سێ و دوو ئەنجامدانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە، وا بزانم هەر ئەوە بوو مارکس دەیوت (ئێستا باس لە گۆڕینی جیهانە) یاخود لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەیووسێ (بەلای ئێمەوە، کۆمۆنیزم بارودۆخێک نییە کە دەبێ دابمەزرێت، ئامانجێکیش نییە کە واقیع دەبێ پێڕەوی بکات. ئێمە ئەو بزووتنەوە واقیعییە بە کۆمۆنیزم دەزانین، کە ئەم کارەی ئەمڕۆ لەئارادایە،

ژێرەو ژووربکات. زەمینەو هەلومەرجی ئەم بزووتنەوەیەش لە پێشنیارەکانی ئەمڕۆدا پێک دێت).

لێرەوە، ئەنجامدانی ئەم شیکردنەوەی واقیعە، بێ چەندو چوون لەروانگەی چینی کرێکارەوە دەبێت، کە لەبەرپابوونی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە دەبێت، ئەم شۆڕشەش جگە لە لەباربوونی هەلومەرجی ماددییەوە، هۆشیاری سیاسیشی دەوێت. مەبەست لەم هۆشیارییە سیاسیەش گەیشتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە بە کۆمەڵگایەکی ئازادی دوور لە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک بێگومان ئەمەش هەر تەنها بەو کەسانە ناکرێ کە لە ریزی حزبێکی شیوعی دان، بەڵکو ئەم وشیاریە،ئەو مەبەستەش دەگرێتەوە کە چینی کرێکار خۆی لەرێکخراوە سیاسیەکاندا رێکبخات و خەڵکی دەرەوەی ئەم چینەش لە ئامێزی خۆی بگرێت، یا هەر هیچ نەبێت ببن بە هاوپەیمانی ئەو چینە کە چینی کرێکارە. وابزانم هەر لەبەر ئەمەش بوو،لینین دەیوت دروستکردنی حزب (پێویستی بەشتێکە لە دەرەوەی خۆیدا). هاوکات مارکسیزم ئەپستمۆلۆجیاشە، ئەگەر وانەبووایە وەک هەر ئاین و مەزهەبێک سەیر دەکرا.

## له نێوان دەمارگرژی نەتەوەیی و کەم هوشیاری سیاسی دا
**(هەڵخلیسکان و خۆدۆڕاندن)**

**(هەر ئامانجێکی شەرعی بە ڕێگایەکی ناشەرعی وەدەست بهێنرێ، ئامانجێکی ناشەرعەعی یە)**

**(مارکس)**

له (ژ 29،31)ی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)دا، کاک حەسەن جاف وتارێکی دوورو درێژو پڕ له کینەی بڵاوکردۆتەوەو، کۆمەڵێک قسەی ناهەق و ساردو سڕیشی تێدایە، بۆ سەر مامۆستای بەڕێز(محمدی مەلا کەریم)و له پەنای ئەو زاتە پاکەشەوە، خەڵکێکی زۆرو ئێمەو مانانیشی گرتۆتەوەو کەوتووینەتە بەر ئەم رەشەبایە ناوەختە!!.

وتارەکە هەرچەندە بەناوی خستنەرووی کتێبەکەی میوولەرە (لە رۆژهەڵاتی گڕگڕتوودا) بەڵام، لەبەر جنێودان و هێرشی ناڕەوا، نەپرژاوەتە سەر شیکردنەوەو باسکردنی کتێبەکە، بەڵکو لە پەنای ئەم کتێبەوە ویستوویەتی ئامانجێکی دیکەی خۆی بپێکێ!!.

کاتی خۆی لەلایەن مامۆستایان (مەسعود محەمەد- کاروان- ژ33، عیزەدین فەیزی- کاروان ژ38، محمدی مەلا کەریم- هاوکاری- ژ805 ساڵی 1958 و کاروان- ژ24)، چەردەیەک لەم باسە یەکالا کرایەوە، بەبێ قسەی سارد بەیەک وتن و جنێودان، هەرچەندە مامۆستا (مەسعود محەمەد) لە هێندێ گۆشەنیگاوە لە دژایەتی کردنی شیوعیەت سڵی نەکردبۆوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت لەگەڵ وتارەکەی کاک حەسەن جیاوازە.

کاک حەسەن جگە لەو هێرشەی بۆ سەر (کاکە حەمە)ی بردووە، خەڵکێکی زۆری پێشکەوتنخوازو مارکسی و خاوەن هەڵوێست و شیوعیشی گرتۆتەوە، کە بەدرێژایی مێژووی تێکۆشانیان یەک زەرە لەکە بە خەباتی سەخت و شێلگیرانەیان وەنەبووەو نییە.

پێش هەموو شتێک دەمەوێ ئەوە بڵێم من لەم وتارەدا بەهیچ شێوەیەک نامەوێ دیفاع لە مامۆستایەکی وەکو (کاکە حەمە) بکەم، چونکە ئوستادێکی وا ئەسڵەن هەر پێویستی بە دیفاع لێ کردن نییە، بۆیە نامەوێ وەڵامی ئەو قسە ناشیرینانەی کاک حەسەن بدەمەوە کە دەرهەق بە ئوستادێکی پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەر کردوویەتی، بەڵکو بەپێویستی دەزانم نەرمە ئاوڕێک لەو هێرشانە بدەمەوە کە لە پەنای ئەم زاتە پاکەوە، کردوویەتیە سەر حیزبێکی سیاسی، کە ئەمەیان لەبەر ئەوەی خۆم بە ئەندامێکی ئەم حیزبە شۆڕشگێڕە دەزانم و دژایەتی کردنی ئەم حیزبە بە دژایەتی کردنی خۆم دەزانم، ئا لەم پێوەندگەیەوە ناچارم

هەڵوەستەیەک بکەم و، ئەو گوناهە زل و زەبەللاحانەی کە کاک حەسەن بە حیزبی لکاندووە، کە ئەسڵەن فرپیان بەسەر راستییەوە نییەو بابەتەکەش پێوەندی بە شیوعیەکانەوە نییە، کە کاک حەسەن وای لێ کردووە، کە ئەمەیان بە هیچ شێوەیەک (منگق) ڕێگا نادات...، مێژووی تێکۆشانی سەختی حیزبێک ئاوەژوو (تشویە) بکرێت، ئەو حیزبەی کە مەدالیای (حیزبی شەهیدان) بە گەردنی تێکۆشانی وەکراوەو، بەوە تاوانبارمان بکات گوایە لە جیاتی کوردستان دەیانووت شیمالی حەبیب و (بەربەرەکانی فیکری نەتەوەییان بە (واجب)ێکی (مقدس)و ئومەمی دادەناو دژایەتی کوردو کوردایەتیان دەکردو جەنگێکی چەپەڵیان دژ بەرپا دەکرد، کار گەیشتە ئەوەی لە ناوی کوردستانیش سڵ بکەنەوە) پاشان (دەفەرمووێ!) (لەگەڵ رژێمە جۆر بەجۆرەکانی عێراقدا هاوکاریان دەکرد، لەلای حەمەو هاوەڵانی، کلیلی دەروازەی بیرکردنەوەی حەمە لە مۆسکۆ بوو، حەمەو هاوسەنگەرانی، ئەم ڕێککەوتنە (واتە ڕێککەوتنی نێوان رەمزی و نازیـ ف.س.س) لەگەڵ بەرەی پێشکەوتنخوازی پشتگیری ساختەی گەلان نەبوو، بەڵکو لەگەڵ ئەڵمانیادا بوو، ئەمەش لای ئەوان کۆنەپەرستی و چوونە سەر خوانی ئیمپریالیزمەو نابێ ڕێگە بدرێ، با میللەت و ئاواتەکانیشی ببنە قوربانی روسیاو پرۆلیتاری جیهانیـ ئاڵای ئازادیـ ژ29).

بەر لەوەی بێمە سەر جیاکردنەوەی دۆو دۆشاوەکەی کاک حەسەن (کە وای تێکەڵ نەکردووە، بە ئاسانی لە یەکتری جیابکرێنەوە) دەمەوێ بڵێم بەر لەوەی هەر دەقێک بخوێنمەوە، حەز دەکەم بزانم نووسەرەکە کێیەو، شتێکیش لە رووی سایکۆلۆژی ئەو کەسە بزانم، ئینجا دەقەکە هەڵبسەنگێنم، چونکە (دەستنیشانکردنی سایکۆلۆژیاو باری دەروونی نووسەرەکان گرنگییەکی ئێکجار گەورەی لە لێکۆڵینەوەدا هەیەـ بلیخانوف-

الفن والتصور المادى للتأريخ-ص32).

له دوای خوێندنەوەی وتارێکی رەخنەیی پرسیارێک لەبەردەممدا خۆی قووت دەکاتەوە، ئەویش، ئایا نووسەری ئەم وتارە رەخنەییە نیازی پاک بووە یان خراپ. گرنگ نییە من لەگەڵی دابم یاخود نەبم، بەڵکو گرنگ ئەوەیە نووسەرەکە نیازی پاک بووبێ و مەبەستی دۆزینەوەی دیوە شاراوەکان بوو بێت و هەوڵی زیاتر خزمەت پێگەیاندنی گەلی کوردی بووبێ، نەک توانج و قسەی ساردو هەلەقو بەلەقی وا، کە ئیمڕۆ بەهیچ شێوەیەک لە پەراوێزی رەخنەو رەخنەکاری سەردەم دا شوێنیان نابێتەوە.

ئا لەم روانگەوە (نیازی پاک یان ناپاک) دەڕوانمە هەموو وتارێکی رەخنەیی و سەرنجی لێ هەڵدەهێنجنم.

زۆر حەزم دەکرد، سەرەڕای ئەم هەموو جنێونامەیەی کە کاک حەسەن جاف ئاراستەی مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم)و لە پەنای ئەویشەوە بۆ کۆمەڵێکی زۆری کردووە، هەوڵی بدابایە هێندی شتی بابەتی و فیکری و سیاسی تێ بترانجنایە، تا بمانتوانیبایە هەم لەم شەڕە جنێوانە خۆمان بپاراستایەو هەم لە دەمەتەقێی فیکری و سیاسی و بابەتی دا خوێنەریش سوودێکی لێ وەربگرتایە. لە سەرەتای وتارەکەی کاک حەسەن دا، پێم سەیر بوو کە وشەی (رژێمی بەعسی فاشی) بەکارهێنابوو، چونکە هەر ئەو کاک حەسەنە بوو کاتێ لە پاشکۆی عێراقدا، گۆشەیەکی هەمیشەیی بە باڵادا بڕابوو، تیایدا کتێبی وای دەخستەروو کە دەربارەی جەنگی قادسیەی دۆڕاو نووسرابوون و کاک حەسەنیش لەم گۆشەیەیدا+ کتێبی ئەمجارە زۆر بەشانازییەوە دەینووسی (جەنگی قادسیەی ×دامی پیرۆز (بەزمانی من نەبێ-ف.س.س-) بووە ماددەیێکی بەپێزو دەوڵەمەند بۆ گەلێک شاعیرو چیرۆکنووس تاکو ئەوانیش لەپاڵ برا سەربازەکانیاندا بەقەڵەم بەرگری لە

خاکی نیشتمان بکەن، هەروەها ئەو جەنگەش بووە هۆی ئەوەی گەلێک نووسەری تازە هەڵکەون و بێنە پێشەوەو لە مەیدانی ئەدەبی جەنگدا بەتایبەتی و ئەدەب بەمانا فراوانەکەی بەگشتی جێگەیێک بۆ خۆیان (بدۆزنەوە) تا لە کۆتایی دا دەڵێت (ئەم کورتە رۆمانەی کاک غفور صالح زۆر لە (ئەو گەڕەکەی بەرەو ئاسمانە)و (توانەوە) سەرکەتووترو هونەری ترە. پاشکۆی عێراق-ژ110-8/11/1989).

بەڵێ خوێنەری بەڕێز دوێنێ بەشان و شەوکەتی دیکتاتۆرترین رژێمی دا دەگوت و شەڕە کاولکارییەکەی صدام حوسێن کە بۆ سەر گەلانی ئێران و عێراقی نابووەوە بە (جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆز-بەزمانی من نەبێ-ناوی دەبردو ئەم جۆرە نووسینەی دەکردە وەسیلەیەک بۆ زیاتر سەقامگیربوونی خۆی لە هەولێرو دامەزرانی لەلایەن ئەمن و سیخوڕەکانی بەعس لە کۆلیژو پاشکۆی عێراق و کاروان و دەوامی مەسائێ- دەوام مسائێ-و وەرگرتنی خانووبەرەی زانکۆو!!!..هتد، کەچی ئەمڕۆ صدام گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و پارووە چەورەکەی جاران ئەمڕۆ بە وشکیش دەست ناکەوێ، کاک حەسەن پێی دەڵێت (رژێمی بەعسی فاشی)،وەک ئەوەی نەبای دیبێ و نەباران!! ئای..ی..!! زەمانە!!.

بە بۆچوونی کاک حەسەن زەوتکردنی سەربەستی بیروڕا دەربڕین لە دوای شۆڕشی 41ی تەمووزەوە دەست پێ دەکات، ئەویش دەیگەرێنێتەوە سەر پەیدابوونی هەندێ (مافیا!) لە نێوەندی ئەدەب و رۆشنبیری تا دەگاتە هەڵپەرستی و راپۆرت نووسینیش بۆ رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق پاش (1958). دیارە مەبەستی کاک حەسەن لەم مافیاو راپۆرت نوسین و هەڵپەرستییە، بەلایەنی کەم کەسانی مارکسیستە ئەگەر کۆمۆنیستیش نەبن! خۆزگە کاک حەسەن هەر تەنها یەک تاکە نموونەی بەبەڵگەوە

دەهێنایەوەو ئاماژەیەکی بۆ (مافیاو هەڵپەرست و راپۆرت نووس) بکردابایەو، هەرواو، بەبێ هیچ بەڵگەیەک ئەم گوناهە زەبەلاحانەی بەسەر خەڵکیدا نەفرۆشتبایە!! ئەمە لەکاتێکدا ماڵەکەی خۆی لە شووشەیەو بەردیش ورش دەکاتە سەر ماڵی خەڵکی!

پێم وایە گوناحێکی گەورەیە کەسانی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخواز بە (مافیاو هەڵپەرست و راپۆرت نووس) لە قەڵەم بدرێن!.

پاشان شیوعیەکانی کوردستان بەوە تاوانبار دەکات کە سڵیان لە ناوی کوردستان دەکردەوەو، لەجیاتی کوردستان گوایا دەیانووت شیمالی حەبیب و بەربەرەکانێی فیکری نەتەوەییان بە واجبێکی مقدس و ئومەمی دادەناو دژایەتی کوردو کوردایەتیان دەکردو جەنگێکی چەپەڵیان دژ بەرپا دەکرد-ئالای ئازادی-ژ29).

نازانم کاک حەسەن بیری نەتەوایەتی بەچی تێدەگات و پێوانەی بۆی چییە؟!، لە هەموو نووسینەکەیدا، وا دەردەکەوێ، ئەوەی دژی بیری مارکسی و شیوعیەت بێت، ئەوا بەبێ هیچ قەیدو شەرتێک نەتەوەییەو خاک و میللەتەکەی خۆش دەوێ، تەنانەت ئەگەر دەستی لەگەڵ رژێمێکی دڕندەو فاشیشدا تێکەڵ کردبێ، گرنگ نییە بەڵکو گرنگ ئەوەیە دژی مارکسیەت و شیوعیەت بێ، ئەمەیە گوزەرنامەی نەتەوە پەرستی بەلای کاک حەسەن جاف!!.

جالێرەش لەبەر ئەوەی کاک حەسەن پێی وایە شوکر!! مارکسی و کۆمۆنیستەکان تەنها لە ساڵی (1958) بەدواوە (بەربەرەکانێی فیکری نەتەوەییان بە واجبێکی مقدس و ئومەمی دادەناو"هتد).

دەستی پێ کردووە، هێندە ناگەڕێمەوە سەر بەڵگەنامەکانی حیزب کە هەر لە ساڵی (1953)ەوەو لە یەکەمین رۆژنامەگەری حیزبیدا کە

ڕۆژنامەی (کفاح الشعب)بوو، بەنهێنی دەردەچوو مانشێتەکەی بەسەربەخۆیی کوردستان رازێندراوەتەوەو بەر لە (1958)یش ئاماژە بۆ مەسەلەی ڕەوابوونی یەکێتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری کوردستانی یەکگرتوو کراوە (بڕوانە پڕۆژەی بەڵگەنامەی بەرنامەیی حیزبی شیوعی لە کوردستانی عێراقدا-1992-ل6).

پێم سەیرە کاک حەسەن کە دەڵێت (سەیرەکە لەوەدایە کە لەگەڵ ڕژێمە جۆربەجۆرەکانی عێراقدا هاوکارییان دەکرد- تا ئەمڕۆش- یەکسەر(تنظیرات)ی مارکسییانەیان بۆ ئەو دەست خستنە ناو دەستە دەدۆزیەوەو خەڵکیان پێ دەمکوت دەکرد).

شۆڕشی 14ی تەمووزیش بەشدارییەکی کاریگەرانەی گەلی عێراق بوو، بە هەموو چین و توێژەکانەوە، کە حیزبی شیوعیش بەشێکی فراوان بوو لەو ریزە جەماوەرییەو بۆ وەدیهێنانی خەونە پیرۆزەکانی گەل تێدەکۆشا، حیزب بەشداری کردنی لەم ڕوانگەیەوە بوو تا ناوەڕاستی 1959 کە بەرەو هەڵگەرانەوەیان برد. شیوعیەکانیش هەر هێندە پشتگیرییان لە حوکمی قاسم کرد کە هەتا لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشی 14ی تەمووزدا بوو.

لە سەرەتای شۆڕشی 14ی تەمووزدا (جەماوەر بە عەمەلی زۆر لە مافە دیموکراتیەکانی پەیڕەوکردو دەستپێشخەری میللی جێگەیەکی دیاری هەبوو لە هەنگاونانی شۆڕشدا، لە خۆڕانەبوو لەو ماوەیەدا هەرە بەکەڵکترین دەستکەوتەکانی، شۆڕش وەدی هێنران.... وەک لەناوبردنی حوکمی پاشایەتی ئیستعماری و گرتنەبەری سیاسەتێکی سەربەخۆ، دەرچوونی قانوونی چاککردنی کشتوکاڵ و کارکردنی بەپەلە بۆ جێبەجێکردنی، دەرچوون لە پەیمانی بەغداو لە ڕێککەوتن نامەی دوو قۆڵی لەگەڵ بەریتانیا، بەستنی ڕێککەوتننامەی ئابووری و ڕۆشنبیری هەمەجۆر لەگەڵ

وڵاتە سۆسیالیست و سەربەخۆکاندا کە دەبووە هۆی پتەوکردنی سەربەخۆیی نیشتمانی و پەرەپێدانی ئابووری نیشتمانیمان، دامەزراندنی نەقابەو کۆمەڵە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان و..هتد، بڕوانە دوانامەی هاوڕێ سەلام عادل کە لە گرتووخانەوە بە ناوی(چەند تێبینییەکی سەرەتایی بۆ لیژنەکانی ناوچەو شارەکان)ی نووسی).

بەڵێ شیوعیەکان لەو روانگەیەوە لە سەرەتاوە پشتگیریان لەو خەتە گشتییە راستە دەکرد، کە لە دژی ئیستعمارو دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی و لە دژی هەموو جۆرە جولانەوەیەکی چەواشەدابوو.

بەڵام کە قاسم لەم خەتە لای دا، شیوعیەکان لە ریزی پێشەوەدا بوون کە(قارەمانانە لە هەموو کەرتەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵدا لە دژی دیکتاتۆری تێکۆشان، بێ هوودە نەبوو،کە شیوعیەکان و دیموکراتیخوازەکانی تر سەدانیان لێ شەهید بکرێ و دەیان هەزار تێکۆشەریان لێ زیندان و رابگیرێ لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و لە دژی دیکتاتۆری داو، قوربانی وا بدەن کە سەردەمی حوکمی پاشایەتی ئیستعماری بەخۆیەوەی نەدیوە، زیندانەکانی قاسم پڕ کرابوون لە هەزاران تێکۆشەری شیوعی و دیموکراتیخوازی دژی دیکتاتۆری، چەند ساڵێک لە زیندانەکانی قاسم بەندکران و، کودەتای کۆنەپەرستی فاشی یانەش هەزارانی تریشی دانە پاڵ و هەزاران تێکۆشەری لەسەر جادەو ماڵ و ئۆردووگاکاندا تیرۆرکرد، لەوانەی کە لە دژی دیکتاتۆری تازەی رەشی هەرە چەپەڵ و کۆنەپەرست و خزمەتکاری ئیستعمارو دەرەبەگایەتی، راوەستانـ دوانامەی هاوڕێی شەهید سەلام عادل لە گرتووخانەوە بۆ لیژنەکانی ناوچەو شارەکانـ).

بەڵێ، شیوعیەکان لەو روانگەیەوە لە سەرەتاوە پشتگیرییان لەو خەتە

گشتییە دەکرد کە لە دژی ئیستعمارو دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی و لە دژی هەموو جوولانەوەیەکی چەواشە دابوو.

بەڵام ئەدی کاک حەسەن جاف بۆچی باسی بۆرژوای نەتەوە پەرستی کورد ناکات کە ( (بەشێوەیەکی کوێرانە لە دژی قاسم جەنگان، یارمەتی و پشتگیرییان لە هەموو لایەک بۆ رووخاندنی قاسم دەکردو پشی پشییان بۆ ناسیۆنالیستە راسترەوەکانی عەرەب کردو هاوکاریان لەگەڵدا کردن و کودەتای 8ی شوباتی 1963یان بەسەرکەوتنی خۆیان لە قەڵەم دەدا هەمان سەرچاوەی پێشوو)).

**مەعاریفی قلیاسان**

کێ دەتوانێ نکۆڵی لە بەشداریکردن و سەرکردایەتیکردنی شیوعیەکانی کوردستان بکات لە راپەڕینەکانی جووتیارانی عەربەتی ساڵی 1948و هۆرین و شێخان ساڵی 1951-1954و دزەیی ساڵی 3591و مانگرتنەکەی کرێکارانی نەوتی کەرکوک لە گاورباغی ساڵی 6491و کرێکارانی هێڵی ئاسنی لە هەولێر ساڵی 1948و دەیان خۆپیشاندان و مانگرتنی دیکەیش. رێککەوتننامە هاوبەشە دوو قۆڵیەکەی ساڵی 1957 کە حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان مۆری کرد نیشانەیەکی زەقی دڵسۆزی حیزب بوو بەرامبەر بە گەلی کورد.

(بڕوانە پڕۆژەی بەڵگەنامەی بەرنامەیی حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق–ل9).

ئەو کوردپەروەرانەیش کە داوای مەعاریفی کوردستان ( (معارف کردستان))یان دەکرد، حیزبی شیوعی بە هیچ شێوەیەک دژی نەبووەو،

بەپێچەوانەوە حیزب ناخۆشحاڵی خۆیشی بەرامبەر ئەو چەند لاوە دەمارگرژانە دەربڕی کە بەهەڵە هاتبوونە ناو حیزبی شیوعی عێراق و (وەک کاک حەسەن دەفەرمووێ) (دەیانشیڕاند نامانەوێ مەعاریفی قلیاسان). هێندەشی نەبرد ئەو دەمارگرژانە لە ریزی حیزب نەمان و پەرت و بڵاوبوون و لەبەر کەم هوشیاری چینایەتی (الفقر الوعی الطبقي) یان رێیان کەوتبووە ناو حیزب.

بەڵام نازانم کاک حەسەن بۆچی باسی هەڵوێستی حزب ناکات کە چۆن ئیدانەی ئەو دەمارگرژانەی کردو بەرامبەریان وەستا، خۆ (گۆران)ی شاعیریش شیوعی بوو، کاتێ حکومەت پێی وت نابێ بەشداری لە کۆنفرانسی مامۆستایان بکەیت و خۆ ئەگەر بەشداریش بکەیت ئەوا مووچەکەت دەبڕین، بەڵام مامۆستا (گۆران) نەک هەر کاریگەرانە بەشداری تێدا کرد، بەڵکو شیعرێکی ئەوتۆشی بەم بۆنەیەوە نووسی کە (بەرێگادا بەرەو کۆنفرانس) بوو، کە هەتا ئێستا کە هیچ دەمارگرژێکی وەک کاک حەسەن و عەبداللە عباس و...هتد، کۆبکەیتەوە، نەیانتوانیوە شتێکی ئاوا نەمرو مێژوویی بنوسن کە هەتا میللەتی کورد ماوە شانازی پێوە بکات.

ئەم مەعاریفی قلیاسانە چەند جارێکی دیکە لەلایەن توتکەسەگەکانی رژێم وروژێندراوەو لە لاپەڕەکانی رۆژنامە رووزەردەکانی بەعس دا بڵاوکراونەتەوە، کە عبداللە عباس یەکێک بووە لە چەندین جار هێنانەوە سەر باسی ئەم مەعاریفی قلیاسانە.

پێم ناخۆش بوو کاک حەسەن خۆی هاویشتە ئەم سەنگەرەوەو بە هەمان بیروبۆچوونی عبداللە عباسەوە باسی لێوە دەکات!!!.

کێشەی یەکێتی نووسەرانی کوردیش، تائێستا شتی لەسەر نووسراوەو وتراوەو بە چاکی یەکالاکراوەتەوەو هەڵوێستی حیزبە کوردیەکانیش لە

سەروویانەوە (پ.د.ک)و (ی.ن.ک)و هەروەها حیزبی شیوعی عێراقیش دەربڕاوەو، لە کۆنگرەی راپەڕین و رۆژنامەی (رێگای کوردستان)دا باسی لێوە کراوەو پێویست ناکات جارێکی دیکە ئەم قەوانە بۆ کاک حەسەن لێبدەینەوە بەڵام پێویستە کاک حەسەجافیش لە ئاست حەقیقەتەکاندا چاوی نەنووقێنێ، وەک وابزانێ مادامەکی ئەو چاوی خۆی لە حەقیقەت نواندووە، کەواتە حەقیقەتیش نایبینێ!!!، بەڵام حەقیقەت هەزاران (میرابۆو ستالین و رەمزی نافیع)ت بۆ یەکالا دەکاتەوەو کەسیش ناتوانێ لەبەردەم حەقیقەت دا بکۆکێ و بڵێ لەل.

**رەمزی نافیع**

چ مامۆستا (مەسعود محمد)و چ خوالێخۆشبوو (عیزەدین فەیزی)و چ کاک حەسەن جاف، هەر هەموویان ئەوە دەردەبڕن لەبەر چەوساندنەوەی گەلی کورد لەلایەن ئینگلیزو داگیرکردنی کوردستانی باشوور بوو، چ رەمزی و چ بنەماڵەکەی، هەوڵی ئەوەیان دەدا رێگە چارەیەک بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی تەنگ بە ئینگلیز هەڵبچنن و بواری ئەوە نەدەن چیتر ئینگلیز کوردستان داگیر بکات و، میللەتی کورد لە چەوساندنەوە رزگار بکەن!

بۆیە ناچار رەمزی و بنەماڵەکەی پەنایان بردۆتە بەر وەسیلەیەک کە ئەویش پێوەندی کردن بووە بە تورک و لە رێگەی تورکیشەوە پێوەندی و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ ئەڵمانیای نازی. شایانی باسە ئەو ساڵانەی رەمزی پێوەندی لەگەڵ تورکیا (بێگومان نەک ساڵانی رەشید ئاغاو عەتاوللا ئاغا)و ئەڵمانیای نازی کردبوو، ئەڵمانیا دوژمنێکی سەرسەختی ئینگلیزو یەکێتی سۆڤیەت و هەموو گەلانی دونیا بووە.

بەڵام لە راستیدا دەست تێکەڵکردنی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێشی جەنگی جیهانی یەکەم و ئەو کاتەی تورک کوردستانی تەواو داگیر

کردبوو. ئەم بنەماڵەیەش دەتوانم بڵێم داردەستی تورک بوونە کە هێشتا کە ئینگلیز لە هیچ گۆشەیەکی کوردستانا نەبوو بوو.

لە ساڵی 1918بە دواوە کە ئینگلیز چاوی لە کوردستان گیرکردو داگیری کرد، ئەم بنەماڵەیەش (رەشید ئاغاو عەتاوڵلا ئاغا) کە هێشتا رەمزی نافیع رەشید ئاغا هەر لە دایکیش نەبوو بوو، کەوتنە ئاژاوەنانەوەو پڕوپاگەندەکردن دژی حکومەتی بەریتانیاو، هەندێک لە تورکەکانیش ئەوانەی وەزیفەیان نەمابوو، پشتگیرییان لێ دەکردن.

بڕوانە (سنتان فی کردستان 1918-1920- دبلیو: ار- جی حاکم اربیل السیاسی ایام الاحتلال البریطانی الدابر- ترجمه- فواد جمیل-ص 199-200).

هەر ئەم پێوەندییەی باوک و باپیری رەمزییش بووە لەگەڵ تورکەکان، کەوای لێهات رەمزیش لە لوبنانەوە بۆ خوێندن روو بکاتە تورکیاو، لەوێش لە شاری ئەستەنبوول لە ساڵی 1924دا میوولەر چاوی بە رەمزی بکەوێ و یەکتری بناسن.٥ بڕوانە (لە رۆژهەڵاتی گڕگرتوودا- گوتفرید یوهانز میوولەر- 1992- ل8).

ئەمە جگە لەوەی بنەماڵەی رەمزی وەکو بنەماڵەیەکی دیاری ئاغایەتی و دەرەبەگایەتی لە هەولێر، بە ئاغایەتی بەناوبانگ بوونەو، لەرووی تێگەیشتن و فێربوونیشدا دەست کورت و کۆلەوار بوونە (سنتان فی کردستان- سەرچاوەی پێشوو- ل199).

رەمزییش هەر چۆنێک بووبێ، بە منداڵی تا قۆناخی ناوەندی و دواناوەندی ئەو هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییەی نەبووەو شۆرشگێرو تێکۆشەرە رەش و رووتەکانی شاری هەولێر، هەر نەدەوێران هیچ شتێک لای رەمزی بدرکێنن و رەمزییش خۆی لە تێکۆشەرە رەش و رووتەکان دوورە پەرێز گرتبوو. بەشێوەیەک خزمەتکارێک هەموو رۆژێ بۆ قوتابخانە کتێبی بۆ رەمزی

هەڵدەگرت و دوایش کە دەوامی تەواو دەبوو دووبارە خزمەتکارەکە دەهاتەوەو کتێبەکانی لە رەمزی وەردەگرت تا ماڵەوە. چوونیشی لەگەڵ میوولەر بۆ ئەڵمانیا رەنگە هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە میوولەر پێی وتووە دەتکەمە سەردارو حوکمداری کوردستان.

بەڵام من پرسیارێک لە کاک حەسەن جاف دەکەم، کاتێ میوولەرو ئەوانەی لەگەڵ میوولەر بوون گیران، بەڵام بۆچی رەمزی لێیان دابڕابوو، تەنها رەمزی ساغلەم دەرچوو؟!!.

دواییش چۆن زانرا رەمزی یان لەگەڵدایەو، ئینجا رەمزی چۆن و کێ تەسلیمی کرد؟!!.

پێم وایە جیابوونەوەی رەمزی لە میوولەرو ئەوانی تر شتێکە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن هەیە.

کاک حەسەن دەیەوێ هەر هەموو بنەماڵەکەیان بە نەتەوەپەرستی کوردو شۆڕشگێڕ لە قەڵەم بدا، کە واش نییە. لەبەر ئەوە یەکسەر چیکڵدانەی پڕ(با) بووەو، دەڵێیی بیبەری تیژی کراوەتە کونی لووتییەوە!، بە هەزارویەک بوختان و قسەی ناهەق بەرامبەر بە کاکە حەمەوە ئینجا دەڵێت حەسامەوەو دەروونم ئیستراحەتی کردو.. تاد...(ئاڵای ئازادی ژ13).

تادەگاتە ئەوەی مێژووی پرشنگداری حزبێک کە بە حیزبی شەهیدان ناسراوە لەکەدار بکات و بە تاوانباریشی دابنێ!!! بەڵام ئەمەیان شێخ رەزا گوتەنی (وەک هەڵگەڕانی مێروولەیە بە کێوی قافا)).

پاشان نەمزانی کاک حەسەن بۆچی نووسیبووی (کلیلی دەروازەی بیرکردنەوەی حەمە لە مۆسکۆ بوو رەنگە کاک حەسەن ئێستا هەروا بزانی مارکس رووسی بووەو خەڵکی رووسیابووەو لە رووسیاش خەڵکی مۆسکۆ بووە!!!.

**حیزبی هیوا**

هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ بەرگری لە ڕەمزی بکەن و پاکانە بەوە بۆ نیشتمانپەروەرێتیەکەی بکەن، گوایا ڕەمزی لە حیزبی هیوا دا ئەندام بووە. ئێ باشە خۆ حیزبی هیوا بە هیچ جۆرێک پێوەندی لەگەڵ تورک و ئینجا بە نازییەتەوە نەبووە، ئەگەر سووکە دۆستایەتیەکیش هەبووبێ، ئەوا لەگەڵ ئینگلیزیان هەبووە، نەک لەگەڵ تورک و نازی دا کەوا بێت ئەم کارەی ڕەمزی کە دەستی نازییەکانی بۆ کوردستان ڕاکێشاوە، پێچەوانەی سیاسەتی حیزبی هیوا بووەو ڕێی تێناچێ حزبی هیوا ئاگاداری هەبووبێ و پێی زانیبێ.

**شەڕی دووەمی جیهانی و کۆماری مەهاباد:**

کاک حەسەن، گوناحی گرتنی زۆر لە وڵاتەکان لە شەڕی دووەمی جیهانا دەخاتە گەردنی یەکێتی سۆڤیەت و، لەولایشەوە ئەڵمانیای هیتلەری و فەرەنساو بەریتانیاش بەبێ گوناح دەهێلێتەوە، باسی هۆی بەدەستەوەدانی چیکۆسلۆفاکیای بۆ هیتلەری شەرخواز هەر نەکردووە، کە بەهۆی ڕێککەوتنی میونخ لە ئەیلولی 1938دا لە نێوان فەرەنساو بەریتانیا لەلایەک و ئەڵمانیاش لەلایەکی ترەوە، بووە هۆی تەسلیم کردنی چیکۆسلۆفاکیا بۆ هیتلەری نازی. ئەمە بوو بووە هۆی مەترسی نازی بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت بەبێ هیچ هاوپەیمانێتییەکیش لەگەڵ ئەوروپا.

کەچی لە ئەنجامی ڕەوشتی ئینگلیزو فەرەنسا لەسەر ئیمزاکردنی پەیمان (معاهدە) لەگەڵ هیتلەر لە 1939/8/23دا، یەکێتی سۆڤێت زیان و زەرەرێکی زۆری پێ گەیشت. کەچی کاک حەسەن جاف چاوی لەم هەموو ئەو ڕێککەوتنانە پۆشیوە کە ئینگلیزو فەرەنساو ئەڵمانیا دەیانکرد، بەڵکو گوناحی فەرەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیاش هەر دەخاتە ئەستۆی یەکێتی

سۆڤیەت!!!. لە 6ی کانوونی یەکەمی 1938 وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا سەردانی پاریسی کردو، فەرەنسا ئیمزای ئەوەی کرد کە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەڵمانیادا نەکات و ئەو پەیمانەیش کە لە نێوان فەرەنساو سۆڤیەت لە ساڵی 1935 بەستراو ئیمزایان کردبوو، فەرەنسا پاشەکشەی لێ کردو پاشانیش فەرەنسا پشتگیری بەریتانیای کردو دژایەتی شیوعیەت و سۆڤیەتی زیاتر لە دوژمنایەتی ئەڵمانیا دەکرد.

هیتلەر لە تەمووزی 1940ەوە ئامادەبوو هێرش بۆ سەر یەکێتی سۆڤیسەت بهێنێ، واتە هەر لە دوای تێکشکانەکەی فەرەنسا. هەر ئەوەش بوو لە 1941/6/22دا سوپای نازی بە درێژایی بەرە هێرشی بۆ سەر خاکی سۆڤێت برد، لە کاتێکدا سوپای سۆڤێتی نەک هەر خۆی ئامادە نەکردبوو، بەڵکو ئەو کاتەی هێرشیشی کرایە سەر هەر لەو باوەڕەدا بوو پێکدادانێکی سەر سنوورییەو هێندە بایەخی پێ نەدا، چونکە (معاهدە) کە وەختی مابوو، بۆیە (ستالین) لەو قەناعەتەدابوو ئەڵمانیا پێش ساڵی 1942 هێرشی ناکاتە سەر.

ئەو تێکشکانە گەورەیەی سوپای سۆڤیەتیش لە سەرەتای هێرشەکەی ئەڵمانیا بۆ سەر خاکی روسیا، پێی کەوت، لە نێو چەوانی حوکمی تاکڕەوی (ستالین)ەوە پێیان کەوت سەرباری ئەو هەموو پاڵەوانێتیەی ئەفسانە ئاسا سوپای سۆڤێتی نواندیان.

ئەگەر سوپای سۆڤێتی یەک تۆز ئامادەیی خۆی بۆ هێرشی دڕندانەی نازی وەربگرتایە، سوپای هیتلەری لە خەونیش دا نەیدەتوانی لە ماوەی چەند سەعاتێکدا زۆربەی فرۆکەکانی سۆڤێتی لەسەر زەوی تێک بشکێنی و لە ماوەی (3) رۆژیش دا دەبابەکانی ئەڵمانی (250)کیلۆمەتر بێنە ناو خاکی روسیاو لە ماوەی (6) مانگیش دا ئەڵمانیای هیتلەری دەست بەسەر

کۆمارەکانی بەلتیق، بیلۆروسیا، بەشێک لە ئۆکرانیا (بە دونیاس یشەوە)، کریمە، کییف، کارکوف، اودیسا، دابگرێت و بەشێوەیەک گەیشتبووە ئەو رادەیەی (25)کم مابوو لە دەرگای لینینگرادەوە بگەنە ناو مۆسکۆ.

لینینگراد چوار دەوری گیرابوو، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا مۆسکۆش بەتەواوی بکەوێتە دەست چڕنووکی نازیەکانەوە و نازیەت ببێتە تاکە ئیمپراتۆریەتی جیهانی و هیچ هێزێکی تر نەبێ لە رووی دا بکۆکێ. (بڕوانە: تأريخ الظاهره الستالينية).

بەڵام، دوای قوربانییەکی ئەوتۆ کە لە مێژووی تێکۆشانی گەلانی دونیادا نموونەی نەبووەو، ئەو قوربانییە سەربازی و مەدەنییانەی سۆڤیەت کە تەنها لە کاتی گەمارۆدانی لینینگراد پێی کەوت، لە هەموو زیان و زەرەرەکانی ئینگلیزو فەرەنساو بەریتانیا بە درێژایی شەڕی دووەمی جیهانی زیاتر بوو!!

گەلانی سۆڤیەت توانیان پاڵەوانێتییەکی ئەوتۆ بنوێنن، کە هەتا مێژوو ماوە جێگای شانازی هەموو گەلانی ستەمدیدەو زۆر لێکراوبێ.

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی دا نازیەکان 1700 شارو...،70 گوندیان بە تەواوی کاول و خاپوور کردو گەلانی سۆفیەت (23)ملیۆن تا (25) ملیۆن قوربانی و شەهیدیان لە پێناوی سەربەخۆیی کردە ملوانکەو بە گەردنی خاکی روسیایان وەکرد، بەشێوەیەک هەموو گەلانی دونیا قەرزاری ئەم تێکۆشان و قوربانیانەی گەلانی سۆفیەتە، چونکە ئەگەر بهاتبایەو نازیەت خوانەخواستە سەر بکەوتبایە، ئێستا کێشەی گەلانی دونیاو بزاڤی رزگاریخوازە نیشتمانییەکان بەشێوەیەکی دیکە وەردەچەرخا.

ئا ئەمە بوو وەزعی یەکێتی سۆڤیەت، کە کاک حەسەن جاف چاوی لەم هەموو شتانەی سەرەوە پۆشیوەو بێ ئاماژەکردنی هیچ سەرچاوەیەک،

بۆ ئارەزووی دڵی خۆی، دەڵێ یەکێتی سۆڤیەت دەوری هەبووە لە رووخاندنی کۆمارە ساوایەکەی مەهاباد.

کەچی بەهیچ شێوەیەک دەوری خیانەتکارانەی جاویدو شبوستری و محمد بیریا کە لە سەرکردەکانی ئازەربایجانی بوون، پێوەندیان بە (تاران)ەوە کردو (بڕوانە: دراسات فی تأریخ ایران الحدیپ والمعاصر د. کمال مضهر احمد- بغداد 1985 ص 612)، کاک حەسەن هەر لە کولەکەی تەڕیشا باسی نەکردوون، کە رۆڵی بنەڕەتییان هەبوو لە رووخاندنی کۆمارەکە.

ئەو هێرشە چوار قۆڵییەی کە بۆ سەر کۆمارە ساوایەکەی (مەهاباد)یش کرا بە تەئید کردنی تەواوی واشنتۆن و لەندەن بوو نەک مۆسکۆ کە هێزەکانی ئێرانی دەستیان پێکرد.

ئەویش بریتی بوو لە (104) تۆپ و(55) دەبابەو چەندین فڕۆکەو(26000) سەرباز کە بەرەو(قەزوین و زنجان) لەلایەک و(تیکان تەبە هوشیار) قۆڵی دووەم بوو(رشت و پەهلەوی) قوڵی سێیەم و(سەقزوبانە)ش قوڵی چوارەم بوو.

(سەرچاوەی پێشووـل262).

هاتنی سوپای سۆڤێتیش لە 1941/8/52 بۆ باکوری ئێران دەگەڕێتەوە سەر دەستپێکردنی ئەو شاڵاوە ئیرهابیە بەرفراوانەی کە بووە هۆی کوشتن و گرتنی هەزاران کەس لە ئازەربێجانیەکان و هەڵاتنی دەیان هەزاریش بۆ ناو خاکی ئازەربێجانی سۆفێتی، بە (جەعفەر بیشوری)یشەوەه جەعفەر بیشوری لە 12ی کانوونی یەکەمی 1945 دامەزراندنی (کۆماری ئازەربێجانی دیموکراتی) راگەیاندە بەڵام لە 1946/5/9 هیچ سەربازێکی سۆڤێتی لە خاکی ئێران دا نەمابوو، کە هێشتاکە کۆماری مەهاباد بە

تەئیدکردنی (واشنتۆن)و (لەندەن) جوانەمەرگ نەبووا!.

لێرەوە دەمەوێ ئەو حەقیقەتەش بە کاک حەسەن و هەموو ئەو کەسانە بڵێم کە وەک کاک حەسەن بیردەکەنەوە، ئەویش ئەگەر بهاتباو یەکێتی سۆڤیەت یان بەشێوەیەکی تر بڵێم ستالین ببایە هۆی مانەوەو پاراستنی کۆماری مەهابادیش (کە هەر چەندە ئەوکاتە لەبەر ئەم هەموو شەهیدەی خۆیان و ماندووبوونی سوپاکەیان توانای هیچ یارمەتی یەکی تریان نەمابوو)، ئەوا هیچ شتێکی لە دیکتاتۆریەتی ستالین و حوکمی تاکرەویی نەدەگۆڕی و هەر بە کابرایەکی دیکتاتۆر و قەمعی لە قەڵەم دەدرا. بەتایبەتی ئەو هەموو قەسابخانەیەی کە لە ناوەڕاستی سییەکان (1935) بەدواوە دایمەزراندبوو.رێککەوتنی رەمزی لەگەڵ نازی ئاسمان و رێسمانە لەگەڵ رێککەوتنەکەی نێوان ستالین و هیتلەر چونکە رێککەوتنەکەی رەمزی لەپێناو دەست راکێشانی ئەڵمانیەکان بووە بۆ سەر خاکی کوردستان، بەڵام رێککەوتنەکەی نێوان ستالین و هیتلەر هەر بۆ ئەوە بوو تا ئەو ماوەیەی لە نێوانیان دانراوە، هێرش بۆ سەر یەکتری نەبەن، ئەگەرچی سۆڤیەت چاک دەیزانی ئەم شەڕە کاولکاریە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دامەزراوە.

هەرواش بوو هیتلەر خۆی پێنەگیرا تا ماوەکە تەواو دەبێت دان بەخۆدا بگرێ بۆیە پێشی تەواو بوونی ماوەکە لە غافڵەتی و لە ناکاوا دڕندانەترین هێرشی بۆ سەر خاکی روسیادا ئەنجام دا. ئیتر تاوانبارکردنی یەکێتی سۆڤیەت نازانم یانی چی؟!.

لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم کاک حەسەن هەوڵبدات زەمینە بۆ (حوار)ی فیکری و سیاسی خۆش بکات نەک قسەی نابەجێ و دوور لە بەرژەوەندی گەل، تا خەڵکیش لە خوێندنەوەی نووسینەکانمان بێزار

نەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە تامەزرۆی نووسینەکانمان بێت و دیوە شاراوەکان بدۆزینەوە. ئەگەر هەر لەسەر جنێوو توانجیش بەردەوام بێت، ئامادەنیم جنێو بە جنێو وەڵام بدەمەوە..

**سەرمایەداری هەزار جاری دیکەش خۆی نویّ کاتەوە،**
**مارکس گوتەنی: هەر بەربەریەتە**

ئەوکاتەی جیهان جیهانی دوو جەمسەری بوو زۆربەی بزاڤە رزگاریخوازە نیشتمانییەکان لە جەوهەرو ناوەڕۆکیاندا، تەنانەت ئەگەر بزاڤێکی سەر پاک نەتەوەیی و راسترەویش بوان. ئەوا کەش و هەوای سیاسی جیهانی وای دەخواست، ئەم بزاڤانە (بۆیە)یەکی سووری مارکسی لینینی لە خۆیان هەڵسوون و خۆیانی پێ دەمامک بدەن، چونکە یەکێتی سۆڤیت ئەو کات هێزێکی ئێجگار زەبەللاحی جیهانی بوو. بەڵام پاش ئەوەی رژێمەکانی یەکێتی سۆڤیت و ئەوروپای رۆژهەڵات لە باریەک هەڵوەشانەوەو. دونیا بوو بە دونیای یەک جەمسەری ئەمریکی ئەو بزووتنەوانە یەکسەر میلی سیاسەتیان وەرگێڕاو، پاکانە بۆ دونیای سیستەمی نوێی جیهانی دەستی پێ کرد، لەم روانگەی سەرەوەدا، کوردستانی نویّ لە ژمارە "797"ی رۆژی 1994/9/29و لە دوا

لاپەڕەیدا، کاریکاتێرێکی بڵاوکردۆتەوە کە پیاوێکەو دەستێکی خوێناوی بە نیشانەی سەرکەوتن بەرزکردۆتەوەو دەستەکەی تریشی لە خوارەوەیەو، خوێنی لێ دەتکێ گوایا ئەمەش خوێنی میللەتەو پیاوەکەش رەمزی سیستەمی سۆسیالیستییە لە چین، بەڵێ بخوێنی ئازیز لەگەڵ کاریکاتێرەکەشدا کورتیلە وتارێک، بێ ئەوەی ناوی هیچ نووسەرێکی لەسەربێ بڵاوکراوەتەوە، کە بەبێ شک نووسینی بێ ناو، گوزارشت لە سیاسەتی رۆژنامەکە دەکات، وا لە خوارەوە چەند بڕگەیەکی نووسینەکان دەخەینە بەرچاوتان. " لە دەیەی دووەمی ئەم سەدەیەدا، کۆمونیستەکان بە شۆرشێکی خوێناوی دەستیان بەسەر روسیادا گرت لە هەموو ئەو وولاتانەدا کە کۆمۆنیستەکان حوکمیان کردن، مافی مرۆڤ پێشێل کراو هیچ جۆرە ئازادییەکی دیموکراتی بۆ گەل نەسەلمێندراو، رژێمێک کە کۆمۆنیستەکان هێنایانە کایەوە، رژێمێکی پۆلیسی بوو، کە دەرفەتی هیچ نارەزاییەکی نەدا،." تا دەڵێت "لەم کاریکاتێرەدا ئاماژە بۆ ئەو رژێمە کۆمۆنیستییە کراوە کە تا ئێستا لە وڵاتی چین لە ئارادایە. ئەو رژێمە لە ساڵی 1947ەوە لەسەر کارە، بە درێژایی ئەم ماوەیەش گەل هیچ جۆرە ئازادی و دیموکراسییەکی راستەقینەی بەخۆوە نەدیوە ئینجا هەموو رق و کینەی کەڵەکە بووی خۆی قڵپ کردۆتەوەو نووسیویەتی"رژێمێک کە دەستی چۆتە خوێنی گەلەکەی. هیچ ئایندەیەکی نابێ".

سەرەتا دەڵێین. ئەو کاتەی شۆڕشی بۆرژوا لە شوباتی 1917. دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست، وڵاتی روسیا بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەم و باری نێوەخۆوە، لەنێو کۆمەڵێک قەیرانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی..هتد نقوم ببوو. دوای ئەوەی شۆڕشی بۆرژواش دەسەڵاتی گرتە دەست، بەهۆی ئەو قەیرانانەی کە باسمان کردن، وڵات لە

تەنگەژەیەکدا بوو ستەم بوو حکومەتی بۆرژوایی چارەسەری پێ بکرێت. بەتایبەتی لە مانگی تەمووزو ئاب و دواتر شۆڕشیش کودەتایەکی چەند کەسی نەبوو تا حکومەتی کیرنسکی لادەن و خۆیان ببنە فەرمانڕەوا. بەڵام نەعرەتەی لینین وای کردبوو کە دەیان هەزار کەس چەک لە دژی حکومەتی بۆرژوای کیرنسکی هەڵبگرن و کرێکار دەسەڵاتی سیاسی خۆی وەربگرێت. کە شۆڕشی ئۆکتوبەریش سەرکەوت لەگەڵ هەموو ئەو شەڕە ناوخۆییەی کە روویاندا. هەرگیز نەیانتوانی سەبارەت بە بایەخدانی لینین بە پێشکەوتنی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی رێگە لە لینین بگرن. ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی 1921یشدا پاکسازییەکی زۆر گەورەی ئەنجامدا. بەداخەوە، مەرگی لینین زۆر ناوەخت بوو. تێبینیەکانی لینین بەرامبەر بە هەر (6) شەش سەرکردە، بە تایبەتیش ستالین و ترۆتسکی ماون و. هەلومەرجی نائاسایی سۆڤیت دیارو لەبەرچاون، لەگەڵ هەموو کاری بیروکراتیانەی ئەو سیستەمەی لە سۆڤیت و ئەورووپای رۆژهەڵاتدا هەبوو. ئاشتی بەرقەرار بوو.. ژیانی کۆمەڵایەتی زامن و مسۆگەر بوو، کە ئیمڕۆ لە سایەی سیستەمی نوێی جیهانی بووەتە گرانترین ئەرکی سەرشانی گەلانی دونیا، بێگومان ئەو سیستەمەی لە یەکێتی سۆڤیت و رۆژهەڵاتی ئەورووپادا هەبوو، وە نەبێ کەموکوڕییان نەبووبێ. بەڵام بە نەمانی ئەو سیستەمانە نەک کەموکوڕییەکانی چارەسەر نەکران، بەڵکو قوڵترو قوڵتر بوونەوە ئەوەتا یوغسلافیا، روسیا، لە ناو قەیرانێکی قووڵی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی دەژین سیستەمی سەرمایەداری و دژە پێشکەوتن خوازی، دەیان بەهانەی جۆراوجۆریان بۆ (هۆنیکەر) دۆزیەوەو هەموو هەوڵێکیاندا بۆ ئەوەی راستگۆو سۆسیالیست بە تاوانبارو بکوژ لە قەڵەم بدەن و ئینجا دادگا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ بدا، بەڵام (هۆنیکەر)ی خۆشەویستی

گەلان، زۆر بە راشكاوی و زۆر سەر بەرزانە لە دادگایكردنیدا رووبەڕووی دوژمنانی سۆسیالیزم بووەوەو ساغلەم و بێ گوناه دەرچوو، لێرە دەڵێم ئەم رژێمە ئەگەر كەمێك، زۆر نا، پۆلیسی بوایە، لە سایەی ئەو تەكنەلۆژیایەی ئیمڕۆ لە ئارادایە، دەبوایە هۆنیكەر دەستی لە كوشتنی دەیان و سەدان و هەزاران كەس هەبوایە. بەڵام رووی راستی رووداوەكان بە روونی دەركەوتن. راستی رووداوەكان بە رادەیەك كەڵەكەیان كردووە، تەنانەت ماوەیەك لەمەوبەر نەتەوە یەكگرتووەكانیش لە راپۆرتێكدا بڵاویكردەوە دەڵێت: پاش هەرەسهێنانی سستمی سۆسیالیستی، مەترسی تێكچوونی تەندروستی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە زیاتری كردووەو تاوان و تاوانكاریش زۆر لەجاران زێتر بووە. هەروەها راپۆرتەكە ئاماژەی بە زۆر خاڵی گرنگ كردووە. یەكێك لەوانە دەڵێ رێژەی ئەو هەزارانەی كە لە هەژارییەكی بێ سنووردا دەژین لە (2%)وە گەیشتۆتە (25%) . تا دەڵێ لە رۆژهەڵاتی ئەوروپاش لە ماوەی 4 ساڵ پێش 1993 زیاتر لە 8 هەزار كەس لەبەر برسێتی گیانیان لەدەست داوە. لێرەدا زۆر بەكورتی و تەنها بۆ بیرخستنەوە ئاماژەیەكی ژیانی خەڵكی لەهەندێك لە وڵاتانی سەرمایەداری رۆژئاوا دەكەم.

بەپێی راپۆرتی پۆلیس لەساڵی 1993دا "دوو ملیۆن و نیو" تاوان لە بەریتانیادا كراوە. كە لەراستیدا زیاتر لە 3 ملیۆنە، بەڵام خەڵك بێزاربوون لە راپۆرت نووسین بۆ پۆلیس. ئاماری كانونی دووەمی 1994 پیشانیدا كە لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوانكردن بە رێژەی 5% زیادی كردووە، هەر ئێستا بەریتانیا نزیكەی (500،000) واتە نیو ملیۆن بەندكراوی هەیە. لە ئەمەریكاش ملیۆنێكەو، توركیای دراوسێش لە بەریتانیا زیاتری هەیە. دیموكراتیەتی بەریتانی گەیشتۆتە ئەو رادەیەی وەزیرەكانیشی رەقابەی

تەلەفۆنیان لەسەر بێ. بە سەدەها کەس ئەگیرێن و لەژێر گوشاری ئەشکەنجەدا ئیعترافی درۆیان پێ دەکەن و حوکمیان ئەدەن و دوای (5) ساڵ یاخود (10) ساڵ کە (استئناف) دەکرێ، بەبێ تاوان دەردەچن وەک خەڵکێکی زۆر لەسەر لەشکری رزگاری ئیرلەندەی باکوور لەساڵی (1975) بەهەندێک لە کەس و کارەکانیشیانەوە گیران. بەڵام ساڵی پار بەبێ تاوان دەرچوون و ئازادکران، کە هەندێکیان لە گرتووخانەدا بەبێ هیچ سوکە گوناهێکیش گیانیان سپارد بوو (باش سەرنج بدە خوێنەری ئازیز).

وەنەبێ باری ئەمەریکا تۆزقاڵێک باشتر بێ، تەنها لە ئەمەریکادا نزیکەی (8) ملیۆن بێکار هەن. ژمارەی ئەو منداڵانەی خەڵک بەخێویان دەکەن، یاخود دەچنە هەتیوخانەکانەوە، لەماوەی ساڵی 1987 و ساڵی 1991 دا بە رێژەی (50%) زیادی کردووە.

لەئیتاڵیاش لەساڵی (1987)وە تا ئێستا بەهۆی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییەی کە هەیە چەندین جار سەرۆکی وەزیران گۆڕدراوە. مافیا و بەرتیل و بەرتیلکاری و بێکاری و گرانی بە تەواوی دەستیان بەسەر وڵاتدا کێشاوە.

بۆ ئەم سستمەش کە لە چین دا هەیە "پێم سەیرە کوردستانی نوێ بەخوێناوی ناوی بردووە"، پێویستە لەسەرەتاوە ئەوە بزانین (چین) یەکەم وڵاتی دنیایە لەڕووی سەرژمێرییەوەو ژمارەی دانیشتوانی خۆی زیاتر لە ملیارێک و سەد ملیۆن کەس دەدات، لەرووی پێوی سەر زەمینیشەوە، سێهەمین وڵاتی جیهانە. وڵاتی چین مەڵبەندێکی دێرینەی شارستانی بووە، بەڵام سەدان ساڵیش بوو لە ژێر باری چەوساندنەوەی سستمی دەرەبەگایەتی و مەزهەبی کۆنفیشیۆس و کۆیلەفرۆشی و سۆزانێتی و تریاک کێشان تا دەگاتە بێکاری و دەیان دیاردەو نەریتی دیکەی دوور لە

سادەترین بنەماکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەینالاند. وێرای ئەمانەی سەرەوەش ئیمپریالیزم "ژاپۆن و ئەمەریکاو بەریتانیا" نەخشەی "چین"یان دەکێشا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوایی لە ساڵی 1924، کە وەرچەرخانێکی گرنگ و کاریگەربوو، کۆمنترین (نێونەتەوەیی سێهەم) بایەخێکی گرنگی بەم وڵاتەدا. بایەخ پێدانەکەش لەو روانگەیەوە بوو، کێشەی جوتیاران کە لەوڵاتدا رێژەی (80%)یان پێکدەهێنا ببوو بە کێشەیەکی بنچینەیی دوای ئەوەش کە شۆڕشی بۆرژوایی پشتی لەبەرژەوەندی جوتیاران کرد تاکە پشت و پەنای جووتیاران حزبی شیوعی چین بوو.

هەر ئەو راستیەش بوو زۆربەی جوتیارانی دەکردە جەنگاوەر (پێشمەرگە)ی لەشکری شۆڕشی درێژخایەنی ئەو وڵاتەو سەریش کەوتن. دیارترین سەرکردەی ناو حزبی شیوعی چین ئەوکات کە بەگەرمی پشتگیری لە جوتیاران دەکرد (ماوتسی تونگ) بوو ئەگەرچی (ماو) لەزۆر لاوە دژایەتیش دەکرا، بەڵام هێزی لەبن نەهاتووی جوتیارانی ستەمدیدە، بە تەواوی لە پشتی (ماو)بوو لە دژی دەرەبەگی چەوسێنەر. لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕکە، زەوییان بەسەر جوتیاراندا دابەشکرد، 1433 کۆمەڵەی هەرەوەزییان پێکهێناو سەدان و هەزاران نەخۆشخانەو قوتابخانەو کارگەو . هتدیان بۆ گەلی چین دروست کرد.

هەڵوێستی حزبی شیوعی چین لەوکاتەی ژاپۆن هاتە ناو چین، سەرباری باڵادەستی حزب لە وڵاتدا، خێرا لەگەڵ کۆمینتانگ حوکمی بۆرژوایی لە بەشێک لە وڵاتدا دروشمی یەکگرتنی دژ بە داگیرکەرانی بێگانە بەرز کردەوەو، بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی لە سەرووی کێشەی خۆی لەگەڵ کۆمینتانگ دانا، ئەمە نموونەیەکی زۆر بچوکە لەو هەموو کارە نیشتمانی و

مرۆڤایەتیەی کە حزبی شیوعی چین بۆ گەل و نیشتمانەکەی کردوویەتی.

هەر ئەو حزبە رەمەکیانەو بێ بەرنامە بانگەشەی سۆسیالیستی نەکردووە، ئەوەتا لە کۆنگرەی (13)ی ساڵی 1987دا، کە ئەو کۆنگرەیە بەراستی نموونەی گۆڕانکاری و پێشکەوتن و نوێکردنەوە بوو، کاتێ (چاوتسی یانگ) لەبەردەم (2000) نوێنەری کۆنگرە کە نوێنەری (47) ملیۆن ئەندام بوون، وتی: تا ئێستا چین بە قۆناغی سەرەتایی سۆشیالیزمدا تێپەڕ دەبێت و بەلایەنی کەم تا ئێستا لە چین بە (شۆڕشی نوێ) ناو دەبردرێ و بەردەوامە، هەندێ پێشبینی واش لەئارادا هەیە کە دوای (15) ساڵی تر چین دەبێتە دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان، ئیتر بخوێنی ئازیز خۆت لێکی بدەوە، ملیارێک و سەد ملیۆن کەس لەسایەی (وەک کوردستانی نوێ دەفەرمووێ) سستمێکی خوێناویدا دەبوو تا ئێستا ئەنجامی بەچی گەیشتباو چ قیامەتێک بەرپا ببوایە!! ئەو سستمە لە سۆڤێتیشدا، لەساڵی 1917وە فەرمانڕەوابووە، سەرباری هەموو کەموکوڕییەکانی تەنها ئەوەندە دەڵێم سێ چارەگە سەدە لەسەر هەموو سۆڤێتدا فەرمانڕەوایی کرد، لەم ماوە دوورو درێژەدا پەیکەری قەیسەر هەرمابوو، کەسێ نەبوو، سووکایەتی بە پەیکەری قەیسەر بکا، کەچی هەر لەگەڵ رەشەبای گلاسنۆست و پرۆسترویکادا و، لەگەڵ لەباریەکچوونی سۆڤێەت، ئەوا یەکسەر پەیکەری لینین بە سڵینگ هەڵگیران و لەسەر شەقامەکاندا سووکایەتییان پێکرا!! خۆ هەر چۆنێکیش لێکبدرێتەوە، ئەوا هەر لینینی مەزن نیشتمانپەروەرترو دڵسۆزتری گەل بوو لە قەیسەر. ئیتر ئەمە دیموکراتیەتی سی چارەگە سەدەی یەکێتی سۆڤیەت و ئەوەش دیکتاتۆریەتی ساوای روسیای ئێستا، یەلتسینی بەچکە دیکتاتۆری سستمی نوێ جیهانی. پەیکەرەکانی قەیسەر ئێستاش لە شوێنی خۆیاندا پارێزراون

و هی (لینین)یش ئەوەی سووکایەتی پێکرا، ئەوە کراو، ئەوەی دیکەیش فڕێ درایە مەزاتخانەکان.

## رۆمانسیەتی نووسین و سەلەفیەتی سیاسەت و بەستەڵۆکی فەلسەفە

گەورەیی و زیندوویێتی مارکسیزم لەوەدایە کە میتۆدێکی ئەپستمۆلۆجی (المنهج المعرفی)یەو، لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییە بەپەلەو خێراکانی کۆمەڵگای جیهانی مرۆڤایەتی و، بەپێی ئەو واقیعەی کە گۆرانکارییەکەی لێ دروست دەبێت، هەزمی دەکاو، شتی نوێی لێ دێنێتەوە بەر. هەموو ئەوانەی دوای (مارکس و ئەنگلس) هاتنە گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسی و پراکتیکی، بەپێی واقیعی خاکی وڵاتەکەی خۆیان و، بەبۆچوونەکانی خۆیان، مارکسیزمیان لێکداوەتەوەو، وەکو چەکێکی کاریگەر بۆ تێکۆشانیان بەکاریان هێناوە. ئەوە لینین، ماو، هۆشی منە، کاسترۆ، ...هتد، بەڵام دەبینین، زۆر جاران پیادەکردنی ئەو میتۆدەی مارکسیزم، لە خەباتی سیاسیدا، بیرو بۆچوونەکانی مارکسیزمیان بەرەواژی کردۆتەوە. سەرەکی ترین خاڵ لەو بارەیەوە، ئەوەیە، مارکسیزم لە روانگەی رادەی هوشیاربوونی چینی پرۆلیتاریاو پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە، دەیڕوانیە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. واتە مارکس و ئەنگلس

وای بۆ دەچوون کە لە پێشکەوتووترین وڵاتی پیشەسازی، دەبێ سۆسیالیزم بێتە ئاراوە، نەک لە وڵاتێکی دواکەوتوو کە هێشتا لە پاشماوەی دەرەبەگی رزگاری نەبووە.

لەژێر رۆشنایی ئەو خاڵەو چەندین خاڵی تردا، ماوەیەک لەمەوبەر کورتە وتارێکم بەناوی (مارکسیزم- لینینیزم) لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی دا، بڵاوکردەوە، هێندەی نەبرد، لەپڕ، دەروێشێکی (لینین)م لێ قیت بووەوەو، وادەزانێ تازە (52)ی ئۆکتۆبەری 1917یەو هاتووە زۆر پوختە دۆو دۆشاوی تێکەڵ بەیەک کردووە، جارێک لینینیزمی بە میتۆد (رێباز- المنهج)و جارێکی تر بە تیئۆر(النظرية)و جارێکی دیکە وەکو دۆو دۆشاوەکەی لێکردوون، بێ ئەوەی دەروێش هەستی بە جودایی نێوان تیئۆرو رێباز (النظرية و المنهج) کرد بێت!! بۆیە ناچارم بە کورتی روونی بکەمەوە کە تیئۆر(النظرية):

تیئۆر لە فەرهەنگدا بە واتای( فرضية)یەو پێویستی بە سەلماندن هەیە، کەواتە خاڵی سەرەتاو کۆتایی دیاریکراوە. لەبەر ئەوە تیئۆر پەراوێزی گفتوگۆکردن بۆ دەسکاریکردن هەڵناگرێ. بۆیە تیئۆر جا هەر تیئۆرێک بێت، توانای پێشکەوتن و پەرەسەندنی نییە، وەک لە ماتماتیکدا تیئۆری فیساگۆرس، لە فیزیادا تیئۆری نیوتن...هتد بەڵکو تەنها دەبێت تیئۆرێکی تر بێت، ئەو تیئۆرەی رابردوو نەفی بکاتەوە.

بەڵام، تیئۆری کۆمەڵایەتی(النظرية الاجتماعية)بە مانا قووڵەکەی گوزارشت کردنە لە یاسا(نظام)ێک بۆ شەرحکردن و تێگەیاندنی کێشە- ق×یە- یەکی دیاریکراو. واتە تیئۆر وەزیفەیەکی لێکدانەوەیی- تفسیری- هەیەو، تەنها بە بابەتێکەوە بەندە. دەشێت تیئۆر ئیلتزامی بە رێبازێکەوە هەبێت و سەرچاوە لەوەوە وەربگرێت.

**ڕێباز(میتۆد- المنهج):**

ڕێباز مەیدانێکی بەرفراوانە، هێڵی ڕاستەقینەی خۆی ون ناکات و، دەیان تیئۆری لەسەر دەنرێ، واتە ڕێباز زنجیرە تیئۆرێکەو سەرچاوە لە ڕێبازەکە وەردەگرن، چونکە ڕێباز مەیدانێکی دیاریکراوەو پێوەندە، ئەمە لە کاتێکدا، ڕێباز هۆیە بۆ هێنانەدی ئامانجەکەو، ڕێگایەکی دیاریکراویشە بۆ ڕێکخستنی چالاکی.

دەبینین چەندان تیئۆری مارکسیزم لەنێو قەوارەی ڕێبازی مارکسیزم جێگای خۆیان کردۆتەوە، تیۆری دەوڵەت، شۆڕش، زێدەبایی،...هتد کە ئەمانە هەموویان ڕێبازی مارکسیزمیان پێک هێناوە.

ڕێباز ئایەتی ئاسمانی نییە، تا کەس بۆی نەبێ دەسکاری بکات، بەڵکو بەپێی گۆڕانکاریەکانی سەردەم، شتی نوێ بەخۆوە دەگرێت و شتی ژەنگهەڵهاتوو سواویش فڕێ دەدات، ئا لەبەر ئەوەیە ڕێباز بەردەوام لە زیندووبوونەوەو گەشەسەندن دایەو، لەناوچوونی بۆنیە، لەگەڵ ژیاندایە.. بۆیە مارکسیزمیش ڕێبازێکی مەعریفی یە چونکە بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی دونیا، ئەویش پێش دەکەوێ. باشە! ئەگەر دەوڵەتی کۆمۆنە لە سەردەمی مارکس و ئەنگلس دا، دروست نەبووبایە دەبوایە مارکسیزمەکانی دوای مارکس و ئەنگلس چ لێکدانەوە- تفسیرو خستنە سەرێکیان لە ڕێبازی مارکسیزم بکردایە؟! خۆ نەدەکرا دەستەو ئەژنۆو ئەبلەق ئاسا لێی دابنیشن، لەسەردەمی مارکس و ئەنگلسدا، ئیپریالیزم نەبوو، خۆناشکرێ ئیمپریالیزم لە فەرهەنگی مارکسیزم دەربهێنرێ، دوای ئەنگڵس ڕاستەوخۆ لینین داهێنانی لە ئیمپریالیزم کرد، ئیمرۆش (مابعد الامبریالیە) هەیە، تیئۆریستە مارکسیستەکان تەواوی

دەکەن، دەی لەسەدەی مارکس و ئەنگلس کێشەی نەوت لە ئارا نەبوو، چۆن دەکرێ ئیمڕۆکە نەوت کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی ئابوورییە فەرامۆش بکرێ؟!

ئەوەیە مەزنی و فرەبەهای مارکسیزم، کە مردن زەفەری پێ نابات. بۆیە لینینیزم رێباز(منهج) نییە، بەڵکو تیئۆرە. مارکسیزمیش میتۆد(منهج)ە. بەیەکەوە لکاندنی تیئۆری مارکسیزم-لینینیزم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1924 راستەوخۆ پاش مەرگی لینین و لەلایەن ستالینەوە سەپێندرا، بەمەبەستی پاساودانی ئەو هەموو خراپەکارییەی کە ستالین لەبەرامبەر ترۆتسکی و زینۆفیف و کامنیف و بوخارین و هەزاران کەسی تر ئەنجامی دا. بۆ ئەوەی بڵێ، وەک وتی من(واتا ستالین) مارکسی- لینینیم و تێکڕای ئەوانی تریش دەروێش گوتەنی هەڵگەڕاوەن. وەلێ راستی لەو شتانە مەزنترە، میرابۆ لە سەرەتاوە لە رێزی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەرانیان ناشت، وەلێ دوای ماوەیەک لە ناشتنەکەی و دۆزینەوەی هەندێک لە بەڵگەنامە، دەرکەوت کە میرابۆ خۆفرۆش بووە، نەک شۆڕشگێڕ، ئیتر خەڵکی فەرەنسا مەردانە لێی هەڵسان و و بە مردوویی لەناو ئەو گۆڕیان دەرهێناو، بردیان لە ریزی خۆفرۆشانیان ناشت.

مارکسیزم لەسەردەمی لینینیش هەر میتۆد بووە، بەڵام ستالین نەک خۆی، بەڵکو تەواوی حیزبە شیوعیەکانی جیهانیشی بەو دەردەی خۆی برد، دامەزراندنی دەوڵەتی ناسۆشیالیستیش لەسەر کەلاوەی سۆڤیەت نەموعجیزەو نەداهێنان بووە لە مارکسیزم، وەک وشکە سۆفی و دەروێشەکان ئێستاش هەر خەون بەو موعجیزەیە دەبینن، بلیخانۆف کە باوکی رۆحانی حیزبی شیوعی رووسی بوو، کێشەی سەختی لەگەڵ لینین ئەوە بوو کە وڵاتێکی دواکەوتووی وەکو روسیا ناکرێ شۆڕشی

سۆشیالیستی لێ بەرپا بکرێ، بەڵکو دەبێت بە قۆناخی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی دا تێپەڕببێ بۆ بەرەوچوونی شۆڕشی سۆشیالیستی، چونکە بەبێ تێپەڕبوون بە قۆناخی شۆڕشی بۆرژوازی نیشتمانی دیموکراتی ئەمە مەحاڵە، مارکسیش هەر وای دەوت بۆیە کاتێک لینین راپەڕینە چەکداریەکەی ئۆکتۆبەری بە ناڕەزایی زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی بەلشەفیک و هەروەها بەناڕەزایی زۆربەی نووسینگەی رێکخستنی سەربازی (مکتب التنظیم العسکری)بەلشەفیک بەرپاکرد، رووی لە بلیخانۆفی منقر کردو، پێی وت هەر دەتوت سەرناکەوێ ئەوە سەرکەوت، بەڵام (بلیخانۆف) هوشیارانەو بەبڕوایەکی پۆلایینی مارکسیزمانەوە، وتی هێشتا سەرنەکەوتووە.

هەڵبەتە ئەوکات خەڵکی و تەنانەت (لینین)یش بلیخانۆفیان بە وەڕگەڕاوو خەڵەفاوو.. لە قەڵەم دا، بەڵام وا دوای سێ چارەگە سەدە دەرکەوتەوە، کە بۆچوونەکانی بلیخانۆف چەندە مارکسیستانەو چەندە راست و دروست بوون.

ترۆتسکی لە ساڵی 1906و لە کتێبی (شۆڕشەکەمان) دەڵێتکچینی کرێکار لە روسیادا ناتوانێ لە شوێنی دەسەڵاتی(موقع السلطە) خۆی رابگرێت و، زاڵبوونە کاتیەکەی، بەبێ یارمەتیدانی حکومەتێکی راستەوخۆ لەلایەن پرۆلیتاریای ئەوروپاوە، بۆ دیکتاتۆری سۆشیالیستی هەمیشەیی ببا

هەڵوێستی راشکاوی کامنیڤ و زینۆفیف و دەیانی تری سەرکردە لەبەر چاون، لەبەرامبەر ئۆکتۆبەردا. هەر ئەو هەڵوێستە بە جورئەتەشیان بوو، وای کرد لە پێکهێنانی حکومەتی روسیای سۆڤێتی دا، زینۆفیف و کامنیف بەشداری نەکرێن، بەڵام لەبەر بە توانایی و بەناوبانگیان، نەدەکرا کە تازە حکومەت پێکهێنراوەو دەسەڵات خراوەتە دەست، ئەو دووسەرکردەیە لە دەسەڵاتی حیزبیش دوور بخرێنەوە.

له پێکهێنانی حکومەتەکە لینین ستالینی کرد بە سەرۆکی لیژنەی نەتەوەکان، ئەوە بوو ستالین لەگەڵ دزرجنسکی تاوانێکی گەورەی دەرحەق بە گەلی جۆرجیا کرد! بەڵام لەوەش سەیرتر، لینین لە ساڵی 1922 کاتێ لە تێبینیەکانی خۆیدا لەبارەی کێشەی نەتەوەکان، رەخنەیەکی توند ئاراستەی ستالین و دزرجنسکی دەکات سەبارەت بەو تاوانە، کەچی لینین لە ساڵی 1923 ستالین تەواو بەسەر دەزگای رێکخستنی حیزبی و دەستەڵاتی سیاسی دا زاڵ دەکات. بە توانایەکی وەکو (ترۆتسکی)ش وەک لینین خۆی دەڵێ (بەتواناترین کەسی ناوەندییە) کەچی لە ساڵی 1921 بەدواوە تەنها وەکو شێوە (شکل) لەناو بەلشەفیکدا دەهێڵرێتەوەو رۆڵی ئەو سەرکردە بە توانایە بە تەواوی لەگەڵ رەوتی بەلشەفیکدا ناکۆک بوون.

ئەمە دڵۆپێکە لە رووبارێک لەرەگی بیرۆکراتی بەلشەفیک (لینین و ستالین) کە دوایی لەلایەن ستالینەوە واتا دوای مردنی لینین (1924) ئەم رەگە بە تەواوی ئەستووربوون کە نامەوێ لێرە رەگی بیرۆکراتی ساڵانی (1917-1924) باس بکەم.

بەڵام دەبێ ئەو راستییە بزانین ئەگەرچی بلیخانۆف و ترۆتسکی و... لە ماوەی دەستەڵاتی بەلشەفیکدا، بە بەزیوو راسترەوو (خیانە اشتراکیە)و بۆرژوا. لە قەڵەم دران، بەزینێکی سیاسی بوو، نەک فیکری. هەڵبەت سەرکەوتنی بیروفیکریش هەر ئەمێنێ، بەڵام سەرکەوتنی سیاسی ئەگەر درێژیش بخایەنێ هەر بەرەو لەناوچون و لاوازبوون دەچێ، ئەگەر دژ بە فیکرەکە بێت، بێگومان بلیخانۆف و ترۆتسکی.. نە ئەبەزین ئەگەر دەستەڵات نەچووبایە دەست هەڵگرانی بیروبۆچوونی دژ بە ئەوان.

بابگەرێینەوە سەر ئەسڵی بابەت، جا ئەو دەروێشە دەڵێتکپاش هەرەسی سۆڤێت کە بە هەرەسی فیکری و ئەزموونی دەستی پێکردو هانا

بۆ لینینیزم بردرا. پاشان هێرشەکە لینینیزمی گرتەوەو ئەوانەی لەو خولگەیە دەسووڕانەوە، بەرەو هەرەسی فیکرو ئایدۆلۆژیابوونەوە!!

جارێ بەر لە هەموو شتێک، مارکسیزم ئایدۆلۆژیانیە، بەڵکو وەک باسم کرد میتۆدێکی ئەپستمۆلوجی یەو لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا مارکسیزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی، دەبینی، سەیرکردنی، مارکسیزم وەک ئایدۆلۆژیا نەگۆڕە. بۆ نموونە ئیسلام ئایدۆلۆژیایە، چەندین فیکری ناکۆکیشی تێدا بەرجەستەبووە وەکو فیکری المعتزلە، ابن رشد، الغزالی، الحلاج، ابن عربی....هتد بەڵام هەر هەموویان لە چوارچێوەی یەک ئایدۆلۆژیا خول دەخۆنەوە کە ئەویش ئایدۆلۆژیای ئیسلامە، ئەمەیە ناهەقی گەورە لە مارکسیزم، لە میتۆدێکی ئەپستمۆلۆجییەوە بیکەی بە ئایدۆلۆژیایەکی ساردو سڕ. لێرە ئەو پەندە کوردیەم لە گوێ دەزرینگێتەوە کە دەڵێتکدوژمنت زانا بێ نەک دۆستت نەزان بێ خۆ دوژمنانی مارکسیزمیش هەموو هەڵپەیان ئەوەیە دەڵێن مارکسیزم ئایدۆلۆژیایە!!.

ئینجا دەروێش گیان! پیرۆسترۆیکا هەرەس نەبوو، گورباتشۆفیش نەبوایە، هەر دەبوایە لە هەشتاکان جا ساڵێک زووتر یان درەنگتر لە(1958) کە شتێک نییە، سەری هەڵدابوایە، ئەگەر چاوێکیش بە مێژووی حیزبی شیوعی سۆڤیتی دا بخشێنێ، کە ستالین مرد تێکڕای حیزبە شیوعیەکانی جیهان پرسەیان بۆ دانا، بەڵام دوای سێ ساڵ خرۆشۆف لایەنێکی نەخۆشیەکانی ستالینی کە خۆی لە وتاری(تاکە کەس پەرستی) بەرجەستە کردبوو، دەرخست.

ئەگەرچی لایەنێکی کەموکووڕییەکانی بوو، بەڵام بۆ ئەو زۆر بوو یەکێک لە ئەندامانی کۆنگرە گوللەیەکی بە کەللەسەری خۆیەوە نا کە گوێی لە وتارەکەی خرۆشوف بوو، دوای بریژنیفیش، ئەندریۆف لە ماوەی ساڵێک و

سێ مانگ حوکم کردنیدا، زۆر گۆڕانکاری بەسەر لێپرسراواندا هێنا، ئەوەبوو(35) سکرتێری لە کۆمارەکان و ناوچەکان گۆڕی بەشێوەیەک لە ماوەی ساڵێکدا توانی(16)یان بگۆڕێ و(19)ەکەی تریش لە ماوەی(3) مانگی دوایی بگۆڕێ.

(قستنتین تشیرنینکۆ)ی خەلیفەی(ئەندروپوف)یش، بەهەمان شێوە لە شوباتی 1984تا کۆتایی هەمان ساڵ توانی(7) لێپرسراوی گەورە بگۆڕێ و(8) لێپرسراوی تریش لە ماوەی(1985) بگۆڕێ. ئێستاش زۆربەی لێکۆلەرەوانی پیرۆسترویکاو هەڵسەنگێنەرانی هەشتاکانی سۆڤێت دەڵێن((ساڵی 1983 کە ساڵی حوکم کردنی ئەندروپۆف بوو، بە ساڵی(پرۆڤەی گشتی) دادەنرێ بۆ سەردەمی گۆرباتشۆڤ)). مەبەست ئەوەیە گۆرباتشۆڤ دوای ئەندرۆپۆف و خەلیفەکەی کە تشیرنینکۆیە، هاتە سەر ئەم بونیادنانەوەیە، بەڵام لێرە دوو خاڵ هەیە یەکەم نە ئەندرۆپۆف و نەخەلیفەکەی تشیرنینکۆ وەکو گورباتشۆف بە بەرنامەیەکەوە نەهاتنە پێش، بەڵکو ئەوەندە هەیە

هەستیان بەو رەگ داکوتانە قووڵەی بیرۆکراسی کردبوو، بۆیە وایاندەزانی بەو جێگۆڕکێیەی لێپرسراوە گەورەکان، ئەم شتە چارەسەر دەکرێ. خاڵی دووهەم، گورباتشۆڤ زۆر بە خێراتر کێشەکانی هەڵتەکاند، لەجیاتی جێگۆڕکێ زۆربەیانی خانەنشین پێکردن.....هتد.

بەهەر حاڵ پیرۆسترۆیکا چاوپێداگێڕانەوەو راستکردنەوەی گەوهەرە زیندووەکەی مارکسیزمە، دەبوایە هەر ببێ، بەڵام دەکرا بەو پەلە پەلەیە ئەو هەموو گۆڕانکاریانە چ لە ئاستی بەڕێوەبردن(اداری)و چ لە ئاستی فیکری روونەدەن، وەک روویاندا، کە ئەمەیان خۆی لە خۆی دا باسێکی ترە، کاری بەپەلەش کورد گوتەنی ساحێبی شەلە.

مارکسیزم- لینینیزمیش بەرجەستەبووی کۆنگرەی دووەمی حیزبی کرێکاری سوسیال دیموکراتی رووسی (نەک حیزبی سوسیال دیموکراتی روسی وەک جەنابت بە هەڵە فەرمووتە) نەبوو، بەدڵنیاییەوە ئەگەر لینین دەستەڵاتی سیاسی نەگرتبایەتە دەست هەرگیز لینینیزم بە مارکسیزم نەدەلکێنراو ئینجا بەسەر حیزبە شیوعیەکانی دونیاش بەگشتی نەدەکرا، چونکە بۆچوونەکانی بلیخانۆف و ترۆتسکی....جگە لە مافی چارەی خۆنووسین لەهی لینین راستتربوون (ئەگەر بەپێویست زانرا لە باسێکی تردا دێمە سەر مارکسیەتی ترۆتسکی و بلیخانۆف).

ئینجا ئەو دەروێشە! هەر بۆ ئەوەی دژی نووسینەکەی من بوەستێ بێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ راستی مەسەلەکان بکات دەڵێت (لینین نەک لەگەڵ حکومەتی کرێکاری لە وڵاتانی دواکەوتوو نەبووە، بەڵکو لەگەڵ حیزبی کرێکاریش نەبووە). جارێ لە پێشەکیدا هەر خودی حیزبەکەی لینین ناوی حیزبی کرێکاری سوسیال دیموکراتی رووسیا بوو.

ئینجا نازانم ئەو دەروێشە چەند ئاگاداری مشتومڕی نێوان بلیخانۆف و ترۆتسکی و لینین بووە?!.

بەرپاکردنی راپەڕینە چەکدارییەکەی ئۆکتۆبەرو ناو لێنانی بە شۆڕشی سوسیالیستی توندڕەوی بوو چونکە لینین هەر خۆی کە دەبیستێ لەرووسیا شۆڕشی بۆرژوازی لە شوباتی 1917 بەرپا بووە، سویسرا بە جێ دەهیڵێ و لە رێگای ئەڵمانیاوە دەیەوێ بێتەوە رووسیا، لەم ماوەیەدا نامەیەک بۆ کرێکارانی سویسرا دەنووسی و دەڵێت کرووسیا وڵاتێکی جووتیاری -بلد فلاحی- یەو، دواکەوتووترین وڵاتی ئەوروپایە، ناتوانرێ سوسیالیزم بە راستەوخۆ تیایدا سەربکەوێ، بەڵام لە 1917/4/4داو لەبەردەم حیزبدا، بۆ یەکەمجار ئەو هەڵوێستەی خۆی گۆڕی و

هەڵوێستێکی نوێی خستەڕوو کە باسی لە گواستنەوەی راستەوخۆی بۆ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، وەک فەرمانێکی کتوپڕی چاوەڕوان نەکراو کرد، هەر لەکۆنگرەی نیساندا تۆمسکی و رویکۆف وتیان کدەسەڵات گرتنە دەستی چینی کرێکار واتە گواستنەوەی حەتمی بۆ سوسیالیزم، بەڵام ئابووری رووسیاو رۆشنبیرییەکەی بۆ ئەو گواستنەوە-انتقال-یە پێ نەگەیشتوون، لەبەر ئەوە پێویستە شۆڕشی دیموکراتی بۆ ماوەیەکی دوورتر بڕوا، سەرهەڵدانی شۆڕشی سوسیالیستیش لە رۆژئاوا مەرجی بنەڕەتییە بۆ بەرپابوونی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە وڵاتەکەمان بەڵام سەروەریی لینین لەوەدا بوو کە کۆنگرەی نیسانی 1917وە ناکۆکیەکانی سەبارەت بە گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی بۆ چینی پرۆلیتاریا لەگەڵ بەلشەفیک دروست کرد بە نارەزایی زۆربەی سەرکردەکانی ئەوسای بەلشەفیک و بەنا رەزایی زۆربەی نووسینگەی رێکخستنی سەربازی بەلشەفیک نەک هەر شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەرپاکرد، بەڵکو راستەوخۆ لە 22/ 5/ 1918دا ناویشی نا کۆماری سوسیالیستی سۆڤێتی، کە ئەو کاتە تەنها 7 مانگ بوو ئۆکتۆبەر بەرپابوو، من ئێستاش نازانم (ملكية خاصة وقطاع خاصة)و ئەو هەموو چەوساندنەوە نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە، بەم (7) مانگە چۆن بنەبڕ کران؟! لەکاتێکدا هێشتا شەڕی ناوخۆ (الحرب الاهليه) هەر بەردەوام بوو.

(ملکیە خاصە) بەلایەنی کەم 5 تا 10 ساڵ دەخایەنێ تابە گشتی دەکرێ.

ئەی ئەمە سەرەڕۆیی نیە؟!

سوخانوف باس لە حوکمی تاکڕەوی لینین دەکات و دەڵێت دەمەوێ باسی کەسێکی تری لێهاتووی وەکو ترۆتسکی بکەم کە تازە هاتبووە ریزی بەلشەفیک، دواتریش ئەم سەرکردەیە زیاتر لەنیسانی 1917 دەرکەوت کە

سەرکردایەتی حیزب زیاتر لەسەنگەری بەرهەڵستی دابوون. ئەو کێشە دژوارەی لەنیسانی 1917ەوە دروست بوو، تا دەهات لە ناو خودی سەرکردایەتی بەلشەفیک قووڵتر دەبووەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی چەند رۆژێکی کەم بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لینین داوای دەرچوونی لە کۆمیتەی ناوەندی بەلشەفیک کرد وتی من خۆم بۆ هاندانی بنکەیە حیزبی بۆ کاتی کۆنگرە تەرخان دەکەم و داوای بەخشینی کرد کەخۆی لە سەرکردایەتی حزب دووربخاتەوە، بەڵام ئەو ئیستقالەیە قبول نەکرا!! بۆ؟! نازانم!.

ئیتر کاتێک لینین ناوی نا کۆماری سوشیالیستی سۆڤێتی لە 1918دا، تا دەهات سۆڤێت لەناو قەیرانی ئابووری و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی قووڵتر دەبووە، جەنگی ناوخۆش سەربار!! ئەوەبوو لە ساڵی 1921 دانی بەو راستییە ناو وتی: کانها دولە عمالیە مشوهە بیروقراگیا. خوێنەری بەڕێز ئەمە لینین خۆی وای وتووە، کەچی ئەو دەروێشە بێ ئەوەی لە لینین ئاگادار بێ و دەڵێ لینین نەک لەگەڵ حکومەتی کرێکاری لە وڵاتانی دواکەوتوو نەبوو، بەڵکو لەگەڵ حیزبی کرێکاریش نەبووە، بەڵام وا دیارە لەلای دەروێش، کورد گوتەنی کبشفرێ هەر بزنە!!!.

ئینجا دەروێش بە هەموو عەقڵیەتی خۆی و بێ ئەوەی پێرویستروێکایەک زەرەچ لاندی و کاری تێکردبێ، ئێژێ کلینینیزم رووسیانە نییەو بۆ پاساودانی ئەم بۆچوونەشی، نەخوێندەوارانە دەڵێت کئەگەر لە ئەڵمانیادا کرێکاران شۆڕشێکیان بەرپا بکردایەو مارکس رێنوێنی ئەو شۆڕشەی بکردایە، ئەمە وای دەکرد بۆچوونەکانی مارکس تایبەت بن بە ئەڵمانیا، نەک تابعێکی جیهانی.

ئاشکرایە مارکس و ئەنگلس پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە شۆڕشی سوشیالیستی لە ئینگلتەرای ئەو کات و ئینجا لە ئەمریکا، فەرەنسا،

ئەڵمانیادا بەرپا دەبێت. ئەو پێشبینەیش بە روانگەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی ئەو وڵاتانە بوو، هێندەش زیاتر تەئکیدی لە ئینگڵتەرا دەکرد، چونکە ئینگلتەرا ئەو کات لەو سێ وڵاتەی لە رووی پیشەسازی و کۆمەڵایەتییەوە، پێشکەوتوو تر بوو، بەڵام ئەگەر لە ئەڵمانیاش شۆڕش بەرپا بکرایە هەرگیز بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلس تایبەت بە ئەڵمانیا نەدەبوون با هەندێک نووسراوی دیکەیشیان لەسەر ئەڵمانیا هەبایە، بەڵام قەت قەت نەدەبوونە تابعێکی ئەڵمانی، چونکە وەک باسم کرد ئەوان (مارکس و ئەنگلس) لە روانگەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەوە دایانڕوانییە کێشەکان، ئەگەر بەو قسە ساکارەی جەنابی دەروێش بێت، دەبێ بۆچونەکانی مارکس و ئەنگلس تابعێکی فەرەنسییان وەرگرتبێ، چونکە (کۆمۆنەی پاریس) لە سەردەمی مارکس و ئەنگلسدا بوون و نووسراویشیان سەبارەت بە کۆمۆنەو شەڕی ناوخۆی ئەو کاتی فەرەنسا هەیە، بەڵام تابعێکی فەرەنسییان وەرنەگرت، خۆ ئەگەر لە کوردستانیش شۆڕشێکی سوشیالیستی هەڵبگیرسایە، مارکس و ئەنگلس لە ژێر رۆشنایی باری پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان چەند شیکردنەوەیەکیان دەنووسی، نازانم کتێبە هەرە بەناوبانگەکەی مارکس (سەرمایە) پێوەندی یاخود تابعی کام وڵاتە؟! یاخود (نەژادی خێزانداری) ئەنگلس هەروەها، زۆربەی زۆری نووسینەکانی مارکس و ئەنگلس لە روانگەی شیکردنەوەی باری پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە بووە، جا هەر وڵاتێک بێت، ئەوەیە عەزەمەتی مارکس و ئەنگلس، بەڵام راستە (تێنگەیشتن لە بەڵای خوا خراپترە)!

**ماركس گەورەترین مرۆڤی مێژوو:**

فیکری مارکسیزم ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی دیکە سەرکەوتووترە

چەند ساڵێکە زۆر بە چڕی ئەم پرسیارە بەردەوام دەماودەم دەکات، ئایا مارکسیزم لە فیکر یاخود لە پراکتیک یان لە هەردووکیان تووشی هەڵە بووە؟ لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستییەمان لا شاردراوە نەبێت کە لە واقیعدا سۆشیالیزم بەو ماناو دەربڕینەی کە مارکس و ئەنگڵس مەبەستیان بووە، بە درێژایی مێژوو، تا ئەمڕۆکەش بەکردەوە، لە هیچ کونجێکی ئەم دونیایە، نەهاتۆتە ئاراوە، تاقیکردنەوەی سۆڤیەتیش لە ماوەی فەرمانڕەوایی کردنیدا، بەگشتی تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتوو بوو بۆ خودی بزاڤی کرێکاری و مارکسی و بۆ ئۆکتۆبەریش، بۆیە دەبێ ئەو ڕاستیە بزانرێ کە هەزار سۆڤێت بێت و بڕوات، هیچ گۆڕانکاریەک لە هێڵە گشتیەکانی

مارکسیزم، کە زێدەبایی و ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری، ڕوونادات، لەبەر ئەوەی ئەو بزاڤ و سیستەمە غەیرە کرێکاری، یان نیمچە سۆشیالیستی یانەی کە بەناوی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و مارکسیزمەوە هاتنە سەر فەرمانڕەوایی لە ڕووی سیاسی و ئیداری، هەریەکەو بە جۆری بنەماکانی سۆشیالیزم و مارکسیزمیان لە ناو کۆمەڵگادا لاواز کردووە. چونکە سۆشیالیزم کۆمەڵگایەکە مرۆڤ تیادا بەسەر توانا، ئابوورییەکانی خۆیدا زاڵ دەبێت، لە دەست کوێرە ئابووریەکان ڕزگاری دەبێت و، خۆی هۆشیارانە هەڵسوڕانی ئابووری خۆی پێناسە دەکات، واتە بڕیار بە دەست بازاڕو کەڵەکەی زێدەبایی.

لەسایەی سەرمایەداریدا هەموو کارە خزمەتگوزارییەکان کە پێداویستیەکی ڕۆژانەی مرۆڤن، دابین ناکرێن، هەموو ریفۆرمەکانی سەرمایەداری تەواوی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ ناگرنەخۆ بە درێژایی 400 ساڵ تەمەنی سەرمایەداری، سەرباری خۆ نوێ کردنەوەو هەوڵدان بۆ چارەسەکردنی ئەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، کە چی تا ئێستاش و هەزار ساڵی دیکەش، هەر ناتوانێ، ناکۆکییەکانی نێوان کارو سەرمایە، چارەسەر بکات.هەر لەبەر ئەمەشە بە حەتمی هەر دەبی کۆتایی بەم سیستەمە پڕ لە چەوساندنەوەیە بێت، بێشک گەشەکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش هەزار ئەوەندی ئێستا پێش بکەوێ، ناتوانی ڕێگە لەبەردەم ناکۆکییەکانی کارو سەرمایە بگرێت.

مارکس بە هاوکاری ئەنگلس، کە دامەزرێنەرانی سۆشیالیزمی زانستین، ڕزگاربوونی چینی کرێکاریان بە شێوەیەکی پتەو بە ڕزگاربوونی تەواوی مرۆڤایەتییەوە لە ستەم و چەوساندنەوە گرێ داوە، مەبەست لە ئازادیش ئەو ئازادییەیە کە بە ژیری و تێڕوانینەکانی مرۆڤەوە، بە مافەکانی تاکە

کەسەوە پشت ئەستوورە، چەمکی سۆشیالیزمی زانستی لەگەڵ بیری یەک بوون و کۆمەڵیی (الجماعه) یەکانگیرە.

مەبەستی مارکس و ئەنگلس لە کۆمەڵیی، ئەو کۆمەڵییە راستەقینەیە کە لە سایەیدا هەموو کەسێک لەناو کۆمەڵگادا لەلایەن خودی کۆمەڵگاوە ئازادی بۆ مسۆگەر دەکرێت. سۆشیالیزمیش تیئۆرو رێبازی چەند کەسێک نییە کە لە روانگەی خواست و ئارەزووی خۆیانەوە، بیریان لێی کردبێتەوەو، خۆیان جیهانیان چۆن دەوێت، بەم جۆرە، یاساو شێوەو چۆنایەتییەکان دارشتبێ، بەڵکو سۆشیالیزم بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و واقیعییەو، زادەی سیستەمی سەرمایەداری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە، واتە سۆشیالیزم لەسەر بنەمای نەهێشتنی خاوەنداری تایبەتی و کاری کرێ گرتە دادەمەزرێت. یاسای دابەشکردنی داهاتیش پابەندی پرنسیپی(هەر کەس بە پێی توانای خۆی و هەرکەس بە پێی کاری خۆی) دەبێ، ئەمەش پابەندە بە قۆناغێکی گەشەکردنی مێژووەوەو هێنانەدیشی بە هیوای ئایدیالیستانەوە نابێ، بەڵکو بە تێکۆشانی نەپساوە لە پێناوی وشیاری کۆمەڵایەتی و چینایەتی،بەپێشکەوتنی کۆمەڵگاوە بەستراوەتەوە، هەڵبەت ئەم قۆناغەش بە برینی قۆناغەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە دێتە دی، کە ماکی هەموو شێوە چەوساندنەوەیەکی چینایەتی، نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، جنسیو...هتد دەسڕێتەوە.

ئەمەش لە رێگای گواستنەوەی مرۆڤ لە قۆناغی جیهانی ناچاری کۆمەڵایەتییەوە، بۆ جیهانی ئازادی و کۆمەڵایەتی، دێتە دی کە بە زەرووڕەت کۆمەڵگا دەگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی نوێ کە چینەکان و دەوڵەت و حزبی تێدا نامێنی.

گەوهەری مارکسیزم، وردوخاش کردن و هاڕینی پێوەندییەکانی سەرمایەداری و هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداری تایبەتی سەرمایەدارییەو کۆیلەیەتی کاری کری گرتەیە، کە دواتر هەڵوەشاندنەوەی چینی کرێکار خۆشیانە.

**دۆگماتیزم لە فەرهەنگی مارکسیزم دا بوونی نییە**

ماوەیەکی کورت نییە کە بیردۆزە بۆرژواییەکان، باس لەوە دەکەن کە مارکسیزم فەلسەفەی سەدەی رابردووەو ناکرێ ئەمڕۆ لە جیهانێکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا،پشت بەم رێبازەی مارکسیزم ببەسترێ و خەباتی لە پێناویدا بکرێ. ئەم بۆچوونە راستەوخۆ لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت گەرمتربوو،کە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

لێرەدا حەز دەکەم زۆر بە کورتی، بەڵام بە چڕی ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم کە لە ناو خودی نووسینەکانی مارکس دا سەرچاوە هەڵدەگرن.

مانیڤێست کە لەماوەی نێوان کانوونی یەکەمی 1847-کانوونی دووەمی 1848 لەلایەن مارکس و ئەنگلسەوە نووسراوە گەرچی بەو مەبەستە نووسراوە کە ببێتە بەرنامەی یەکەمین رێکخراوی مارکسی کرێکاری لە جیهاندا ( کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان)، بەڵام لە راستیدا بوو بە باشترین سەرچاوەو رێنمایی کاری مارکسیستەکان لەهەموو دونیادا بۆیە هەر لەم سەرچاوە گرنگەوە ( مانیڤێستی کۆمۆنیسی)، هەندی سەرنج ئاماژە پێ دەکەم.

لە بەشی یەکەمی مانیڤێستدا نووسراوە: (مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان هەتا ئەمڕۆ مێژووی ململانێی نێوان چینەکان بووە). واتە مارکس و ئەنگلس لەسەرەتاوە یان روونتر بڵێم لە مانیڤێستدا هەستیان بۆ ئەوە

نەچوو بوو کە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی هەبووەو مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕەمەکی (عفوی) تێدا گوزەرانی بەسەر بردووەو کار دابەش نەکراوە، بۆیە لەو قۆناغەدا مرۆڤ بەسەر چینەکانیشدا دابەش نەبووە. بەڵام هەر زوو ئەنگڵس لە دوای نووسینی مانیڤێست، تێبینییەکی دەربارەی ئەم دێرەی سەرەوە دەربڕی و وتی: ((مەبەست لە کۆمەڵگاکان ئەوانەیە کە لەدوای کۆمۆنەی سەرەتاییەوە سەریان هەڵداوە،چونکە لە ئەنجامی شیبوونەوەی کۆمۆنە سەرەتاییە، کۆمەڵ دابەش دەبێت بەسەر چینە جیاوازەکانداو لە دوا ئەنجامیشدا دژی یەکتری دەبن)) مارکسیش باوەڕی پێ هێناو لە پێشەکی دووەمیین چاپی رووسی مانیڤێست کە لە ساڵی 1882 دابوو، مارکس و ئەنگلس پەنجەیان بۆ خاوەندارێتی کۆمۆنەی سەرەتایی راکێشاوەو باسی ئەوەیان کردووە کە ئەو بە دوا یەک هاتنەی فۆرماسیۆنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەشەکردنی مێژوویی ئەورووپا، چارەنووسێکی حەتمی هەموو کۆمەڵگایەک نییە. لە پێشەکی چاپی ئینگلیزیشدا ( دوای کۆچی مارکس)ە ئەنگلس هەندی پەراوێزی بۆ مانیڤێست داناوەو لە یەکێکیان دا ئاماژەی بۆ کۆمۆنەی سەرەتایی راکێشاوە، کە لەئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی ئەودا (کۆمۆنەی سەرەتایی) کۆمەڵگای چینایەتی و ململانێی دروست بوون.

لەلایەکی تریشەوە، ئەوەی پێویستە بە کورتی ئاماژەی پێ بکەین، یەکەمین پێشەکی مانیڤێست پێشەکی چاپی ئەڵمانی ساڵی1872 بوو، کە یەک چارەگە سەدە لە دوای نووسینی مانیڤێست نووسراوە، لەو یەکەمین پێشەکیەدا مارکس و ئەنگلس هەندێ سەرنجیان لە مانیڤێستەکە گرتووەو بە راشکاوانە نووسیویانە (( ئەگەر چی هەڵومەرجی لە ماوەی ئەم 25 ساڵەی دواییدا، گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەو پرنسیپەی

گشتییانەی لە مانیڤێستدا هاتوون بە گشتی هەتا ئەمڕۆ راستی و دروستی و رەوایی خۆیان پاراستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەندێ گۆڕانکاری لە چەند بڕگەیەکدا بکرێ)) هەر دوای ئەوە دەڵێن ((مانیڤێست، خۆی ئەوە روون دەکاتەوە کە جێبەجێکردنی ئەو پرنسیپانە هەمیشەو لە هەموو جێگایەکدا بە هەڵومەرج و بارودۆخی مێژوویییەوە، لەیەک کاتدا گرێ دراوە)).

ئینجا مارکس و ئەنگلس هەر لە پێشەکی چاپی ئەڵمانیەکەدا، زیاتر دەچنە ناو بابەتەکەو دەڵێن((ئێمە ئەگەر ئەم کۆپلەیەمان داڕشتەوە، ئەوا جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ تێکستە ئەسڵییەکەدا دەبێ)).

چونکە ئەو بەرنامەیە لە زۆر خاڵیدا کۆن بووە، هۆی ئەوەش ئەو گەشە کردنە مەزنەی پیشەسازی گەورەیە کە لە ماوەی 25 ساڵی دواییدا بووە هۆی پێشکەوتنی چینی کرێکار لە رێکخستنی حزبی خۆیدا، هەروەها بەپێی ئەو ئەزموونە وقیعیانەی شۆڕشی شوبات ئینجا کۆمۆنەی پاریس، کە بۆ یەکەمین جار دەستەڵاتی سیاسی بەدەست پرۆلیتاریاوە بوو)). هەڵبەت مەبەستی مارکس و ئەنگلس لە داڕشتنەوەی کۆپلەکە، کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، کۆتایی بەشی دووەمی مانیڤێستە.

هەر لەژێر رووناکی ئەم بۆ چوونانەی سەرەوە کە مارکس و ئەنگلس، بە پێی گۆڕانکارییەکانی ژیان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو....هتد، واقیع بینانە مەسەلەکانیان شیکردۆتەوە هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا نەبوونە کە وەکو کتێبێکی ئاسمانی سەیری هەموو نووسینەکانیان بکرێت، هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن. بۆیە مارکسیزم رێنمایی و رێ نیشاندەری کارە، نەک دۆگما. ئەنگلس لە ساڵی 1895دا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە نابێ شارەزایی شەڕی شەقامەکانی ساڵی 1848 بە شێوەیەکی

دۆگماتیزمانە، بۆ هەڵومەرجی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بگوازرێتەوە. دیارە مارکس بەرامبەر کرێکارانی ئیرلەنداش جۆرە بۆچوونێکی هەبوو لەسەرەتاوە، دواتر بۆچوونەکەی راست کردەوە وتی ((کرێکارانی ئیرلەندە خۆیان دەبێ خۆیان رزگار کەن)).

بەڵام وەک باسمان کرد بۆچوونەکانی مارکس لە بارەی زێدەبایی و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، کە کاکڵەکەی ناکۆکی نێوان کارو سەرمایەیە هەزارساڵی تریش تەکنەلۆژیا بڕوات و گەشە بسێنێ ئەم بۆچوونەی هەر زیندووە.

## ئایین ئەفیونی گەلانە

ئەم دەربڕینە، ئایین ئەفیونی گەلانە، مارکس لەم کۆپلەیەی خوارەوەدا باسی کردووە، (( توندی ئایین، بەشێکی بۆ توندی واقیع دەگەڕێتەوەو بەشێکی تریشی ناڕەزایی دەربڕینە لەسەر بارودۆخی (واقیعی) توند. ئایین بریتییە لە حەسرەت هەڵکێشانی مرۆڤی چەوساوە، گەرم و گوڕی جیهانێکی بی رەحمە، هەروەکو چۆن روحی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیەنێت، کە جێگای روحی تێدا نابێتەوە، ئەفیونی گەلانە)).

ئەم بڕگەیەی سەرەوە کە لە نووسینی مارکسە، بەگشتی وا لێکدراوەتەوە کە مەحکوم کردنێکی توندە بۆ ئایین، بەڵام لە راستیدا خودی قسەکەی مارکس کە پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنی بۆ هێنانەوەی بەڵگە، کە ئەم بڕگەیە هەڵسەنگاندنێکی ستایش ئامێزە. لەوانەیە ئێستا (ئەفیون) لە رۆژانی ئەمڕۆدا والێکبدرێتەوە کە کاردەکاتە سەر ئیرادەو هۆشی مرۆڤ، بەڵام لە چەرخی نۆزدە ( ئەوکاتەی مارکس لە ژیاندا بووە) وەکو دەرمانێک لە تاقیگەکانی ئامادەکردنی داودەرمان، بەکارهاتووە.ئەم جۆرە دەرمانەش

وەکو هێورکەرەوە (مسکن) بەکارهاتووە.

لێکچوواندنی ئایین بە ئەفیون لەراستیدا بۆ ئەمە بووە، کە بەتایبەتمەندە هێورکەرەوەکانی خەم و پەژارە چوێنراوە،کە بیرکەرەوە ئایینییەکان (التصورات الدینیه) ئازارەکانی مرۆڤایەتی خەفە دەکەن، سەلمێنەرێک بووە، زانستی بەرگری کردن بووە لە بڕوایەکانی دیانەکان (المسیحیه) کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتیان بەکار هاتووە.

جێگای ئاماژە بۆکردنیشە، ئەم بڕگەیە لە داهێنانی مارکس نەبووە، بەڵکو وتەیەکی ((عمانوئیل کانت))ە، ئاشکراشە کانت باوەڕی بە ئایین پتەوبووە، لە (ئایین لەسنووری عەقڵی بێگەرد)دا، کانت ئەم بڕگەیەی بۆ ئاماژە پێکردن بە خەم و پەژارەی کاهنەکان دەربڕیوە،کە بەو کەسانەیان راگەیاندووە کە لە گیانەڵا (مردن)دا بوون.

لێرەدا ئەگەر رەخنەیەکیش لە کاهنەکان بگریت، رەخنەی ئەوەیان لێ ناگرێت کە هەوڵیان داوە ئازارەکانی خەڵکی تر کەم بکەنەوە، بەڵکو ئەوەی کردوویانە لە کاتی خۆیدا نەبووە، چونکە هەستکردن بە مردن خۆی لە خۆیدا خەم و پەژارە دروست دەکات نەک ئازاری مەعنەوی، واتە ئازاردانی ویژدان (وەک دەزانین کەرامەتی مرۆڤ لە روانگەی کانت، لە ویژدانیدایە) وەک دەڵێت: (( لەو کاتەدا پێویستە ویژدان ببزوێنرێ و جۆش بدرێت. بەڵام بەخشینی ئەفیون واتە لەهۆشبەرەوە بەم شێوەیە هەڵەیەو لەکاتی خۆیدا نییە، چ بۆ ئەو مرۆڤەو چ بۆ ئەوانەی لە دوای ئەویشدا دەمێنن)).

لەم روانگەیەوە، بایەخی تیئۆری ئایین بەلای مارکسەوە، دەردەکەوێ کە چۆن لە رێگای ئازار دەربڕینەوە خۆی دەنوێنی.

هەستکردن بە ئێش و ئازارەکان و ململانێ و کێشەکانی ناو کۆمەڵ و

کاری خراپیان بۆ سەر کۆمەڵ، ئەم واقیعە دەبێتە هۆی ئەوەی شێوازی ئایین سەرهەڵبدات.

بۆیە تەنها رەخنەی راست و دروست لە ئایین لە روانگەی مارکسەوە، لەوەدا خۆی دەنوێنی کە هەوڵ بدرێ بۆ گۆرینی جیهان، بۆ نەهێشتنی ئازارە راستەقینەکان.

هەروەک دەڵێت: ((نەهێشتنی ئایین کە وەکو بەختیارییەکی خەیاڵییە بۆ میللەت، بەوە دەبی کە داوای بەختیاری راستەقینە بکەین و داوای وازهێنان لە خەیاڵ و شتە وەهمییەکان بکەین.

مانای ئەوەیە داوا بکەین دەست لەم بارودۆخە هەڵبگرین کە پشت بە خەیاڵ دەبەستێت.

بۆیە لە بنەڕەتدا رەخنە گرتن لەئایین، رەخنەگرتنە لە فرمێسک هەڵوەراندن کە ئایین دەبێتە سەرچاوەدانانی پەردەیەک بۆ نەبینینی هۆیە راستەقینەکانی فرمێسک و خەمەکانمان)). ئەو ئایینەی وەک مارکس بۆی چووەو دەڵێ: (( هەر ئایینێک شتێک نییە، ئەگەر لەناو خەیاڵی مێشکی مرۆڤدا رەنگ نەداتەوە، بۆ ئەوەی بەرگری لەو کەشەی دەرەوە بکات کە بەسەر هەڵس و کەوتی رۆژانەیدا زاڵە، ئەو رەنگدانەوەیەی هێزی زەمینەی هەڵدەگرێ و شێوەی هێزێکی باڵا وەردەگرێ)).

## ماركسيزم- لیننیزم

ماركسیزم رێبازـ منهجـ ە، كۆمەڵێك تیئۆری لە ناو خودی مەنهەجەكە لە ماوەـ خلالـ ی پیادەكردنی كۆمەڵایەتی دا، بەرجەستە كردووە، وەكو تیئۆری دەوڵەت، تیئۆری شۆڕش، تیئۆری زێدەبایی.. هتد، بەڵام لینینیزم تیئۆرەو لینین لە (ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناخەكانی سەرمایەدارییە)دا داهێنانێكی گەورەی كردووە.

ماركسیزم كە ئەو مەنهەج و فەلسەفەیە (سۆشیالیستی زانستی) یان داڕشتووە، تەنها بۆ كۆمەڵگای بەریتانی (ئینگلتەرای ئەوكات) یا فەرەنسی

یا ئەمریکی یا ئەڵمانی دا نەڕشتووە، بەڵکو مارکسیزم بەشێوەیەکی مەعریفی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری لە ڕێگای پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و...هتد لێکداوەتەوە، جا هەر کۆمەڵگایەک بێت. لە سەردەمی مارکس و ئەنگلسیشدا بەریتانیاو فەرەنساو ئەمریکاو ئەڵمانیا، لە رووی پەرەسەندن و پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژی، پێشکەوتووترین وڵاتی سەرمایەداری بوون لە دونیادا بۆیە مارکس و ئەنگلس پێشبینی ئەوەیان کرد کە شۆڕشی سۆشیالیستی بەر لە هەر وڵاتێکی تر، لەو چوار وڵاتەدا بەرپا دەبێت.

بەڵام لینین پێی وانەبوو شۆڕشی سۆشیالیستی هەر دەبێت لە وڵاتێکی پێشکەوتووی سەرمایەداری بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پیشەسازی و.. هتد بهێنرێتەدی، بەڵکو پێی وابوو دەکرێ لە وڵاتێکی نیمچە دەرەبەگیش دا، نەک هەر شۆڕشی سۆشیالیستی، بەڵکو حکومەتێکی کرێکاریش رابگەیەندرێ، وەک لە روسیادا سەرەڕۆیانە رایگەیاند، بێ ئەوەی روسیای سۆڤێتی بە قۆناخی شۆڕشی دیموکراتی دا تێپەربېێ! بێگومان تا سەرهەڵدانی پیرۆسترۆیکا لە ناوەڕاستی هەشتاکان یەکێتی سۆڤێت ئەم شۆڕشە دیموکراتیەی بە چاوی خۆی نەبینی، جگە لە حکومەتی کرێکاری بیرۆکراتی مشەخۆر، بەواتایەکی تر حکومەتێکی کرێکاری ساختە (زائف). بۆیە بە گوناحێکی گەورەی دەزانم یەکێتی سۆڤیەت بە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی و شۆڕشی ئۆکتۆبەری سەرەڕۆ بە شۆڕشێکی سۆشیالیستی و.... لە قەڵەم بدرێ، چونکە ئەگەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشێکی سۆشیالیستی بوایەو ئەرکەکانی قۆناخی سۆشیالیستی بەدی بهێنابایەو یەکێتی سۆڤیەت وەکو دەوڵەتێکی سۆشیالیستی خۆی پیشان بدابوایە، قەت قەت کرێکارانی سۆڤیەت لە خودی حیزبی شیوعی

سۆڤێتی و به ملیۆن کرێکاری یەکێتی سۆڤیەت هەوڵی ئەوەیان نەدەدا (وەک دایان) ئەم دەوڵەتە بیرۆکراتیە مشەخۆرە هەڵبوەشێننەوە ئەگەر سۆشیالیستی بوایەو یاخود بەلایەنی کەم تۆزقالێک لە بەرژەوەندی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان بوایە.. بۆیە دەڵێم هەتا ئێستا لە هیچ وڵاتێکی دونیادا، هێشتا دەوڵەتێکی سۆشیالیستی دروست نەبووە. کەواتە بۆچی خەم لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا بخۆین؟، ئەمەشیان هەق وایە باشتر لێی بکۆڵینەوە.

مارکسیزم وای بۆ دەچوو کە شۆڕشی سۆشیالیستی لە رێگای ئەو خەڵکە چەوساوەیەی کە سەرمایەدار دەیچەوسێنێتەوە، بەرپا دەبێت. واتە بە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی ستەمدیدەی ناو وڵاتێکی سەرمایەداری، ئەو کۆمەڵانەی کە بەری رەنجیان بۆ سەرمایەداران و چەوسێنەرەکانە، بەڵام لینین سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لە خودی تاکە حیزبەکەی خۆیەوە دەبینی.

مارکسیزم پابەندێکی حەتمی نییە بە حیزبێکی شیوعی یا کرێکاری.. بەڵام لینینیزم پابەندە بە حیزب و رێکخراو واتە پابەندە بە چوونە ریزـ انتماءـی حیزبایەتیەوە، کە ئەویش خۆی لە خودی رێکخستن دا دەدۆزێتەوە.

مارکسیزم لەبەر ئەوەی پابەندنییە بە حیزب و رێکخستنەوە، بۆ دەرمانیش باسی ناوەندی دیموکراسی نەکردووە، بەڵام لینین لەبەر ئەوەی بە حیزب و رێکخستن توند شەتەک دراوە، بەزۆری زۆردارەکی و بە ناڕەزایی هەندێک لە سەرکردە شیوعیەکانی وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا، ناوەندی دیموکراسی بەسەر هەموو حیزبە شیوعیەکاندا سەپاندو بەگشتی کرد واتە تەعمیمی کرد.

ماركسیزم رێباز-منهج-ەو دەكرێ و پێویستە هەموو گەلانی ژێردەستەو سەرجەمی چینە چەوساوەكان بە پاراستنی تایبەتمەندێتی وڵاتەكانیانەوە، ئەم رێبازەی ماركسیزم بكەنە رێنمایی بەرنامەكانیان و، بۆ رزگاربوونیان لەو چەوساندنەوە نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتییە، لە سیاسەت و تێكۆشانیاندا ئەم رێبازە بێتە مۆمی رێگایان.

بەڵام لینینیزم تایبەتە بە شۆڕشی بەڵشەفیک لەسەر واقیعی خاكی روسیادا.

ماركسیزم (ماركس و ئەنگلس) باوەڕی بە هاوپەیمانێتی چەندین باڵی ماركسی هەبووە لە فەرمانڕەوایی كردندا، ئەوە سەردەمی كورتی كۆمۆنەی جوانە مەرگ. بەڵام لینین ئەگەرچی لە سەرەتادا رێگەی بە سۆشیالیستیە شۆڕشگێڕە چەپەكان دا بەشداری لە دەستەڵاتی روسیای سۆڤێتی بكەن.

بەڵام هەر زوو لە ئاداری 1918 بەهۆی ناتەبایی هەڵوێستیان لە پەیمانی بیست دا، لە تەموزی هەمان ساڵدا بەبڕیارێكی رەسمی لەكاری دەوڵەت دوورخرانەوەو ئیتر حیزب وەكو تاكە حیزب لە دەوڵەتدا فەرمانڕەوا بوو، هەر بۆیە بەسەدان هەزار كەس بەناچاری و لەبەر بەرژەوەندی خۆیان روویان دەكردە ناو حیزبی شیوعی سۆڤێتی، بۆ ئەوەی لە دەوڵەت وەزیفەیەكیان بەر بكەوێ، چونكە ئەوەی لە دەرەوەی ئەو حیزبە بوایە هیچ حسابێكی لە دەوڵەت بۆ نەدەكرا، بۆیە ئەنجامەكەی بەو كارە گەیشت، چونكە بیرۆكراتی و مشەخۆری بێ تامی كردبوو.

ماركسیزم تاكە رێگایە كە بتوانێ چاری هەموو تەنگوچەڵەمەو كێشەیەك وەك كێشەی نەتەوایەتی، ئابووری، پیشەسازی، كۆمەڵایەتی......هتد بكات، بەڵام لینین دوای ئۆكتۆبەری 1917تا ساڵی 1924 كە تاكە سەركردەی حیزبی شیوعی سۆڤێتی و تاكە سەركردەی

دەوڵەتی یەکێتی سۆڤێت بوو، کەچی هەموو ئەو نووسینانەی لەمەڕ کێشەی نەتەوایەتی تەنها وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز مانەوەو دوای لینینیش ئەوە هەر باس ناکرێ چی دەرهەق بە کێشەی نەتەوەیی کرا. تەنها ئەوەندە هەیە وەکو نووسین کەس نەیتوانیوە وەکو لینین کێشەی نەتەوایەتی ئاوا بنەبڕ بکات، بەڵام لە پیادەکردندا پێڕەو نەکرا، چونکە دەوڵەتەکە سۆشیالیستی نەبوو.

## له پەراوێزی ڕووداوەکانی سۆڤێت

## له خرۆشۆفەوه تا جمکه قەیسەری ئەمڕۆ

ئەگەر بمانەوێ بەوردی ئاماژه بۆ سەر ڕەگی پرویسترویکا له سیستەمی سوشیالیستدا بکەین دەبێ له کۆنگرەی دەهەمی ئاداری1921 دەستپێبکەین، که لینین بەوردی (اجراء تطهیر)ی دەست پێ کرد. بەڵام ئەوەی ئیمڕۆ زیاتر شوێن سەرنج و مقۆ مقۆیه، دەتوانیین بڵێین له کۆنگرەی بیستی ساڵی 1956 دەست پێدەکات، کاتێ ئێوارەی 2/24 لەبەردەم دانیشتنی نهێنی کۆنگره، خرۆشۆف ڕاپۆرتی نهێنی دەربارەی پوچەڵکردنەوەی پەرەستنی کەسایەتی ستالینی پێشکەش کرد. هەرچەنده ڕاپۆرتەکه له دواییدا بەسەر ئەندامانی حزبی شیوعی سۆڤێتی و سەرکردەکانی وڵاته سۆشیالیستەکان دابەش کرا. بەڵام بەهیچ شێوەیەک له وڵاتانی سیستەمی سوشیالیستی روناکی نەبینی، واته بڵاونەکرایەوه، تەنها

نیۆیۆروک تایمز لە 1956/7/15 لەگەڵ بڕیارێکی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی سۆڤێت کە لە بەرواری 1956/6/30 بڕیارەکە درا بوو، بڵاوبوونەوە. دەبێ ئەوەش بوترێ ئەو وتارە بەناوبانگەی خرۆشۆف لە کاتی خوێندنەوەیدا، یەکێک لە ئامادەبووانی دانیشتنە نهێنییەکە، خۆی پێ نەگیراو، گوللەیەکی بە کەللە سەری خۆیەوە نا.

هەرچەندە وتارەکەی خرۆشۆف (تاکەکەس پەرستی) هەمەلایەنانەو بەربڵاو نەبوو، بەڵام وەکو یەکەم هەنگاو، زۆر بە جورئەتانە ئاماژەی بۆ هەندێک خاڵی بنەڕەتی قەیران و تەگەرەکان کردبوو، کە لە ئەنجامی پاشماوەی دیکتاتۆری ملهوڕی (ستالین)ەوە سۆڤێت لە ناویدا بزر ببوو!!.

لە راستیدا وتارەکەی خرۆشۆف لەژێر ناوی (تاکەکەس پەرستی) بوو، بەڵام لایەنی تریشی لە ئامێز گرتبوو، وەکو گۆشەگیری سۆڤێت لە تەواوی جیهاندا، چ لە رووی پەیوەندییەکانی ئابووری و چ لە رووی بەشداری کردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی.

بەهەرحاڵ دوابەدوای جەنگی جیهانی دووەم، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا، کاتێ ئەمریکا لە بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا بەهێزترو قەڵەوتر بوو، بارودۆخی گشتی ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەم سیستەمی سەرمایەداری جیهانی کردەوە، کە لەسەر بنچینەی سیاسەتێکی پتەوو بە هەڕمێنتر سەقامگیر ببێت. ئەویش بنیاتنانەوەی ئەوروپای رۆژئاوا بوو، بەتایبەتی لە دوورخستنەوەی تارمایی مەترسی کۆمۆنستی هەروەها چەسپاندنی ئیستعمارێکی نوێ لە رێگەی دان پیانانی سەربەخۆیی دەوڵەتانی ئاسیاو ئەفریقیای کولونیال و داگیرکراوی پێشوو. مسۆگەرکردنی زاڵبوونی بۆرژوازی ناوخۆ ــ البرجوازيات المحلية ــ لەسەر شێوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەمریکاو گۆشەگیرکردن و لێدانی هێزی

چەپ لە باشوری رۆژهەڵاتدا، جگە لە ڤیتنام. ئیتر لەو چوارچێوە نوێیەی کە ئەمریکا دروستی کرد، وای لێهات یەکێتی سۆڤێت ئەوەندە شوێن مەترسی نەبێت بۆ سەر دەوڵەتی سەرمایەداری ـ منظومە الراسمالیەـ.

بەجورئەتانە هەندێک خاڵی گرنگی خستەڕوو، لەوانە:

أ- بڕیاری (مرسوم الارض) کە کاتی خۆی لینین خێرا بەرنامەی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکانی پەیڕەوو پیادە کردو، هاوپەیمانیەتێکی پتەوی لە نێوان کرێکارو جووتیار دروست کردبوو، کەچی لە سەرەتای سییەکاندا، لەلایەن ستالینەوە ئەو بڕیارە (مرسوم الارض) کە لینین دەری کردبوو، هەڵوشێندرایەوە، کە تائێستاش شوێنەواری نەگونجانی نێوان کرێکارو جووتیار هەرماوە. هەروەها دوای گەڕاندنەوەی ئەو بڕیارە خرۆشۆف هەوڵی یەکسانی نێوان گوندو شاری داو، نەهێشتنی تیرۆرکاریشی لەلایەن پۆلیسەوە لە بەرنامەکەیدا داڕشتبوو.

ب ـ هەوڵی وەدیهێنانی یەکسانی سەربازی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدا کە لەسەرەتای شەستەکاندا بە تەواوی هاتەدی.

ج ـ خرۆشۆف دەیویست وەک چۆن لە بواری سەربازی هاوشانی ئەمریکایە، دەبێ لە بواری ئابوریشدا ئەگەر لە ئاستی رۆژئاوادا پێشکەوتووتر نەبێت، دواکەوتووتریش نەبێت. لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیش دەبێت دەستپێشخەری بکات و لە نووشتانەوەی داکۆکی (الانگواء الدفاعی) دەربچێت، کە ئەمەیان بووە هۆی ئەوەی یەکێتی سۆڤێت دەرگای پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک دەوڵەت بکاتەوە، لە سەروویانەوە، دەوڵەتانی جیهانی سێیەم!!.

بەڵام دەبا بپرسین بۆچی لەگەڵ جیهانی سێیەم؟!، پێم وایە سەرباری شوێنە ستراتیژیەکەی، هەندێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی رادیکالیش

لەگەڵ رۆژئاوا ناکۆک بوون" کۆنگرەی (باندونج)ی ساڵی 1955) لە بەرچاوترین نموونەیە". ئیتر سۆڤێت هەوڵی ئیستغلالکردنی ئەو ناکۆکیانەی دەدا، لە پێناوی ئەوەی خۆی بسەپێنێ بەوەی کە هێزێکی گەورەی جیهانییە.

رۆژئاوا، هەر لەکاتی محەمەد عەلی یەوە، هەستی بە مەترسی هەستانی میسر (نهضە مصر) کردبوو، نەخاسمە مەترسی یەکگرتنەوەی نیشتمانی عەرەب کە رۆژئاوا تەواو لێی تۆقیبوو. هەر ئەمەش بوو رۆژئاوا بڕیاریدا زایۆنزم لە دڵی نیشتمانی عەرەب نیشتەجێ بکات و، هەموو وەسیلەیەک بەکار بهێنێ لە پێناو تێشکانی هەر پرۆژەیەک کە لە گەشەسەندنی میسر، یاخود لە پرۆسەی پەرەپێدانی یەکێتی عەرەبی دابێت.

ئیتر یەکێتی سۆڤێت هەستی بەوە کرد بوار ـ مجال ـ ێک هەیە کە هاوپەیمانێتیەکی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێیەم بکات کە مەیلێکی رزگاری و یەکگرتنەوەیان هەیە. ئەوەبوو هەر لە ساڵی (1955) سۆڤێت چەکێکی یەکجار زۆری بۆ ئەو وڵاتانە رەوانە کردوو و لە ساڵی 1956یش دەستی لە روخاندنی دوژمنی سیانی (بەریتانیا ـ فەرەنسا ـ زایۆنیزم) وەرداو، لێنەگەڕا ئەو دوژمنکارییە سەر بگرێ کە ئەمەیان باشتر رێگای بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی نێوان سۆڤێت و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی وەکو میسر، جەزایر، عێراق خۆشکرد.

وەلێ جێی سەرنجە، بەدرێژایی مێژوو دژایەتیکردنی ئەو وڵاتە عەرەبیانە لە رووی رۆژئاواو ئیمپریالیزم دا، ئێستاشی لەگەڵدابێ هیچ کام لەو وڵاتانە سیتەمێکی لە شێوەی ڤێتنام، کوبا، یان لێنەهاتە ئاراوە. هەر ئەو نەگەیشتن بەو سیستەمەش بوو، سەرانی سۆڤێت کەوتنە نیگەرانی و دڵەڕاوکێوە، بەوەی رێگاچارەیەک لەو کێشەیە بدۆزنەوە، ئەویش ئەوەبوو

که مەنتیق رەتی کردۆتەوەو مارکسیزم حەساسییەی پێ هەیە، کەچی سەرانی سۆڤێت لە سەروویانەوە (برژنێف)ی ووشکە رۆ بۆ زێتر خۆگونجان لەگەڵیاندا، (رێگای ناسەمایەداری) دیاریکرد! بێ ئەوەی هیچکام لەو وڵاتانە رۆژێ لەرۆژان مارکسیزم و سۆسیالیزمیان پەیڕەو وپیادە کردبێ، لەوەش زیاتر زۆرجاری وا هەبووە، ئەو وڵاتانەی جیهانی سێیەم لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتوو و سوشیالیستەکانیشیان هەڵ نەدەکرد!!!...

هەڵبەتە سۆڤێت هەر تەنها دەستی لە کاروباری ئەو وڵاتانەی جیهانی سێیەم وەرنەدا، بەڵکو دەستێوەردانی ئەنگۆلاو موزەمبیق و ئەمریکای ناوەڕاست (نیکاراکواو)و....، سەر بەستراتیژییەکەی خۆی بوون. هەروەها دەستێوەردانی لە (مەجەر) ساڵی 1956و چیکۆسلۆفاکیای ساڵی 1967و هەروەها بەشێوەی جیاجیاش لە پۆلۆنیاو رۆمانیاو....هتد، بەردەوامبوون و بەرفراوانبوونی بە تەبەعیەت بوونی سۆڤێت بوون. هەڵبەت ئەوەشمان لەبەرچاوە کە سۆڤێت لە شەستەکان هەموو هەوڵێکی لە بەرامبەر چین ـ الصین ـ تەرخان کردبوو بۆ تەوق کردنی (پەکین)و دەیویست سین کیانغ (تورکستانی چین) بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی وەک ئەوەی لەگەڵ ئەنگولای کردبوو. هەروەها هاندانی ڤێتنام بۆ پەڕینەوەی بۆ ناو ـ کەمبودیا ـ و دستێوەردانی سەربازی لە ئەفغانستان ساڵی 1980،بەڵام جێی سەرنجە، خاڵێکی گەوهەری لە بواری بە تەبەعیەت کردن هەیە، ئەویش ئەوەیە دەستێوەردانی سۆڤێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینیدا، بەهیچ جۆرێک بە مانای تەماعگیری و چاوتێبڕین لە موڵک و سامانی ئەو وڵاتانەدا نییە، بەڵکو تەنها بۆ داکۆکی کردن بووە لەو ستراتیژەی کە سۆڤێت هەیبوو لە بەرامبەر ئەمریکاو رۆژئاوای داگیرکەرو خوێنمژی مرۆڤ!.

به هەرحاڵ ئەم دەستێوەردانانە تا سەرەتای هەشتاکان درێژەی هەبوو بۆیە دەپرسین، لەو ماوە دوورودرێژەدا، بۆچی جارێک بە هێڵی ستراتیژی نێودەوڵەتی خۆی نەچووەوە کە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە رادیکال و دژە ئیمپریالییەکانی جیهانی سێیەم هەبوو لە پێناوی خەفەکردنی راستەوخۆی رۆژئاوا، بەتایبەتی دوای دۆڕاندنی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی کە لە ساڵی 1967 داو لە بەرامبەر ئەمریکادا، دۆڕان. پێم وایە، هەرچۆنێک بوایە، دەبوو سۆڤێت ئەمجارەیان بە عەقلێکی ترو بەدیدێکی ترەوە مامەڵەی لەگەڵ جیهانی سێیەم بکردایە. چونکە لە بنەڕەتدا ئەو وڵاتانە، ئەگەرچی دژی ئیمپریالیزم زایۆنیزم بوون، بەڵام دانوییان لەگەڵ مارکسیزم و کۆمۆنیزمیش نەدەکولا بە هەرحاڵ دەبا بپرسین بۆچی نوێکاری خرۆشۆف کە لە ناوەڕاستی 1953وە دەست پێدەکات و لە کۆنگرەی بیستی 1956 چڕترو کاریگەرتر نوێکاریەکەی رەنگرێژتر دەکات، کەچی لە پراکتیکدا جگە لەو هەوڵە چکۆلانەی لە ساڵی 1953 ئەنجام دران، قسەکانی تا ناوەڕاستی هەشتاکان هەر بە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوون و هیچی تر؟!. بێگومان ئەگەر خرۆشۆف پەلەی نەکردایە ( بە دارشتنی بەرنامەکەیەوە، هەنگاوی وردیلە وردیلەی بنایە، ئەم هەموو شیوعییەی لێ نەدەرنجاو (بریژنێف)ی وشکەرۆش نەیدەتوانی بە کودەتایەکی سپی لە هەموو کاروبارێک دووری بخاتەوە! بەڵام دەبا بپرسین ئایا راستە تا پایزی 1989، سۆڤێت لە رووی چەک و تەکنەلۆژیاوە هاوشانی ئەمریکا بوو؟!.

دەرچوونی یەکەم (قمر صناعی) (سبوتیک) لە ساڵی 1957 بووە هۆی هاوسەنگی ستراتیژی لە شەستەکان، بەڵام دوای بە کارهێنانی (رێگای ناسەرمایەداری) دووبارە سۆڤێت تووشی مەندی و مەیین ــ رکود ــ هات. بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی (رۆناڵد ریگان) بۆ سەرۆکایەتی وڵاتە

یەکگرتووەکان لە ساڵی 1980، کە کاریگەرییەکی فرەی لە داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەی (حرب النجوم) هەبوو، کە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامە سەربازییە تا سەرەتای هەشتاکان لە مێژوودا نموونەی نەبوو..ئەمەیان وای کرد سۆڤێت لە بواری سەربازیش هەنگاوێک بکەوێتە دواوە. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەمریکا بەو دڕندەییەی و دزینی سامانی دەوڵەتان و...هتد کەچی لەو 15 ـ 16 ساڵەی دوایی بەیت و باڵۆرەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و....هتد لێدەدا، کەچی سۆڤێت هەر دەتوت خەوی لێکەوتووە لە بەرامبەر ئەو هەموو بەیت و باڵۆرە درۆزنانەی ئەمریکا. دیموکراسی، سۆڤێتی تا ناوەڕاستی هەشتاکان یا وردتر تا سەرەتای هەشتاکان نەیبزواند، کە بزواندنیشی بەرنامەیەکی نەخشە بۆ کێشراوی بۆ دانەنراو شاڵاوی رەمەکی و هەڵپەرستانەی بەسەردا زاڵ بوو....

بەڵام، نابێ ئەوەمان لەبیربچێ، مەیلی جودابوونەوە دەمێکە هەبوو، ئەوەتا یوغسلافیا لە ساڵی 1948 لە" معسکر موسکو" جیابووبووەوەو، چین لە ساڵی 1957 بڕیاریدا کاروانی سەربەخۆیی خۆی بە سەربەخۆیی ببات بەڕێوەو سەر بەهیچ دەوڵەتێک نەبێت. ئەگەرچی ئەو دەوڵەتە سۆشیالیستیش بێ.

بەڵام، بخوێنی ئازیز، سەرباری ئەو کێشانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، سۆڤێت لە رووی پیشەسازیشەوە،لە سەرەتای هەشتاکان زیاتر رووبەڕووی قەیرانی بێ ئامان دەبووەوە. ساڵی 1982، لە رۆژئاوای سیبریادا، بەرهەمی ساڵانەی دەرهێنانی نەوت، لەبەر خراپی ئاستی پێشکەوتنی تەکنیک و....هتد، دواکەوت. هەموو ئەو ئاستەنگ و قەیران ونەهامەتییە بێ ئامانە، راستەوخۆ رووبەڕووی دڵساف و خەمخۆری میللەت

(ئەندروپۆف)ی تەمەن کورت بوونەوە، کە لە مانگی 1982/11 هاتە شوێنی برژنێف. دیارە ئەو هەموو قەیرانە قووڵانە لەسەردەمی برژنێفیشدا هەستی پێکرابوو، بۆیە راستەوخۆ زمانی رەخنە رووبەڕووی (ئەندروپۆف)کرا، هەر وەک سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی سۆڤێت لەکاتی ئەندروپۆفدا وتی "کاروبارەکانمان هەر بەتەواوی پەکی کەوتووە، زۆرمان قسەکرد، بەڵام هەنووکە دەبێ بزانین چۆن کار بکەین لە پێناو چارەسەکردنی گیروگرفتەکانمان".

هەروەها ئەندروپۆفیش فەرمووی (ئەو کارانەی کە پێی هەڵدەستین، بەرجەستەکردنی بنیادنانەوەی رێکخستن و میکانیزمی ئابووری و شێوازەکانی بەڕێوەبردنن، کە لە ئاستی داواکارییەکانی گەشەپێدانی مادی تەکنیک و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری زۆر دواکەوتوونە).

لە راستیدا، ئەندروپۆف بەو پێیەی لە سەردەمی برژنێڤ دا، بەرپرسی یەکەمی موخابەراتی سۆڤێتی (K.G.B)بوو، ئاگاداری هەموو کەموو کووڕی و ناتەواوییەکانی ناو کۆمەڵگای سۆڤێت و حیزب و دەوڵەت وبواری ئابووری و تەکنەلۆژی و...هتد بوو، کە کەڵەکەیان لەسەر یەکتر کردبوو.

بەتایبەتی بۆ یەکێکی وەکو ئەندرۆپۆف، سەرباری ئەو لێپرسراوی کە لەسەرەوە باسم کرد، ئەندامێکی بەتواناو کاریگەری فیکری سیاسی حیزبەکەیشی بوو، هەروەها بەدەست پاک و دڵسۆزی گەل ناوی دەرکردبوو، بە دڵ هەوڵی لە رادەبەدەری دەدا، سنوورێک بۆ ئەو قەیرانانە دابنێ کە سۆڤێت و گەلەکەی تێی خزابوون، بەڵام دیارە ئەندرۆپۆفیش بەپێی یاسای فەرمانڕەوایی بیروکراسی حیزبی، نەیدەتوانی هیچ رێگا چارەیەک بەکاربهێنی، تا ئەو رۆژەی خۆی لە تشرینی دووەمی 1982 لە رێگەی هەڵبژاردنەوە، بوو بە سکرتێری گشتی حیزبی شیوعی سۆڤێتی.

ئەو کاتەش کە بوو بەیەکەم لێپرسراوی حیزب ودەوڵەت، هەموو ئەو قەیرانانەی کە حیزب و گەل و دەوڵەت بەدەستیانەوە دەیانناڵاند، بەردەوام مێشکی ئەو کەڵە سەرکردەیان دەکرۆشت، ئیتر بڕیاریدا زۆر هەنگاوی وەهابنێ کە حیزب و گەل و دەوڵەت لەو قەیرانە بێ ئامانە دەربهێنێ، ئەوەبوو، یەکەم هەنگاو کە ئەندرۆپۆف هاویشتی لە گۆڕینی سیاسەتی بریژنێف\دا راپۆرتێک بوو، بۆ پاداشتی کرێکاران، بەو مەبەستەی ژیان و گوزەرانی کرێکارە هونەرییەکان (الکوادر الفنیە) خۆشترو ئاسوودە تربکات، بۆ ئەوەی بەرهەمی باشترو پێشکەوتووتر پێشکەش بکەن. هەروەها بە دوای کەسانی بەهرەمەند و بەتوانا گەڕا، کە بتوانن دەرەدەبەسوێکانی ناو کۆمەڵ و دەوڵەت و حزب چارەسەر بکەن، گۆرباتشۆف کە دوایی دێینە سەری، یەکێک بوو لەو بەتوانایانەی کە ئەندرۆپۆف خێرا بە دونیای ناساند.

ئەندرۆپۆف لە ماوەی کەمی فەرمانڕەوایی کردنیدا، زۆر هەنگاوی وردو ژیرانەی هاوێشت، یەکێک لەوانە (جگە لەوانەی کە لەسەرەوە باسم کرد) گۆڕینی کەسانی سەرکردە"شخصیات قیادیة" بوو، ئەوەبوو (35) سکرتێری لە کۆمارەکان و ناوچەکان گۆڕی و، هەندێک لە کەسانی تازەی کردە لێپرسراو، کە لە راستیدا تێکرای خەڵکی سوڤیەت بەو هەنگاوە ژیرانەی ئەندرۆپۆف بەختەوەرو رەزامەند بوون و، ئەندروپۆف تا دەهات زیاتر خۆشەویستی خوی

لە ناو دڵی خەڵکی سوڤیەت دەڕواند، چونکە باش هەستیان بەوە کردبوو کە ئەو سەرکردەیە (ئەندرۆپۆف) خەمخۆری راستەقینەی گەل و حیزب و دەوڵەتەکەیانەو چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی گەلی سۆڤێتەوە بەستۆتەوە.

بەڵام زۆر بەداخەوە، (ئەندرۆپۆف)ی خۆشەویستی گەل، چ لەبەر خەم و خەفەتی گەلەکەی بووبێ کە دووچاری ئەو هەموو قەیرانە بێ ئامانانە هاتبوو، چ لەبەر هەر هۆیەکی دیکە بووبێ، تووشی نەخۆشیەکی سەخت هات و لەدوای (15) مانگ حوکم کردنیدا، مردن زەفەری پێ بردو گیانی لێ سەند، کەبووە هۆی نا ئارامی و خەفەت چەشنتێکی زۆری گەلی سۆڤێت لە بەرامبەر ماڵئاوایی کردنی ئەندرۆپۆفی راستگۆو دڵسۆزی گەل و دەوڵەت و حیزب.

دوای مەرگی ناکامی ئەندرۆپۆف، لە شوباتی 1984دا، سۆڤێت جارێکی تر رووبەڕووی چەندین کۆسپ و تەگەرەی تربووەوە، ئەگەر چی گۆرباتشۆف لەسەردەمی ئەو چەند مانگەی فەرمانڕەوایی کردنی ئەندرۆپۆف دا، بەلێهاتوویی ناوی دەرچووبوو، بەڵام هێشتا کاتی زیاتری پێویست بوو، تابتوانی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی کردنی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو یەکێتی سۆڤێت بگرێتە دەست. چونکە لە راستیدا گۆرباتشۆف جێ پێی خۆی لەم ماوە کورتەدا، لەناو دەزگاکانی سەرکردایەتی سۆڤێت بە تەواوی گیر نەکردبوو، بۆیە ناچار هاتن پیرێکی پەککەوتەو بەساڵاچوو نەخۆشی وەکو(قوستەنتین چێرنینکۆ) یان لە جێگای ئەندرۆپۆف دانا دەبێ ئەوە بڵێین چێرنینکۆ خەلیفەی ئەندرۆپۆف بوو. لەبواری نوێکردنەوە لە ناو دەوڵەت و حیزب خراپ نەبوو، بەڵام وەک کورد دەڵێت (پیری و هەزار عەیب) پیری و نەخۆشی دەستی لێسەندبوو، ئەوە بوو هەر لە پایزی هەمان ساڵدا (1984)، چێرنینکۆی بەرپرسی یەکەمی حیزبی شیوعی سۆڤێتی و دەوڵەتی یەکێتی شۆڤیەت، لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەتی ناوەندی دوورکەوتبووەوەو، چەند کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە مۆسکۆ، لەبەر ئامادەنەبوونی چێرنینکۆ، دواخرا، کە بەهەق کۆبوونەوەکان پێویستیان

بەبڕیار وەرگرتنی زۆر گرنگ و مێژوویی هەبوو.

ئەمەیان زیاتر کێشە خەتەرناکەکانی ئاڵۆزترو قوولتر دەکردەوە، هەر چەندە گۆرباتشۆف لە شوباتی (1984) واتە دوای مردنی ئەندرۆپۆف، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەکرد، بەڵام سیستەمی بیرۆکراسی ناوخودی حیزبی شیوعی سۆڤێتی، رێگەی بە گۆرباتشۆف نەدەدا، بتوانی بڕیاری گرنگ و مێژوویی دەربکات، چونکە بەناو هێشتا کە هەر چێرنینکۆی پەککەوتەو نەخۆش سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعی سۆڤێت بوو.

لە راستیدا چێرنینکۆ حەزی لە نوێکاری بوو، هەنگاویشی بۆناو، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە نێو سەرکردایەتی حیزبیشدا کرد، بەڵام کێشەو قەیرانەکان زۆر قووڵ بوونەوە، تارادەیەک کورد گوتەنی (کار لە کار ترازابوو)، هەموو یەکێتی سۆڤێت لە چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەورەدا بوون، ئەو گۆڕانکاریە گەورانەش بە (چێرنینکو)یەکی نەخۆش هۆش و هزری هەڵچنیبوو هی ئەو بەزمە نەبوو، بتوانی بڕیاری ئاوا گەورە دەربکات، بەڵام ئەوەمان دەبێ لەبیربێ، ئەگەر چی پیریش دەستی لیسەندبوو، بەڵام ئەو تاقەتەی لەبەری دابوو، پێشکەشی کرد. ئیتر خوێنەری ئازیز لە دوای مردنی چێرنینکۆ لە 1985/3/11، جارێکی تر، کێشە قووڵەکان بەشێوەیەکی ترسناکترو مەترسی دارتر لەلای "گۆرباتشۆف" خێرا سەریان هەڵدایەوە.

هەموو ئەو کێشەو تەگەرانەی خرۆشۆف پەردەی لەروو هەڵماڵین و بەگوێی گەلانی سۆڤێتیدا چرپاند، بە هاتنەسەرکاری وشکە دەروێشی خەلیفەی ستالین (برژنیف) تەگەرەکان نەک هەر چارەسەرنەکران بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ لە سایەی ئەو سەرکردەیە، برینی دەردەکان قووڵترو

قوولّتر کرانەوە، هەر بۆیە عەقڵمەندێکی وەکو ئەندرۆپۆف سەری دونیای لی وێک هاتبۆوە، دەیزانی برینەکان ئەوەندە قووڵ بوونەتەوە، ئاسان نیە لە ماوەی یەک دوو ساڵدا سارێژ بکرێن.

دوور نیە هەر خەم و خەفەتی ئەو برینانەش بووبی، وای لێ کردبێت تووشی ئەو نەخۆشییە کوشندەیە (شێر پەنجە) بووبێ کە دوای (15) مانگ بەسکرتێری حزبەکەی لینین مایەوەودوایی گیانی سپارد، وەک لە سەرەوەش باسم کرد چێرنینکۆش لەبەر نەخۆشی و تەمەنی بەساڵاچووی هی ئەو هەموو بەزم و رەزمە نەبوو، هەڵگری بەرپرسی یەکەمی ئەو هەموو قەیرانە سەخت و ئاڵۆزانە نەبوو، بەڵام حوکمی بیروکراسی بریژنیف وای کردبوو کە سەرکردەی بە توانا و نوێکار دروست نەکرێن، ئەگینا خۆ ئەگەر حوکمی تاکڕەوەی و بیرۆکراسی نەبوایە، خۆ ئەندرۆپۆف تێگەیشتوو و بە توانا بوو، بواری پێ بدرایا، دەیتوانی هەر لە سەردەمی برژنیفدا برینە قووڵەکان وردە وردە سووک بکا، بە شێوەیەک ئەو مەترسیەی نەدەما، کە تێکڕای سیستەمی ئەوروپای رۆژهەڵات لە بەریەک هەڵوەشێنێتەوە.

هاتنی گۆرباتشۆف، یا هەر کەسێکی تر لە جێگای گۆرباتشۆف بوایە هەردەبوو، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو هەموو قەیرانە بەر بڵاوانەی بدابوایە کە گەلی سۆڤێت و دەوڵەتی سۆڤێت و حیزبی شیوعی سۆڤێتی لە ناویدا نقوم ببوو. واتە بە لایەنی کەم دەبوایە درێژەی بە هەنگاوەکانی ئەندرۆپۆف بدابوایە، بەسوود وەرگرتن لەو ئەزموونە دوورو درێژەی کە هەر لە کۆنگرەی بیستەوە دەستی پێکردبوو. بەڵام لێرە دەپرسین ئایا گۆرباتشۆف بە بەرنامەیەکی رێکوپێک و نەخشە بۆکێشراوەوە هاتە پێش؟! بێگومان نەء ! گۆرباتشۆف دەبوایە سوودێکی فرەی لە خرۆشۆف وەربگرتایە، کاتێ کە بە نیازی پاکەوە پەنجەی تاوانی بۆ سەر ستالین

درێژکردو، ئاماژەی بۆ زۆربەی ئەو کۆسپ و لایەنانە کردبوو کە سۆڤێت تێوەی گلابوو، کەچی هەر زوو ئەو هەڵوێستە بە جوورئەتەی خرۆشۆف بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە پلەوپایەی خۆیان کە لە ناو دەزگاکانی حیزب و دەوڵەت دەسگیریان بوو بوو، بترسن و ناچار بە کودەتایەکی حیزبی (خرۆشۆف)ی نوێخوازیان لە کار دوورخستەوەو خانەنشینیان کرد.

گۆرباتشۆفیش هێشتا بنکەیەکی پتەوو متمانەیەکی ئەوتۆی لە لایەن گەلی سۆڤێتەوە دروست نەکردبوو، هێشتا (گلاسنۆست) کۆمەڵێک تەنگوچەڵەمەی لەگەڵ هاتنیدا هێنابووە ئاراوەو ئەستەم بوو، بە ئاسانی بەرنامەیەکی بۆ دابنرێ و پێڕەوی بەرنامەکە بکرێ، کەچی گۆرباتشۆف بەوەیش نەوەستاو زۆر پوختە!! (پیرسترۆیکا)یشی راگەیاند. کورد گوتەنی ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیش دەهات.

ئیتر ئەو هەموو قەیرانانەی کە هەوڵی چارەسەرکردنیان بۆ دەدرا، بۆ ئێجگاری و بە تەواوی لێکترازان، شەپۆلی لێک هەڵوەشاندنەوەو جیابوونەوەی وڵاتانی سیتەمی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، ئینجا کۆمارەکانی سۆڤێت رۆژ لەرۆژ زیاتر بە گورتردەبوون.

گۆرباتشۆفیش بە دەردی خرۆشۆف چوو، کودەتایەکی لە بەرامبەری کراو، لەکار دوورخرایەوە، بێ ئەوەی دەنگی ناڕەزایی لە لایەن گەلانی سۆڤێت بەرامبەر بە لادانی گۆرباتشۆف بەرزبێتەوە. یەکێتی سۆڤێت و کۆمارەکانی سۆڤێت، بوونە سەرچاوەی ململانێ و ئاژاوەو دژە کۆمۆنستی. لە لایەک گۆرباتشۆف دژ بە تیرۆرو خوێن رشتن بوو، لە لایەکی تر، ناچار دەبوو پێڕەوی خوێن رشتن بکات و هەر زووش لێی پاشگەز دەبووەوە، بە شێوەیەک گەلی سۆڤێتیش نەیاندەزانی گۆرباتشۆف مەبەستی چییەو دەیەوێ چی بکات و چی لەبن سەرە. هەر ئەوەش بوو کاتێ بە کودەتایەک

لەکار دوورخرایەوە، ڕۆژئاوا چەندی هەوڵیدا خۆپیشاندانێک.. ناڕەزاییەک. بە گەلانی سۆڤێت بکات، بەڵام بێ سوود بوو، ناڕەزایی و نیگەرانی هەر تەنها بۆ (بۆش)و ڕۆژئاوا بوو بەس.

هاتنەوەی گۆرباتشۆف بۆ جاری دووهەمی، کەسێکی دیکە بوو، نەک ئەو گۆرباتشۆفەی کە لە سەردەمی ئەندرۆپۆف و چێرنینکۆو هەروەها لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بوو، ئەو جارەیان جێبەجێکار (منفذ)ی سیاسەتی ڕۆژئاواو ئەمریکاو (یەلتسن) داردەستی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بوو، ئەمجارەیان گۆرباتشۆف بە تەواوی بێ توانایی و بوو دەڵەیی خۆی سەلماندو هیچ مەترسی بۆ سەر ڕۆژئاوا نەما. بەڵێ عەرەب گوتەنی (الما یعرف تدابیر، حنگتە تاکل شعیر) لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم، ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەم کەتا هەنووکە شوێن مشتومرو لێکۆڵینەوەیە، ئەویش ئەوەیە ئایا ڕاستە گۆرباتشۆف وەکو خرۆشۆف نیازی پاک بوو؟! ئایا گۆرباتشۆف بە ڕاستی دەیوست برینە قووڵەکان سارێژ بکات و سیستەمێکی سۆسیالیستی پاک و بێ گرێ و گاڵ دابمەزرێنێ؟!!.

خاڵێکی زۆر گرنگ لە مێژووی لێپرسراوێتی گۆرباتشۆف هەیە، کە هەموو پاساوێک بۆ داکۆکی کردن لێی ڕەت دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە، گۆرباتشۆف کە سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعی سۆڤێتی بوو ئەو حیزبە نزیکەی 20 ملیۆن ئەندامی هەبوو بۆ (9) گرێ سەدە لە خەباتی نەپچڕاوەدا بوو دژ بە ئیمپریالیزم و ڕۆژئاوای داگیرکەرو خوێن مژی مرۆڤ، هەروەها بەرپرسی یەکەمی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو یەکێتی سۆڤێت بوو، کەچی چۆن ئاوا بە سووک وسانایی ئیستقالەی لەو حیزبە بە هەیبەتەدا، بە تایبەتیش، کاتی ئیستقالەکەی ناسکترین کات بوو، ئەدی ئەوە خیانەت نییە؟ لەوەش گەورەتر بە ئیستقالەدانەکەیشی نەوەستاو بێ سێودوو داوای

لەبار یەکبردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبەی کرد کە سێ چارەگە سەدەیە لە پێناو مانەوەو سەقامگیر بوونیدا، رووباری خوێن دەڕوات. خەباتی نەپچڕاوەو بێ ئامانی حیزبێکی 9 گرێ سەدەی، بە ئارەزووی زاتی خۆی کردە پووش برنج و لەباریەکی بردو تەواوی دوژمنانی بەخۆی و بەو حیزبە کۆڵنەدەرەو بە رەوتی جولانەوەی مارکسیستی خۆشکرد.

سەرکردە لەوکاتە تواناو لێهاتوویی خۆی دەردەخات کە حیزبەکەی لەوپەڕی خراپی دابێت و ئەو سەرکردەیە بتوانێ باری قورسی سەرشانی سووکتر بکات، نەک ئەوەندە قورستری بکات لێی راست نەبێتەوە. سەرەتای بیرسترۆیکاکەی گۆرباتشۆف بە (گەڕانەوە بۆ لینینزم) دەستی پێکرد، کەچی بە گەوهەردا دژ بە لینینیش بوو، لینین لە کۆنگرەی دووی ساڵی 1903و راپەڕینی ساڵی 1905و هەڵوێستی لە 1914و ساڵی 1917و هەروەها پەیمانی بریستی 1918و...هتد رۆڵی هێندە گرنگ و مێژوویی تێدابینی، کە بە راستی سەرکردە خۆی دەسەلماند. بەر لە چەند رۆژێک لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئیستقالەیدا، بەڵام ئیستقالەکەی لەوەدا بوو، واز لە سەرکردایەتی بهێنێ و لە بنکەی حیزبی کار بکات لە پێناوی بەرپاکردن و هاندانی خەڵکی بۆ راپەڕین، بە هیچ شێوەیەک نەک هەر لە حیزبەکەی دوورنەکەوتۆتەوە، بەڵکو بەتوندی دژی هەموو ئەوانەش بووە کە دژی بەلشەفیک وەستاون. کەچی گۆرباتشۆف ئەگەرچی بە (العودە الی اللینینیە) دەستی پێکرد، بەڵام دەرکەوت نیازی وانییەو دەیەوێ خۆی پێ دەمامک بدا، ئەگینا چۆن داوای حەل بوونی ئەو حیزبە دەکات یەکێتی سۆڤێت و ئەوروپای رۆژهەڵاتی کردە کەلاوەو سەرچاوەی شەڕو ئاژاوە، ئەوە چیکۆسلۆڤاکیا، ئەفغانستان، کۆمارەکانی سۆڤێت. هتد ئێستاش ئەگەر یەکێتی سۆڤێت بە گشتی و گەلی رووسیا بە تایبەتی بتوانێ زوو

خۆی نوێ بکاتەوەو لەسەر بنچینەیەکی شارستانی خۆی بینابکاتەوە، ئەوا دەتوانێت جارێکی دیکە بێتەوە گۆڕەپان و ڕۆڵێکی بەرزو گرنگ ببینێ بەڵام دیارە ئێستا ئاسۆی داهاتووی سۆڤێت روون و دیار نییە، هەتا ئەو ئاژاوە (فوچی)یەی کۆتایی پێینەیەت، کە بەڕاستی بەردەوام بوونی ئەو هەراو زەناو ئاژاوەگێڕییە، مێژووی سۆڤێت زۆر زۆر بۆ دواوە دەگێڕێتەوە، نەخاسمە ئەگەر خەیاڵی گەنیوی ڕۆژئاوای سەرمایەداری خوێنمژ بێتەدی، ئەوا سۆڤێت یاخود رووس لە زۆر وڵاتانی جیهانی سێهەم خراپترو دواکەوتووتر دەبێت و دەتوانم بڵێم بۆ پێشساڵی 1914ی رووسیای قەیسەرو پاشکەوتوو و تابع دەگەڕێتەوە. ئەو کارەساتە مێژووییە بێ وێنەیە، چارەنووسی پرۆسترۆیکا بوو.....

هەن دەڵێن گۆرباتشۆف لە سەرەتاوە مەبەستی چاککردنی برینەکان بوو، بەڵام جڵەوی لە دەست دەرچوو، ئەمە ئەگەر وایە خۆ دەکرا بەردەوام هەوڵی دەرمانکردن و ساڕێژکردنی برینەکانی بدابوایە، نەک ئیستقالەدان و ئینجا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبەی کە لە هەموو دونیادا هەر ئەو هەبوو، پەنجە لە ئەمریکا هەڵشەقێنێ و ترسی بداتەبەرو سنووری بۆ دابنێ.

کە (گلاسنوست)ی راگەیاندو جڵەوی لەدەست دەرچوو،بۆچی (پیرسترویکا) یشی راگەیاند؟!!

گۆرباتشۆف هەر زوو هەڵسا بە دادگایی کردنی سەرکردەکانی پێشووی سۆڤێت، بەو مەبەستەی بزانرێ داخۆ چەند تاوانبارن، کەچی خۆی تاوانێکی ئەوەندە زەبەلاح و بێ هاوتای کردووە، کە هیچ پاساوێکی بۆ نییە...

کەواتە دەپرسین بۆچی پرولیتاریای جیهانی هەقی ئەوەی نەبێت

بەتوندی داوای مەحکومکردنی گۆرباتشۆف بکات، بە تایبەتی کە هێشتا کە خۆی لە ژیاندا ماوە؟! پێم وایە ئەو دادگایی کردنە تا زوو بکرێت درەنگە......

بەرهەمی پیرسترویکا بۆ سۆڤێت لە دایکبوونی جمکە قەیسەر (یەلتسین و شیفرنادزە)بوو، کە یەکەمیان قانوونی سەرەوخوار کردوو، قانوونزانەکانیشی رووبەڕووی مەرگ و ئاگرو ئاسن و تاراوگە (منفی) کردەوەو، پەرلەمانی بە یەک بڕیاری سەروو و تاکرەوانە هەڵوەشاندەوەو حوکمی تاکرەوی بەردەوامە، کە کار وابڕوات رووسیا لە ساڵانی 1914، 1915، 1917، 1918 خراپتر دەبێتەوە.

قەیسەرو دیکتاتۆری دووهەمیش شیفرنادزە چۆن رۆژانە بە ئاگرو ئاسن گەلی ئەبخازیای سەرکوت کرد. دیموکراتیەتی ئەمریکاو رۆژئاواش واقیعبینانە دەرکەوت کە دیموکراتیەتێکی ساختەیە، تەنها لە پێناو خزمەتکردن بە رژێمەکەی خۆیەتی، دەنا قەت نەدەبوو پشتگیری یەلتسن بکا بۆ هێرش کردنە سەر پەرلەمان. پەرلەمان دەنگی زۆربەو خەڵک بوو، بەڵام یەلتسن دەنگی خۆی و بەس. بەڵام گەلی رووسیش ئەو راستییە باش دەزانێ و هاکا وەکو پۆلۆنیا، یا بە هەر رێگایەکی تر هاتەوە سەر حوکم.

## دیموکراسی دروستبوون و ناوەڕۆک و بەکارهێنانی

### کوردستان وەک نموونە

### 1- سەرەتا

لێدوان لە پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتێکدا هێشتا سیستەمێکی جێگیرو پتەوی نییەو میللەتەکەیشی ساڵەهایە لە ژێر جەورو ستەم و چەوساندنەوەدا ناڵاندوویەتی، بۆیە بەر لەوەی باسی دیموکراسی لە کوردستاندا بکەین، پێویستە ئێمە بزانین ئاخۆ دیموکراسی چییە؟ ئایا دیموکراسی شتێکە لە هەموو ئان و زەمانێکدا یەک شتە؟ یان دیموکراسی لە رەوتی مێژوویی خۆیدا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووەو هەر سەردەمەو بەشێوەیەک لە شێوەکان بووە تا بە رۆژگاری ئەمڕۆ گەیشتووە، لەوەش زیاتر دیموکراسی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕێ و دەیان نموونەی جوداجودا لە دیموکراسی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا هەن بۆیە لێرەدا هەوڵمداوە دیموکراسی بخەمە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەکەم.

لەبەرئەوە هەوڵمداوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە بنەچەی دیموکراسی بکۆڵمەوە، واتە رووی راستەقینەی دیموکراسی چییەو بەکام تێڕوانینەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو دەکرێ و، لە چ کۆمەڵێک و لە کام هەلومەرجی سیاسیەوەش سەرچاوە دەگرێت، ئایا ئەم هەموو تێڕوانینە جیاجیایە، راستن بۆ دیموکراسی؟

لەم روانگەیەوە بە پێویستم زانی لەوە بکۆڵمەوە، زاراوەی دیموکراسی کە بۆ یەکەمجار دروستبووە چۆن گوزارشتی لێکراوەو دواییش چۆن لەو رەوتەی خۆی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بۆیە زۆر پێویستە کاکڵ و ناوەڕۆکی دیموکراسی وەک خۆی بناسین،

ئینجا دەتوانین دەستنیشانی ئەو گۆڕان و شێواندنانەش بکەین کە بەسەر دیموکراسیەتدا هێنراون.

کە ئەوە کرا دەشتوانرێ چەمکی دیموکراسی چ وەک چەمکێکی فیکری و چ وەک چەمکێکی سیاسی لەگەڵ هەندێک لەو چەمکانەی تر بەراورد بکرێن و جیا بکرێنەوە، کە رەنگە هەندێک جار زۆر لە یەکتری نزیک بن و هەندێک جاریش لە یەکتری دوور بکەونەوە.

جا لەبەرئەوەی دیموکراسی بایەخێکی گرنگی لە مێژووی شارستانێتیدا هەیە، ئێمەی کوردیش لەم ئاخرو ئۆخرەدا هەوڵمانداوە تێی بگەین، بەڵام کام دیموکراسی و بەکام تێڕوانینەوە؟!

دیموکراسیەتێک تائێستاش تەئکید لەوە بکرێ کە لە جیهانی سێیەمدا بوون (وجود)ی نییەو نەتوانراوە لەلایەن حوکمڕانانی ئەو جیهانەوە پێڕەو وپیادەبکرێ، ئەی بۆ ئێمەی کورد دەبێ چۆن

توانیبمان باسی لێوە بکەین و ئاشنای بووبین ؟ لە کاتێکدا ڕژێمێکی سەرکوتکەر حوکمڕان بووە بەسەرمانداو دواتریش لەو بارودۆخە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەدا یەکسەر هەوای ئازادیمان هەڵمژیبێ، ئەمڕۆش ئەوە حاڵمانە کە دەیبینین .

بۆیە باسکردنی دیموکراسی لەلایەن ئێمەی کورد خۆمانەوە تا ئێستا دەیان وتاری جۆراوجۆری لەسەر نووسراوەو بەردەوامیش لەسەری دەنووسرێ، بەڵام بێشک نەتەوەیەک تا ئێستا ژێر دەستە بێت و بەدڕندانەترین شێوەش بچەوسێندرێتەوە، پێویستی بە زۆر وتار و تۆژینەوەی زانستی وبابەتی و هاوسەردەمانە هەیە، چونکە هێشتا دیموکراسیەتێک نەمانتوانیبێت پیادەی بکەین، ئەی دەبێ چۆن تێی گەیشتبین وچۆن سوود لەو ئەزموونە وەرگرین کە بە ئەزموونێکی دیموکراتی ناوی دەبردرێ؟

ئەمە دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو بابەتێک کە زۆر تۆژینەوەی زانستی دەوێ، ئەم بابەتەش بامشتێک بێ لە خەروارێک بۆ سۆراغکرن و گەڕان بەدوای بنەماو ناوەڕۆک و بەکارهێنانی چەمکی دیموکراسی...

## 2- گرفتی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوە لە پرسی دیموکراسی لە کوردستانی عێراقدا، چەندین گرفتی هەیە، چونکە لەلایەک لێکدانەوەیەکی سیاسیانەی بۆ دەکرێ، کە ڕەنگە لە زۆر حاڵەتدا تۆژەر ناتوانێ خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێ، لەلایەکی دیکەشەوە دیموکراسی و پیادەکردنی لە کوردستاندا ئەزموونێکی نوێیەو بەپێی پێویستیش پیادە نەکراوە

كه ئەمەش گرفتێكی دیكەیە بۆ تۆژەرەكە.
هەروەها لێكۆڵینەوەی زانستیانەش لەسەر مەسەلەیەكی وەها گرنگ، پێویستی بەوە هەیە، ئەو ناوچەیەی هەڵیدەبژێری، ئاستی رۆشنبیری و سیاسی و كۆمەڵایەتی خەڵكەكە بەوردی تاوتوێ بكرێ، چونكە پیادەكردنی دیموكراسی بەندە بە كۆمەڵێك بنەماو پێوەری دیكە، كە نابێ فەرامۆش بكرێن.

## 3- میتۆدی باسەكە

میتۆدی ئەم باسە، دوو تۆژینگەیە (المبحث)، جۆری یەكەمیان تیۆرییەو دووەمیشان مەیدانییە، كە بە هەردووكیان باسێكی تەواو دەردەچن.
لە باسە تیۆریەكەدا، هەوڵدراوە رووی راستەقینەی دیموكراسی وەک چۆن لە مێژوودا هاتووە، باس بكرێت و دواتر بەراوردی زۆر زاراوەی دیكە بكرێ بۆ ئەوەی ماهیەتی حەقیقی دیموكراسی بناسین، ئینجا بزانین ئاخۆ لە كوردستانی ئازادكراودا تا چەند پێڕەوكراوە، لە رووی مەیدانیەكەشدا كە بەشی دووەمی تۆژینەوەكەیە، هەوڵدەدرێ ئەو میتۆدە زانستیانە بەكار بهێنرێت كە لە میانەیانەوە ئەو ئامانجانە دەپێكێ كە باسەكە بۆی دەچێت، هەروەها هەرجۆرێكیش لە دیاردەو گرفتە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و كولتوورییە جوداجوداكان میتۆدێكی بۆ خۆی پێویستە.
لە مەبەستی هاتنەدی ئەو ئامانجانەی كە بەدوایەوەیە، پشت بە باری سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی و، هەموو ئەو بارودۆخانەی كە

پەیوەندییان بەم باسەوە هەیە، تا بتوانین بە باشترین جۆری زانستی تۆژینەوەکە ئەنجام بدەین.

## 4- بوارەکانی لێکۆڵینەوەی تیۆری

لە راستیدا بەشێکی لێکۆڵینەوەکە ناساندنی دیموکراسیەتە بە شێوەیەکی زانستیانە، بەشێکی تری پەیوەندی بە کوردستانی رزگارکراو هەیە کە ئەو نزیکەی (31) ساڵ زیاترە لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی کوردی دایە، بە هەردوو ئیدارەکەوە کە هەولێرو سلێمانی و ناوچە ئازادکراوەکانی ماوەی ئەو (31) ساڵە دەگرێتەوە.

## 5- بۆچی دیموکراسی

تا پێش سەدەی بیستەم زۆرینەی وڵاتەکانی دونیا لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە سیستەمە نادیموکراسییەکان، چ لە بواری تیۆری و چ کردەوەیی، باشترین، تا ئەو ساڵانەی دوایی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤەکان هێندێک جاران گشتیان لەژێر دەسەڵاتی حاکمانی نادیموکراتیدا دەژیان. سەرۆکی ئەو سیستەمە زۆرتر تێدەکۆشان حکومەتەکەیان بەپشت بەستن بەو وتە کۆن و بێ مانایەی کە زۆربەی خەڵک شایانی بەشداریکردن نین لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا. پاساو بێننەوە. خاوەنانی ئەو بەڵگەیە لەسەر ئەو بڕوایەن کە زۆربەی خەڵک وا باشە کاری ئاڵۆزو قورسی حکومەت بە کەسانی خاوەن ئەزموون بسپێرن، کە کەمن و لەوانەشە تاکە کەسێک بێ لە کردەوەدا، ئەو ژێراندنانە هەرگیز بەس و تەواو نەبووە. لەبەر ئەوە لە هەر جێگایەک دیالۆگ و بەڵگە بارگەی پێچاوەتەوە، زوڵم

و زۆرو دەست درێژی لە جێی ئەو تاوڵی هەڵداوە. زۆربەی خەڵک هەرگیز بەژێر دەستەیی رازی نەبوونە لە بەرامبەر ئەو سەرۆکانەی کە بۆ خۆیان هەڵیان بژاردوون، بەڵکە ناچار بەوە کراون. ئێستا لە ئاست مێژوویەکی دوورو درێژدا، بۆچی دەبێ ئێمە لەسەر ئەو بڕوایە بین کە شێوە حکومەتی دیموکراسی لە گشت هاوتا نادیموکراسییەکان باشتربێ؟! بە کورتی دیموکراسی ئەم ئەنجامە باشانەی لێدەکەوێتەوە:

1- دوورە پەرێزی لە دیکتاتۆریەت.
2- مافی سەرەتایی.
3- ئازادی گشتی.
4- مافی چارەی خۆنووسین.
5- سەربەخۆیی ئاکاری (ئەخلاقی).
6- ئاڵوگۆڕی مرۆڤی.
7- پارێزگاری لە بەرژەوەندییە سەرەتاییەکانی تاکە کەس.
8- یەکسانی سیاسی.

وێرای ئەمانەی سەرەوەش دیموکراسییە مۆدێرنەکان، ئەمانەشیان لێدەکەوێتەوە:

9- ئاشتیخوازی.
10- گەشە (1).

## 6- دیموکراسی

دیموکراسی ئەو زاراوەیە کە تەمەنێکی زۆر دوورودرێژی هەیە، هەرچەندە بە درێژایی ئەو مێژووەی زۆر جاران لە شوێنی خۆیدا چەقیوەو نەتوانراوە درێژەی پێبدرێ، بەڵام لە رێگای خەباتی سەخت و نەپچڕاوەی گەلانی زۆرلێکراوەوە، دیموکراسی هاتۆتەوە گۆڕەپانی هزرو سیاسەت و، بۆتە ئاڵاهەڵگری لێقەوماوان. بەتایبەتی لەم یەک دوو سەدەی دواییدا بە گەرمی لەلایەن هەندێک لە هزرڤانانەوە باسی لێوە کراوەو دەکرێ و چارەگە سەدەیەکیشە زۆر گەرمتر کەوتۆتە ناو باسانەوە، نەخاسمە لەگەڵ لەباریەکهەڵوەشانەوەی ئەورووپای رۆژهەڵات لە پایزی 1989دا، کە وای لێهاتووە دوژمنانی دیموکراسیش خۆیان بە ئاڵاهەڵگری دابنێن. وەنەبێت تا ئەمڕۆش هەموو وڵاتانی دونیا پێڕەوی دیموکراسیان کردبێ، یا هەموو ئەو سیستەمە جۆراو جۆرانەی کە هەن دیموکراسی بن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، زۆربەیان پەنا بۆ سەکوتکردن و چەوساندنەوە دەبەن، ئەگەرچی هەمووشیان خۆیان بە هەڵگری ئاڵای پڕ بەهای دیموکراسی دادەنێن، بۆیە دەکرێ بڵێین، دیموکراسی بووەتە چەکێکی هێندە کاریگەر بە شێوەیەک هیچ حزب و هێزێک نییە، بیەوێ دەسەڵات بگرێتە دەست و خۆی بەهێز بکات ئەگەر لە دروشم و بۆچوونەکانیدا دژی دیموکراسی بێت، وەک لە هەموو دونیادا نابینی رژێمێکی فەرمانڕەوا دروشمی دیکتاتۆریەتی بەرزکردبێتەوە، یاخود دروشمی رووخاندنی دیموکراسی هەڵگرتبێ، تەنها ئەوەندە هەیە لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیاندا پێچەوانەی دروشمەکانیان دەبن.

راستە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دونیا تا رادەیەک خاوەن دەستوورن و هەڵبژاردنیش ئەنجام دەدەن و پەرلەمانیشیان هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا دیموکراسی دەستوورێکی دیاریکراو نییە، یان تایبەت بەکەسێک نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی هەمیشەیی توێژە پشتگوێ خراوەکانە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە ئەوانی تر لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا هەیانە، ناوەڕۆکی دیموکراسی و دیموکراتیزم سەرەنجام پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە چ توێژێکەوەو لە چ کۆمەڵگایەک و لە چ هەلومەرجێکی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت (2).

لەبەر ئەوە دیموکراسی ململانێیەکی بەردەوامی لەنێو منداڵدانی خۆیدا هەڵگرتووە، لەلایەک چین و توێژە دەسەڵاتدارەکان کە فەرمانڕەوان لەژێر پەردەی دیموکراسیەتەوە درێژە بە سیاسەتە سەرکوتکردنەکەی خۆی دەدا، لەلایەکی تریشەوە هێزو چین وتوێژەکانی دیکەی ماف لێ زەوتکراو و زوڵم لێکراو درێژە بە تێکۆشانیان دەدەن بۆ بەدیموکراتیزەکردنی ئەو رژێمە باڵا دەستەی کە بەسەریاندا زاڵە، لەبەرئەوە دیموکراسی تێکۆشان و ململانێیەکی بەردەوامی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگایەو لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانە شۆڕشگێڕانەیەشدا کە بەشە زۆرینەکەی خەڵک لە چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ پێکدەهێنێ، لە هەموو وڵاتانی دونیادا بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی پێدەدەن و رۆژ لە دوای رۆژ زەمینەی دیموکراسی فراوانتر و رەگوریشە ئەستوورتر و قووڵتر دەبێت، چونکە زۆربەی خەڵک لەم جیهانەدا لە بەشداریکردن و دیاریکردنی ماف و ژیانی گشتی و تەنانەت سیاسیش بێبەشە، بەم پێیە

دیموکراسی بەو مانایەی کە شێوەیەکی دەوڵەتەو سیستەمێکی دیاریکراوەو رێگایەکە بۆ پیادەکردنی دەسەڵات، جیاوازە لەگەڵ بنچینەی خودی دیموکراسی بەو مانایەی کە گوایا ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهاندا سەرکەوتووە، یاخود بەلایەنی کەم لە برەودایە، چونکە دیموکراسی دژایەتی کردن نییە لەگەڵ تێزی زوڵم و سەرکوتکردن، بەڵکو تەنها مانای بوونی جۆرێک لە ئەنجوومەنێکی سەرتاسەری نوێنەرانە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنێکی گشتی (مەرجیش نییە هەڵبژاردنەکە ئازاد و بێ غەل و غەش بێ) بێگومان ئەمەیان لە حکومەتێکی عەسکەرتاری باشترە، چونکە لە ئەنجامی تێکۆشانێکی بەردەوامی مافخوراوان هاتۆتەدی (3).

بۆیە بوونی تێڕوانینی جیاجیا بۆ دیموکراسی، تەنانەت تێڕوانینی چینایەتی جیاجیا، ئەم مەقولەیەی کردووەتە یەکێک لە ئاڵۆزترین و ناڕۆشنترین مەقولاتەکان لەفەرهەنگی زاراوە سیاسیەکاندا، بزاڤ و سیاسەتمەدارە جیاجیاکان بە ئامانج و بەرژەوەندی جیاواز و جاروبار دژ بە یەکیشەوە قسەیان لەدیموکراسی کردووەو دەیکەن (4).

بە کورتی لەم باسەماندا هەوڵدەدەین دروستبوونی زاراوەی دیموکراسی لە رووی مێژووییەوە، واتای دیموکراسی، دیموکراسی و لیبرالیزم، دیموکراسی و ئازادی، دیموکراسی و دیکتاتۆری، دیموکراسی و توندڕەوی، دیموکراسی و ئیسلام، بخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە بەو هیوایەی سوودی هەبێت.

## 7- دروستبوونی دیموکراسی

سەرهەڵدانی زاراوەی دیموکراسی بۆ زیاتر لە (2400) ساڵ بەر لە ئەمڕۆو بۆ سەردەمی فەرمانڕواییکردنی (پریکلیس) لە یۆنان دەگەڕێتەوە، ئەو (پریکلیس)ەی کە زۆر لە هزرڤانان و فەیلەسوفان ناوی دەهێنن و دەڵێن سەردەمی فەرمانڕەواییکردنی پریکلیس بەرزترین پلەی گەشەی ئابووری و پشکوتنی رۆڵی زانست و هونەربوو لەهەموو دەورانی ژیانی یۆنانیەکاندا (5).

ڕێک لە سەردەمی پریکلیسدا پسپۆڕێکی ماتریالیستی هەبوو، ناوی (دیموکریت)ی تراکیایی بوو، بۆ یەکەمین جار (دیموکریت) گریمانەی بۆشایی و ئەتۆم و بزووتنی لێکداوەتەوەو باسی کردوون، پریکلیسی فەرمانڕەوا، زانی دیموکریت لێوەشاوەو تێگەیشتوو رووناکبیرە، بۆیە لە زۆربار‌دا بوون بە هاوڕێی یەکتر، (پریکلیس) پرسی بە (دیموکریت) دەکردو، سوودی لە بۆچوونەکانی وەردەگرت. یەکێک لەو پرەنسیپانەی کە دیموکریت بۆ پریکلیسی شی دەکردەوە، ئەوەبوو کە دەیوت کدەسەلاَت مانای بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگایە، بۆ ئەوەیە خەڵکی پێکەوە بە تەبایی بژین، کەواتە دەبێت بەڕاو بەشداری راستەوخۆی هەموو خەڵک بێت، دەسەلاَت دەبێت خزمەتی خەڵکی بکات و ئارەزووەکانی کۆمەڵگە بێنێتە دی هەروەها دەیوت ک. مرۆڤ، خەڵک، لەهەموو شتێک گرنگتر و گەورەترە، هەموو کەس دەبێت پرسی پێبکرێ، دەبێت خاوەن دەنگبێ و لە تەواوی ئەو مەسەلانەدا کە پەیوەندیان بە ژیانی ئابووری و کۆمەلاَیەتی و سیاسیەوە هەیە، پێویستە راو بۆچوونی خەڵک وەربگیرێ، ئەوسا کۆمەڵگا بە گشتی هەست بە

وجودی خۆی دەکات و بە مەسئولیەتەوە بۆ ژیانی باشترو گەشەدارتر هەنگاودەنێ6

لە ژێر کارتێکردنی دیموکریت و،پشتگیریکردنی تەواوی پریکلیسدا، بۆ یەکەمین جار هەڵبژاردنی راستەوخۆ بۆ دیاریکردنی سەرۆک و کاربەدەستانی حکومەت لە یۆنان پەیدابوو، ئەو یۆنانەی لە کۆمەڵێک دەوڵەت (شار)ی بچووک بچووک پێکهاتبوو کە ژمارەی دانیشتوانیان کەم بوو، دادگای میللی و یاسا لەلایەن گەلەوە شەرعیەتی پێدەدرا (7). بەم شێوەیە پریکلیس بۆ ماوەی (15) ساڵ فەرمانڕەواییکردنی یۆنان لە رێگای هەڵبژاردنی گشتی و ئازاد و راستەوخۆوە، خۆی بۆ سەرۆک هەڵبژاردەوە، ئیتر لەو ساکەوە دەنگدان و هەڵبژاردن بوون بە سوننەت، هەر بەم شێوەیە پریکلیسی زاناو تێگەیشتوو، سیستەمی دەسەڵاتەکەی خۆی بە ناوی (دیموکریت)ی هاوڕێی ناوناوبوو-دیموکراسی- (8).

بەم شێوەیە دەستووری ئەپینی دیموکراتیە راستەقینەکەی تەواوکردو بووە نەریتێکی حوکمڕانی لە سیاسەتدا، هۆکاری هەڵوەشاندنەوە یا توانەوەی سیستەمی دیموکراسی لە یۆنان و هەرەسهێنانەکەی، بۆ داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن فیلیپ مەکدونی دەگەڕێتەوە، چونکە گەلی یۆنان هەستیان بەوە نەکرد کە پێویستە هەموو توانایەکیان یەکبخەن و بەرگرییەکی یەکگرتوو بەرامبەر هێرشی بێگانە پێکبهێنن و هەموو بەیەکەوە بەرپەرچی هێرشە داگیرکارییەکانیان بدەنەوە، بۆیە نەیانتوانی لە بەرامبەر عەسکەرتارییەتی مەملەکەتی مەکدونی خۆیان رابگرن، ئیتر لەو رۆژەوە ئەزموونی دیموکراسی لە ئەپینا لەناو چوو، بەم

لەناوچوونەیشی بزاڤی دیموکراسی رووبەرووی نسکۆیەکی گەورە بووەوە (9) .

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو سیستەمەی کەلە ئەپیناو دیارە لە رۆمانیشدا هەبوون، سیستەمێکی دیکەی کۆمەلایەتی وسیاسی وفیکری هاتە دروستبوون و، ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، کە دیارترین بوار بواری یاساو فیکرو سیاسەت بوو، هاوکات ئەزموونی رۆمان ئەزموونێکی دەوڵەمەندیشی لە بواری بەرپەرچدانەوەی دەسەلاتخوازی و دیکتاتۆریەتدا هێنایە کایەوە، چارەنووسی قەیسەرو نیرۆن لەبەرچاون کە چۆن لە بەرامبەر حوکمی یاساو یەکسانی مرۆڤدا سەرەوژێر بوون (10).

بۆچوونە روناکەکانی هەندێک لە هزرڤانانی رۆمانی وەک (شیشرون، سنیکا، غایوس) کە بانگەشەی یەکسانیان بۆ هەموو خەڵک دەکردو داوای بەشەرعیەتکردنی یاسایان بۆ هەموو خەڵک دەکرد، رۆڵی کاریگەری خۆیان گێڕا (11) .

کۆمەڵگای رۆمانی چوارچێوەیەکی بۆ ژیانی سیاسی پێشکەوتوو دارشتبوو کە تیایدا کۆمەڵێک ئەنجوومەن (مجالس) و دەستە (هیئات) یان هەبوو کە بەپێی قۆناخەکانی پێشکەوتنی دەوڵەتی رۆمانی بەشداریان لە رەنگرشتنی باری سیاسی وڵات دەکرد. ئەنجوومەنی (10) کەسی و ئەنجوومەنی پیرانی (100) کەسییان هەبوو، ئەو ئەنجوومەنە (100) کەسیە پێی دەوترا ئەنجوومەنی پیران کەلە رۆمای ئەو کاتدا خاوەنی بەرزترین دەسەلات بوو لە رۆماداو، دەیتوانی زۆرشت هەڵبوەشێنێتەوەو رێگەش بە زۆرشت

بدات (12) .

بەهەر حاڵ ئەو دوو سیستەمەی کەلە ئەپینای یۆنانی و رۆمان دا بەڕێوەدەچوون، بوونە بناغەیەکی پتەوو وەک نەریتێکی فیکری و سیاسی بۆ سەدەکانی داهاتوویان خۆیان چەسپاندو بە شێوەیەک تا ئەمڕۆش باس لە هەوڵی کاریگەرانەی ئەو دوو سیستەمەی یۆنان و رۆمان دەکرێ لە گرنگیدانیان بە دیموکراسی کە دوو نموونەی بەرزی شارستانی ئەو کات بوون.

بوونی ئەم رێڕەوەی دیموکراسی، ئەگەرچی زۆرجار لێرەو لەوێ تووشی ئاستەنگ و وەستان هاتووە، بەڵام بەردەوامیش خەباتی بۆ کراوە، دیارترین ئەو بزاڤە نوێیانەی کە بە کودەتایەکی گەورە ناو دەبردرێ، نوێنەری شۆڕشی ئینگلتەرا بوو کە لە پەرلەمانەوە دەستی پێکرد، کاتێ پادشا کۆمەڵێک ئیسلاحاتی لە ساڵی 1628 ز کردو، لە ساڵی 1649 شدا پادشا شارلی یەکەم لە سێدارەدرا، ئەو بزووتنەوانە لە شۆڕشی ئەمریکاشدا لە ساڵی 1773 ز دەستیان پێکردو تا گەیشتە شۆڕشی گەورەی فەڕەنسای ساڵی 1789ز، کە بیروڕاکانیان لە سەرتاسەری دونیادا بڵاودەکردەوە، یەک لە دەستکەوتە هەرە گەورەکانی ئەوبزووتنەوەیە راگەیاندنی کۆماریخوازی بوو لە ساڵی 1792ز داو شکاندنی دەسەڵاتی ئەو پادشا موتڵەقانە و ئیعدامکردنیان بوو کە لە کەنیسەوە پشتگیری دەکران (13)، چونکە کۆمەڵێک بزاڤی سیاسی بۆ چاکسازی ئایینی و سەرهەڵدانی رۆشنگەری هاتنەئاراوە، یەکێکی وەکو لوثەر Luther شۆڕشی بەسەر کەنیسەی رۆمادا راگەیاندو داوای رێبازێکی نوێی دەکرد (14) .

دەنگدانەوەی دیموکراسی لە راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکای ساڵی 1776ز خۆی بەرجەستەکرد کە زەمینەی بۆ شەڕی سەربەخۆیی خۆشکرد، هەروەها راگەیاندنی مافی مرۆڤ لە ساڵی 1789ز کە کۆمەڵەی دامەزرێنەری فەڕەنسی دوای بەرپابوونی شۆڕش، رایگەیاند، هەروەها دەستووری ساڵی 1793ز شۆڕشی فەڕەنساش (15) .

بەم شێوەیە دوای رووخاندنی دەسەڵاتی کەنیسە لەسەر دەستی پروتستانتیەکان، سوپا لە دامەزراوە ئایینیەکان دوورکەوتەوە، ئەمەش بۆ یەکەمجار ئەوروپییەکان وەدەستیان هێنا، دیارە ئەنجامی بەردەوامبوون لە هێنانەدی دیموکراسی بە درێژایی ئەم مێژووە کۆمەڵێک بزاڤی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە دیوەو هەندێک لەم بزووتنەوانەش بەسەردەمەکانیانەوە ناسراون، وەک سەردەمی (الاحیاء) لە سەدەی چواردەهەم و، سەردەمی چاکسازی ئایینی لە سەردەمی پانزەهەم و، سەردەمی رێنیسانس لە شانزەهەم و، عەقلانیەت لە حەڤدەهەم و، رۆشنگەری لە هەژدەهەم و، وەزعیەت لە نۆزدەهەم و .. هتد .(16)

## 4- ناوەرۆکی دیموکراسی

بەپێی ئەو دیموکراسیەی کە لە سەردەمی پریکلیسدا هەبووە، دیموکراسی مانای پێکەوە ژیانی تەبایی و راپرسی بەخەڵککردن و دەسەڵات لە خزمەتی خەڵکدا بوونە، دیارە ئەم پێکەوە ژیان و راپرسیکردن و خزمەتکردنەی خەڵکی، دەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بێت کە لە رێگای سیستەمێکەوە بەڕێوەببردرێ.

کەواتە دیموکراسی بەر لە هەموو شتێک لە شوێنێکدا دەبێت کە دەوڵەت بێت و سیستەمێکی هەبێت، واتە دیموکراسی بە ماناگشتیەکەی بەناونیشانی (کۆماریخوازی) و کۆتایی هاتنی پادشایەکان، بەناونیشانی خواستی بوونی خەڵک بە سەرچاوەی دەسەڵات و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شارستانی پشتبەستوو بە یاساو دڵسۆز بۆ ئاسوودەیی و بەختەوەری هاوولاتیان و، شتی لەم چەشنە تەماشا دەکرێت(17).

کەواتە دیموکراسی وەک فیکرو وەک سیاسەتیش فەرمانڕەوایکردنێکە کە تەنها بۆ تاقمێک یا هەڵبژاردە (نخبە) یەکی سنووردار نییە، تا دەست بەسەر فەرمانڕەواییکردنەکەدا بگرن و خەڵکی پێبچەوسێننەوە، بەڵکو دەستاودەستکردنی دەسەڵات یەک لە مەرجە بنەڕەتیەکانی دیموکراسیەتە(18) چونکە زۆر جاری واهەبووە حزبێک یا کەسایەتیەک لەسەردەمێکدا توانیویەتی بە رێگای دیموکراسیەتەوە واتە لە رێگای دەنگدان و هەڵبژاردنەوە بگاتە حوکمڕانیکردن، بەڵام لە کاتی حوکمڕانیکردنەکەیدا، هێندە گوێی نەداوەتە بۆچوونی خەڵک و..و..و هتد، بۆیە ناچار حوکمی تاکڕەوی و دیکتاتۆری پیادەکردووە، لەبەر ئەوەشە پشتیوانیکردنی جەماوەر لە رێبەرێک یا لە حزبێک رەنگە خێرا کۆتایی پێبێت. دیتمان گۆرباچۆڤ کاتی خۆی پشتیوانیەکی بەرفراوانی خەڵکی لەگەڵدا بوو، بەڵام زۆری نەبرد ئەو پشتیوانیە نەماو بەشێکی زۆریش لە پشتیوانیەکە بوو بەرق و بێزاری، ئەمە بۆ بۆریس یەلتسنیش هەر وا، نموونەی دیکەی وەکو کارلۆس ئەسول مینم لە ئەرژەنتین و ئەلبیرتۆفۆجی

مۆری لە پیرۆو پێنوشی لە ئەمریکای لاتینی وهتد زۆرن .

واتە گەوهەری دیموکراسی پێوەندییەکی دروست و گرێدراوی نێوان سەرکردەو جەماوەرە،هەر تەنگژەیەکیش تووشی دیموکراسی بێت، واتە (خەلەلێک) بە پلەی جیاواز کەوتۆتە نێوان سەرکردەو جەماوەر، ئەمەش لە هەر وڵاتێک بە پلەی جۆراوجۆر روودەدات، بە تایبەتی ئەو تەنگژەیە زیاتر لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو روودەدات، کە تا ئەو دوا دواییانەش کودەتای سەربازی لە پەرەسەندندا بوو کە وڵاتەکەی بەرەو سیستەمێکی سەربازی پڕ لە جەورو ستەم دەبرد (19) .

لەم روانگەیەوە دیموکراسی بابەتێکی فیزیایی یا ماتماتیکی نیە، تا یەک پێوەری هەبێ، بەڵکو ئەو دیموکراسیەی کە ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا هەیە بە رێژەی جیاوازن و هی هەر وڵاتێک لەگەڵ وڵاتەکەی تر جیاوازە، جیاوازیەکەش نەک هەر لە (تفاصیل)دا هەیە، بەڵکو لە بنەما و بیروباوەڕ(مبدا) دا جیاوازە، دیموکراسیەتی ئەوروپا، هیند، جیهانی سێیەم. هتد، هەر یەک بەرێژەیەکی زۆر لەوی دیکە جیاوازە، تەنانەت دیموکراسییەتی هەریەک لە ئەمریکا، فەرەنساو ئوستراليا لە یەکتری جیاوازن.

کەواتە دەبێت ئەو راستیە بزانین کە دیموکراسی کۆتایی بە چەوساندنەوەی مرۆڤ ناهێنێت، بەڵکو رێگە بۆ پەرەسەندنی ململانێ بە رێگەی ئاشتیانە باشترخۆش دەکات، چونکە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە هەبن: (20)

1-8- مەبدەئی سەروەری یاسا ودامەزراوەکانی دەوڵەت شوێنی دەسەڵاتی رەهای حوکمڕانیی تاکە کەس بگرنەوەو، دەسەڵاتەکانی یاسایی، راپەڕاندن، قەزائی، لە یەکتری جیابکرێنەوەو رێز لە دەسەڵاتی قەزائی و سەربەخۆییەکەی بگیرێ.

2-پشت بە بنەمای هەڵبژاردنی گشتی ببەسترێ بۆ ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی یاسایی وراپەراندن دەگرنە دەست .

3- دان بە کۆمەڵێک لە ئازادییە گشتییەکان ومافی مرۆڤ بنرێ، کە لە پێشەوەیاندا ئازادی پێکهێنانی حزبی سیاسی و رێکخراوە دیموکراسییەکان و پیشەییەکان و ئازادی لە بیروڕاو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا مسۆگەر بکرێ.

4- دان بەفرە حزبی و فرە سیاسی بنرێ.

بەم شێوەیە دیموکراسی کۆمەڵێک ململانێی شارستانیانەیە کە لە رێگای دەنگدانی جەماوەرەوە دەگاتە دەسەلأت، دیموکراسی لە رێکخستنی ململانێی شارستانیانە سەرکەوتوو دەبێت و دەتوانێت سیستەمێک بۆکۆمەڵ بهێنێتە ئاراوە کە پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکە کەس وچینەکانی ناو کۆمەڵ وهەروەها پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت خۆی (یاسایی، راپەراندن، قەزائی) فەراهەم و بەرقەرار بکات، کە هەموو ئەمانەش تەنها بە هۆی هەڵبژاردنی گشتی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە دەبێت، بۆیە دیموکراسیەت لە بنەڕەتدا رەوشتە، نەریتێکی مرۆڤانەیە بۆ خزمەتی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بەبێ ئابوورییەکی گەشەسەندوو، هۆشیارییەکی باڵا، وڵاتێکی ئارام و

جێگیر نایەتە دی، کەئەمانەش بوون وڵات دوور دەبێ لە شەڕوشۆڕ،بۆیە زۆرجاران دەوترێ دیموکراتەکان شەڕی دیموکراتەکان ناکەن، بۆ نموونە بەریتانیا لەگەڵ ئەرژەنتین لەسەر کێشەی دوورگەکانی (فالکلاند) دەبوایە بکەوێتە شەڕەوە، هەروەها بۆ پاراستنی (بلیز) لە بەرامبەر هەڕەشەو دەستێوەردانەکانی گواتیمالا هێزی سەربازی زۆری رەوانەی ئەم وڵاتە کرد، بەریتانیا لەسەر کێشەی (جبل الطارق)لەگەڵ ئیسپانیا تووشی کێشەیەکی گەورەبوو، ئەو هەموو کێشەو مشتومڕانە لە کاتێکدا روویاندا کە ئەرژەنتین و گواتیمالا و ئیسپانیا حکومەتەکانیان سیستەمێکی دیموکراسییان نەبوو،بەڵام ئێستا دەکرێ بڵێین وڵاتی دیموکراسین، بۆیە ئەگەری ئەوەی کە کێشەکانیان لە ئەنجامدا ببێتە هۆی پەیدابوونی توندوتیژی لە نێوچووە، بەریتانیا و ئەرژەنتین پێوەندی دیبلۆماسیان باشەو واباس دەکرێت کە بۆ چارەسەرکردنی دوورگەکانی (فولکلاند) هیچ کامێکیان هێزی سەربازی بەکارناهێنن، ئەمەو گواتیمالاش بەڵێنی داوە کە هێرش نەکاتە سەر (بلیز) و بەریتانیاش هێزەکانی لەم وڵاتە کەم کردۆتەوەو لەهەمان کاتدا گواتیمالاو بلیز پێوەندی دیبلۆماسیان بەستووە، هەروەها سنووری نێوان (جبل الطارق) و ئیسپانیا کراوەتەوەو پادشای ئیسپانیاو بەریتانیاش لە لەندەن کۆبوونەتەوە (21) .

پاکستانیش لەبەرئەوەی سیستەمێکی بەناو ئیسلامی تێدا جێگیربووە، وڵاتێکی دیموکراسی نەبووەو چەندین جار لەگەڵ هیند کەوتۆتە شەڕەوەو لەساڵی 1990 توندوتیژی لەنێوان هیندو پاکستان لەسەر مەسەلەی کشمیر وکێشەی چەکە ئەتۆمییەکان

پەرەی سەندو تائێستاش بەردەوامە.

راستە پاکستان وەکو جاران سیستەمێکی عەسکەرتاری ئوسولی نیەو هەندێک هەنگاوی باشی ناوە، بەڵام سەرچاوەی سیستەمەکەی ئیسلامی سیاسیە و هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان بەدیموکراسییەت رابهێنن، ئەمە کارێکی سەلبی بۆ سەر هیندستانیش دروستکردووە.

تورکیاش لەبەر ئەوەی سێ هێزی سەرەکی دەستە باڵای تێدایە کە یەکەمیان هێزی سەربازیەو دووەمیان هێزی دیموکراسییەو سێیەمیش هێزی ئیسلامییە، بۆیە هێشتا نەیتوانیوە ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی، ئەگەر دیموکراسی بوایە بە هێزێکی زۆرەوە لە ساڵی 1974 قوبرسی داگیر نەدەکرد، بەڵام چونکە یۆنان وڵاتێکی دیموکراتیە، هەمیشە هەوڵدەدات خۆی لە شەڕ نەگلێنێ. ئەم سێ هێزەش تا ئێستا لە تورکیادا جێگیرن و لە ململانێی توندیشدان تا ئەم هێزانەش (سەربازی و ئوسولی) رۆڵیان هەبێ تورکیا هەر بەم شێوەیە وڵاتێکی دوور لە دیموکراسی دەبێت.

بابێینەوە سەر خەڵک، ئێمە کە باسی خەڵک دەکەین، دەبێت بزانین خەڵک چ جۆرە کەسانێک دەگرێتەوە،تا ئەم سەردەمەی ئێمەش بەشێکی زۆرو لە هەندێ شوێندا تەنانەت زۆربەی مرۆڤەکان وەک ژن، رەش پێست، کۆچکردوو، کەسانی تر لەم یان لەو دەوڵەتی دیموکراسیدا!! بە بەشێک لە خەڵک نەدەژمێردران!!! زۆر لەمێژ نییە کرێکار لە روانگەی پرۆسەی دیموکراتیەتەوە بەبەشێک لەخەڵک دانراوە (22)، لە بەریتانیادا ئەگەرچی دەنگدان هەبوو، بەڵام چینە هەژارەکان لە خۆپالاوتن و لە دەنگدان بێبەش بوون، چونکە سنوور و مەرجی زۆر لەسەر دەنگدەران دانرابوون، ساڵی

1884ز دەنگدان بۆ هەموو هاوولاَتیەک والاَکرا، بەلاَم ئەو کاتیش ئافرەتان ریَگەی دەنگدانیان پیَنەدەدرا، تا سالَی 1928 ئافرەتان تا رادەیەک ئازادییەکیان پیَدراو ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە 21 سالَەوە بەرەو ژووربوون سەبارەت بە دەنگدان وەکو پیاوانیان لیَهات.

بەم شیَوەیە جاران واتای خەلَک هەموو خەلَکی نەبوو، بەلَکو تەنها تاقمیَکی دەستڕۆیشتوو بوو، نەک هەمووچین و تویَژەکانی ناوکۆمەلَ، ئیَستاش لە زۆر ولاَتدا کە هەلَبژاردن دەکریَ وەنەبیَت هەموو تویَژەکانی ناوکۆمەلَ بتوانن نویَنەری راستەقینەی خۆیان لە نیَوپەرلەماندا وەدەستبهیَنن، کەواتە کە باس لە دیموکراسی دەکریَت، واتە باس لە سیستەمیَک دەکریَت کەلە دەولَەتیَکدا بەرجەستە بووەو ئەو سیستەمەش دەبیَ لەلایەن خەلَکەوە سەرچاوەی گرتبیَت، واتە بیروباوەڕی دیموکراتیک وسیستەمی دیموکراتی لە هەر شیَوەیەکدا بیَت، دەسەلاَتی دەولَەتی بەوەدادەنیَت کەلە خەلَکەوە هەلَقوولاَبیَت و لە تواناەدا بیَت کە لەلایەن خەلَکیشەوە بگۆڕدریَت(23) .

هەروەک سبینوزا وای لیَکدەدایەوە کە دیموکراسی شیَوەیەکی حوکمڕانیکردنە لە نیَو حکومەتداو هاوولاَتیان لەبەردەم یاسادا یەکسان دەبن و بۆ هەر یەک لە هاوولاَتیان لە چوارچیَوەی دەستووردا مافی ئازادی لە قسەکردن و لەفیکریاندا هەیە(24). بەلاَم لە سیستەمی دیموکراسیدا ناکۆکی و نایەکسانی نیَوان چین و تویَژەکانی ناوکۆمەلَ زیاتر رەنگدەداتەوە،چونکە لە زۆر ولاَتی دیموکراسیدا چینیَک یا چەند تویَژیَکی ناوکۆمەلَ بەسەر هەموو

چین و توێژەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ زاڵە، بۆیە زۆر جار ئەم وتەیە دەوترێتەوە (دیموکراسی چەوساندنەوەی ناوکۆمەڵ ناسڕێتەوە).

دیموکراسی کە پیادەکردنەکەی بە بەرپابوونی شار بەندە،هەر وەکو چۆن ناتوانین لە دەرەوەی چوارچێوەی شاری ئەپینای یۆنانی باس لە دیموکراسیەت بکەین، چونکە دیموکراسیەت سیستەمە، سیستەمەکەیشی پێویستی بە زنجیرەیەک لە دامەزراو (مۆسسات)ی جۆراوجۆر هەیە بۆ جێگیربوون و بەهێزبوون، بۆ نموونە سیستەمی قەزائی کە دەبێت سەربەخۆ بێت و بەهیچ حزبێکەوە نەبەسترابێتەوە، هەروەها کۆنترۆڵی غەیرە نیزامییەکان بەسەر سوپادا، ئازادی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، ئازادی کارو تێکۆشانی رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان و.. هتد.

لەهەر وڵاتێکدا فرە حزبی و فرە سیاسی و حزبی بەرهەڵستکار نەبوو، واتە دیموکراسی بە جیدی هەڕەشەی لێدەکرێ و تەنگەتاوکراوە.

وڵاتێکی پێشکەوتووی پیشەسازی وەکو ژاپۆن، دیموکراسیەتی راستەقینە تەنگەتاو کراوەو هەرەشەی لێدەکرێ، چونکە لەو وڵاتەدا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و متمانەپێکراو نیە، لە ژاپۆندا دەسەڵات لەنێوان فراکسیۆنەکانی حزبی حاکمی لیبڕالی دیموکراتدا دابەشکراوە، بەڵام ئەوە بەو مانەیەش نیە بیروڕای گشتی خەڵک لەو وڵاتەدا شوێنەوارو کاریگەریی نەبێ، مامۆستای زانستگاکانی ژاپۆن (تاکاشی ئینۆکوشی Takashi inogwchi) دەڵێت: رەنگە حزبە سیاسیەکانی بەرهەڵستکار، شوێنەوارێکی کاریگەریان لە ژاپۆندا نەبێت، بەڵام ئیحساساتی جیاواز نفوزو دەسەڵاتێکی

بەرچاوی هەیە، کاتێک سەرۆک وەزیر نۆبۆرۆ تای شیتا ( Noboro Takashita)بەرنامەیەکی باج وەرگرتنی دانا کە زۆربەی خەڵک بەدڵیان نەبوو، پشتیوانی خەڵک لە دەوڵەت بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەوەو دەوڵەت ناچار بوو لە دەسەڵات بکشێتەوە، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە فراکسیۆنی سەرۆک وەزیری ناوبراو لە حزبی حاکمی دەسەڵاتدار نفوزو دەسەڵاتێکی بەرچاویشی هەبوو(25) .

## 9- دیموکراسی و هەندێک لە چەمکەکانی تر

### 1-9 دیموکراسی و لیبڕالیزم

مێژووی دیموکراسی زۆر لە مێژووی لیبڕالیزم ریشەقووڵترو داکوتراوترە. بە پێی هەندێ سەرچاوە بنەماو رەگی لیبرالیزم بۆ فەڕەنسای ساڵی 1789 دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی کاتێ مافی مرۆڤ لەو ساڵەدا راگەیەنرا، هەر چەندە تائیمرۆش هیچ فەیلەسوف یا هزرڤانێک بەدی ناکەی کە هەموو تیئۆرییەکەی خۆی بۆ لیبڕالیزم بەکارهێنابێ، بەڵکو کۆمەڵێک هزرڤان هەن کە بایەخیان بە کۆمەڵێک بیروتیۆر داوە، لەناویاندا هزری لیبڕالیزمیش دەخوێندرێتەوە، دەکرێ بڵێین ئەو هزرڤانانەش لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تا سەدەی بیستەم هەن لەوانە; دیڤید هیوم، ئادەم سمیپ، لورد اکتون، جون لوک، جون ستیوارپ مل لە ئینگلتەرا، جان جاک رۆسۆ، دی توکفیل، ڤۆلتێر لە فەڕەنسا، شیلەر لە ئەڵمانیا،جیمس مادیسۆن، جورمار سال لە ئەمەریکا.

دیارە لە نێو ئەمانەشدا بە پلەی جۆراوجۆرو بەرێژەی جیاواز باسیان لە لیبڕالیزم کردووەو لە هەندێک حاڵەتدا یەکیش ناگرنەوە،

شایانی باسە سەرەتای سەرهەڵدان و دروستبوونی لیبڕالیزم زۆر جیاوازە لەگەڵ بۆچوون و تەرزە فیکرییەکانی ئەمڕۆ دەربارەی لیبڕالیزم .

لیبڕالیزم لە سەرەتاوە کە دروستبوو بە واتای خەبات لە پێناوی وەدەستهێنانی زیاتری ئازادییەکان بوو،ئازادییەک کە لە دیموکراسیەتی ئەو کاتەدا بەدی نەدەکرا، بۆیە لیبڕالیزم لەسەدەکانی رابردوودا ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە پشتگیرییان لە قووڵکردنەوەی دیموکراسی سیاسی و فراوانکردنی ئازادی ئابووری دەکرد.

وشەی لیبڕالیزم، هەر دوو مانای سیاسی و ئابووری دەگرێتەوە، سیاسیەکە بەمانای دامەزراوە سیاسیەکان دێت کە تەرکیز دەکاتە سەر بنەمای سەروەری میللی، هەڵبژاردن، پەرلەمان، سەربەخۆیی قەزائی، ئازادییە گشتییەکان، فرە حزبی. هتد .

ئابوورییەکەش بە مانای (سەرمایەداری)دێت، کە هەموو تاکە کەسێک سەربەستە لە دانانی دامەزراوەکان (مؤسسات) بۆ فرۆشتن و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی لە چوارچێوەی (یاسای بازاڕ)(26). هەڵبەت لیبڕالیزمیش وەکو دیموکراسیەتەکە شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوەگرتووەو لە هەر وڵاتەو بە جۆرێک پێڕەوو پیادە دەکرێت کە لەگەڵ وڵاتەکەی تر جیاوازە.

بە کورتی لیبڕالیزم لەلایەک سیستەمێکی ئابوورییە، کە لەسەر بنەمای پێشبرکێی بازاڕ گەشەدەکات، لەلایەکی تریشەوە سیستەمێکی سیاسیەو لەسەر ئازادی هەڵبژێردراوی نێوان حزب و رەوتە سیاسیە جیاوازەکان دادەمەزرێت و، لیبڕالیزم تەنها کاتێک

پێشوازی لە حکومەتی پەرلەمانی یان هەر چۆنێک بێت حکومەتی هەڵبژێردراو دەکات کە وەک جان ستیوارت مل دەڵێت ( حکومەتی خودی خەڵک دەست بۆ مافە مەدەنییەکانی خەڵک نەبات) (27).

ئەمەو لە کاتێکدا لە سیستەمێکی دیموکراتی نا لیبڕالیدا زۆرجاران دەست بۆ مافە مەدەنییەکانی خەڵک بردراوە و دەبردرێ و کۆت و مەرجی لەسەر دادەنرێ، چونکە دیموکراتی مانای رەسەن بوونی بڕیاری خەڵک یان زۆربەیەو، هەر بڕیارێک کە زۆربەی خەڵک لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا بۆ نموونە لە رێگەی نوێنەرانیانەوە لە پەرلەماندا پێی دەگەن لە تێڕوانینی مەفهومی دیموکراتیەتەوە شەرعیەتی هەیە، لە کاتێکدا لیبڕالیزم کۆمەڵە بایەخێکی سیاسی و مەدەنی لە پێشەوە هەبووی هەیە کە وەک مافی سروشتی یان مافی مەدەنی قابیلی دەستکاری نەکردنی مرۆڤەکان سەیریان دەکات (28) .

کەواتە دیموکراسی وەک سیستەمێکی سیاسی و، لیبڕالیزم وەک زنجیرەیەک لە بایەخ و پێوەری سیاسی و مەدەنی، دوو رووی یەک دراون، یەکەمیان شێوە (فۆرم)ی سیستەمێکی سیاسییەو، دووەمیشیان ناوەرۆکی سیستەمێکی سیاسی نیشاندەدات (29) .

## 2-9 دیموکراسی و ئازادی

دیموکراسی و ئازادی دوو زاراوە (م×گلح)ی کۆمەڵایەتین کە هەرگیز یەک ناگرنەوە، چونکە هەریەک لەم دوو زاراوەیە بە سیستەمێکی جیاواز بە ئەویترەوە بەندە.ئازادی بە واتای کۆکردنەوەو بەرجەستەکردنی هەموو مافە دیموکراتیە ئازادییەکان

له سیستەمێکی باڵای پیشکەوتوودادێت، پەیوەندی دیموکراسی بە ئازادی تەواو، جیاوازە لەگەڵ پەیوەندی دیموکراسی بە ئازادییە سیاسییەکانەوە. تائێستا زاراوەی ئازادی رووی راستەقینەکەی شێواوە، تائێستاش وا لە خەڵک دەگەیەنن کە ئازادی رێک بە مانای مافی چارەی خۆنووسینە و هەر کاتێک ئەو مافە بە دەست هات ئەوا ئازادی مسۆگەرو بەرقەرار دەبێت، کە ئەم جۆرە بۆچوون و لێکدانەوانە زۆر دوورن لە ناوەڕۆکی ئازادی .

هێنانەدی ئازادی پرۆسەیەکی نەپچراوەی زۆر درێژخایەنە، ئازادی لە سادەترین دەربڕینیدا واتە زاڵبوون بەسەر سروشت و کۆمەڵ و زاتی خۆشماندا، دیارە ئەم سێ لایەنەش بۆ ئازادی ناتوانرێ بە ئاسانی و بۆ ماوەیەکی کەم بهێنرێنەدی، چونکە مەرجی بنەڕەتی بۆ زاڵبوون بەسەر سروشت، لە ئەنجامی زیادبوون و پێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێنان دێت و، بە زیادبوونی کاریگەری چالاکی مرۆڤ لەسەر سروشت و کۆمەڵ بەندە .

توانای زاڵبوون بەسەر سروشتیش بەندە بە داننان وجێبەجێکردنی راست ودروستی یاساکانی سروشت، ئەمەش لە جیهانێکدا یا لە سیستەمێکدا کە چەوساندنەوەی تێدا هەبێ، ئەستەمە،چونکە پێویستی بە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی یەکسان هەیە، ئەو پەیوەندییەی کە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە، مەرجی بنەڕەتیش بۆ زاڵبوون بەسەر کۆمەڵ، لە رێگای دروستکردنی زۆری (البضائع) و سامان لە نێوکۆمەڵدا دەبێت، ئەو کۆمەڵەی کە هەر تاکێکی بە گوێرەی هێزو تواناو بازووی خۆی کار دەکات و (البضائع)ی بەرهەمهێنراو بە گوێرەی پێداویستیەکانی

خۆی وەردەگرێت، بەم شێوەیە زاڵبوون بەسەر سروشتدا لە کاتێکدا دەبێ کە پێشتر بەسەر کۆمەڵدا زاڵبووبێت، دیارە بەتەنها ئابوورییەکی باڵاو پێشکەوتوومەرجی تەنیای مسۆگەرکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان نیە، بەڵکو نەهێشتنی جیاوازیە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوەشاندنەوەی دابەشکردنی کاری میرات بەجێماوو، زاڵبوون بەسەر دامەزراوەکانی سیستەمێکی ئەو کۆمەڵگایەی کە ویژدان وهەست و رەوشتی لە پلەیەکی ئێکجار باڵادایە"، کە ئەمەش ماوەیەکی زۆر دوور و درێژی دەوێ (30) .

هەر پێشکەوتنێکی ئازادی بۆ هەر تاکە کەسێکی نێو کۆمەڵ، مەرجە بۆ پێشکەوتنی ئازادی کۆمەڵەکەی، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین نەبوون یا غیابی ئازادی، واتە مەترسی مردنی راستەقینەی مرۆڤایەتی، چونکە هەموو ئەو پاشگرو پێشگرانەی کە ئەمڕۆ بۆ ئازادی دروستبوونە، ئەوە لە بنەڕەتدا پاشقول گرتنە لە ئازادی، وەک دەوترێ ئازادی بازرگانی، ئازادی خاوەندارێتی (التملک)، ئازادی رۆژنامەگەری، ئازادییە دیموکراتییەکان، هتد هەموو ئەمانە تەسککردنەوەی پێوانە (مساحە)ی بەرفراوانی ئازادییە (31) .

چونکە ئازادی راستەقینەی بێ پاشگرو پێشگر وەک لەشی مرۆڤ وایە، هەر ئەندامێکی لەشی مرۆڤ فەرمان بە ئەندامەکانی دیکەی دەکات(32)، بەڵام هەموو ئەندامەکان پێکەوە دەتوانن مرۆڤێکی ساغ وبێ عەیب دروستبکەن، لە کاتێکدا ئەو مرۆڤە هەر ئەندامێکی لەو هەموو ئەندامانەی لەشی کەم بێت، ئەوا مرۆڤەکە عەیبێکی لێ دروست دەبێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دیموکراسی تا ئەو کاتەی هەیە سیستەمێک پیادە دەکرێت و ململانێیەکی شارستانی تێدا پێڕەوو پیادە دەکرێت، بێ ئەوەی بتوانێت ئەو چەوساندنەوەیەی کە هەیە بیسرێتەوە، بەڵام لەسەردەمێکی ئازادی بێ کۆت و مەرجدا، بێ پاشگر و پێشگر ئەوا دیموکراسی لەنێو خۆیدا دەتوێنێتەوە، ئەمەش بالآترین قۆناخی پێشکەوتنی کۆمەڵە، دیارە لە کاتێکدا دێتە دی کە هیچ کێشەیەکی نەتەوایەتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی . هتد لە ئارادا نامێنێت ومرۆڤ (یا باشتر وایە بڵێین کۆمەڵ، چونکە مرۆڤ وەک تاکەکەس لە رووی پێوەندییەکانیەوە توند بە کۆمەڵ گرێدراوە) زۆر مەعریفیانە وهوشیارانە مامەڵە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ودەرەوە دەکات کە \ئەمەیان پێچەوانەی توندڕەوی و دیکتاتۆرییە، چونکە ئاسان نیە مرۆڤ بتوانێ بەسەر سروشتی ناوەوە (کۆمەڵ) و سروشتی دەرەوە زاڵ ببێ، مەرجی بنچینەییش بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا زیادکردن و پێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێنانە، دانپیانانە بە کارتێکردنی ماوەی دووری چالاکی مرۆڤ لەسەر سروشت وکۆمەڵ، ئەمانەش نە بە بڕیاری سیاسی، نە بە هیچ بڕیارێکی دیکە ناهێنرێنە دی، بەڵکو تەنها بە شێوەیەکی زۆر درێژخایەن وپلە بەپلە لە رێڕەوی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە مێژوویەکی دووردرێژدا دێتە دی.

**3-9 دیموکراسی و دیکتاتۆری**

دیکتاتۆریش وەک دیموکراسی وشەیەکی یۆنانییەو پێش زایین بڵاوبۆتەوە، دواتریش بوو بە رەنگدانەوەی واقیعی مێژووی رۆمای

کۆن، چونکە لەسەردەمی کۆماری رۆمادا ناوی (دیکتاتۆر) بۆ کەسێک بوو کە دەسەڵاتێکی رەها (مگلق)ی لە لایەن پیرانەوە پێبدرابوایە.

دیکتاتۆر ئەو ماوە دیاریکراوە یاخود سنووردارەیە کە لەکاتی رووداوێکی ناکاو، یاخود لە حاڵەتی هەڕەشە لێکردنێک، دەسەڵاتە رەهاکەی خۆی فەرز دەکات، یولیس قەیسەر و چەندانی دیکە، بە درێژایی تەمەنی ژیانیان بوونە دیکتاتۆرو دەسەڵاتەکەیان بە پلەی یەکەم بۆ بەرژەوەندی تەسکی زاتی خۆیان (کۆمەڵێکی بچووک) بەکاردەهێنا، واتە بۆ بەرژەوەندی توێژێکی فەرمانڕەوا (33).

(کاوتسکی) پێی وابوو دیکتاتۆر بە مانای وشەکە واتە حوکمی تاکە کەسێک بەدەر لە هەموو یاسایەک، یان واتە ئۆتوقراتیەت کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ چەوساندنەوەدا نییە تەنها لە پێکهاتەکەیدا کە دامەزراوێکی چەسپاو و نەگۆڕی دەوڵەتەکە نییە، بەڵکو ئیجرائاتێکە لە هەندێ کاتی ناکاودا (34).

هەرچەندە هەندێ جاری واش هەیە ئەو ئیجرائاتە ناکاو و کتوپڕە درێژە دەکێشێ، واتە تەمەنی درێژ دەبێ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەلومەرجەی کە دەسەڵاتەکەی تیادا پیادە دەکرێت و توانستی ئەو هێزەی کە لە دژی دەسەڵاتە رەهاکە تێدەکۆشێ، بەڵام هەرچۆنێک بێ ناتوانێ بەدرێژایی ژیان خۆی فەرز بکات، چونکە دیکتاتۆری هەمیشە زاڵبوون و خۆسەپاندنی چینێک یا توێژێک بووە بەسەر سەرجەم چین و توێژەکانی تری ناو کۆمەڵ (35).

وەنەبێت دیکتاتۆری بە درێژایی مێژوو بەکارهاتبێت، بەڵکو تا

سەرەتای ئەم سەدەیە لە جیاتی وشەی دیکتاتۆری وشەی ئیستبداد بەکار دەهات، بەڵام لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە وشەی دیکتاتۆری تا دەهات زیاتر دەهاتە نێو باسانەوە، بەتایبەتی کاتێک (لینین) لەدژی سەرمایەداری دەجەنگا، لە زۆر شوێندا ئاماژەی بۆ دیکتاتۆریەت کردووە بەو مەبەستەی دیکتاتۆری دەسەڵاتێکی رەهای چینێکی دیاریکراوە، واتە دەسەڵاتی چینێک یا توێژێکە لە دژی هەموو چین و توێژەکانی تر.

دیکتاتۆری لە سەرەتاوە بۆ نەفی کردن و لەناوبردنی دیموکراسی سەری هەڵنەدابوو، بەڵکو ئەم زاراوەیە لە ئەنجامی خۆسەپاندن و خۆ فەرزکردنی تاکە کەسێکەوە هاتووە و ئیتر ئەم ناوە (دیکتاتۆر) چەسپاوە و کەوتۆتە سەر زارانەوە.

بەم شێوەیە دیکتاتۆری بە مانای فەرمانڕەوایی کردنی رەهای حزبێک، تاقمێک، توێژێک، چینێک" هتد هاتووە، بەسەر تەواوی چین و توێژەکانی تری ناو کۆمەڵ، کە ئەمەش تەواو و لەسەدا سەد لەگەڵ دیموکراسیدا ناڕێکو ناکۆکە، چونکە هەموو بەرژەوەندییە گشتییەکان وەلا دەنێ و هەموو وەسیلەیەک بۆ دڵنیاکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە باشترین شێوە بەکاردەهێنێت، لەو هێز بەکارهێنانەشدا یاسا لە بەرامبەریدا ناتوانێ رابوەستێ، چونکە یاسا شەرعیەتت پێدەدا لەو ماوەیەی کە یاسایەکە هەیەو لەکاری رۆژانەدا پەیڕەو دەکرێ. دیکتاتۆریەتیش هیچ بوارێک بۆ ئەو یاسایە ناهێڵێتەوە تا شەرعیەتی پێبدا، چونکە دەسەڵاتێکی بێ کۆت و مەرجەو بەهیچ یاسایەکەوە پابەند نییە، هەمووشی لە پێناوی ئەوەیە بەرژەوەندی خۆی زیاتر پەرە پێبدات

و جێگیرتری بکات، هەموو جۆرە هێزێکیش لە پێناوی مانەوەی لەدەسەڵاتەکەدا بەرامبەر بە خەڵکی زۆرینە بەکاردەهێنێ، هەر لەبەرئەوەشە دیکتاتۆر لە هەموو رێورەسمێکی یاسایی بەدەرەو ملکەچی هیچ جۆرە سانسۆرێکی یاسایی نابێت.

بەم پێودانگەی سەرەوە دیموکراسی و دیکتاتۆری ئەگەرچی زۆر لەمێژە لەنێو واقیعی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەن و لە پیادەکردنیشدا دوو ئاراستەی پێچەوانەو دژن، کەچی تا ئێستا هەردووکیان ماون و هیچ کامیان نەیانتوانیوە ئەوەکەی تر لەناو ببەن، هەرچەندە یەکەمیان (دیموکراسی) زۆرترین پاڵپشت و پشتگیریکردنی خەڵکی جەربەزەی لەگەڵدایە، بۆیە هەردووکیان وەک دوو زاراوە گوزارشت لە پێوەندییە جیاوازییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەن (36). تەنانەت زۆر کەس وای بۆ دەچێت هەموو دیکتاتۆریەتێک دیموکراسییەو هەموو دیموکراسیەتێکیش لە هەمان کاتدا دیکتاتۆرە، بەواتایەکی دیکە هیچ دیکتاتۆرییەتێک بەبێ دیموکراسی بوونی نیەو هیچ دیموکراسیەتێکیش بەبێ دیکتاتۆری بوونی نابێ (37).

## 4-9 دیموکراسی و توندڕەوی:

توندەڕەوی دیاردەیەکی تەسک و بەرچاو و رەگوڕیشە داکوتراوی ناو مێژووە، تێنەگەیشتنە لە واقیعی دەوروبەرو لە سروشتی مرۆڤ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، توندڕەوی گرتنەبەری رێگایەکی داخراوە، چونکە هەمیشەو بەردەوام لێکدانەوەیەکی ناواقیعیانە بۆ سروشت و دەوروبەرو جیهان دەکات.

توندڕەوی دژی هەموو بۆچوونێکی بەرامبەرە، دژی فرە بۆچوون و فرە مینەبەرییە چونکە حەقیقەت تەنها لە خودی خۆیدا دەبینێت و جیهان لەلای تەنها جیهانێکی بچووککراوەی ڕەهایە کە گفتوگۆو دەمەتەقێ هەڵناگرێ، بەم شێوەیە، توندڕەوی هیچ ڕێزو ئیعتیبارێک بۆ راو بۆچوونەکانی دیکەی بەرامبەری دانانێت و بە هەموو شێوەیەک ڕەفزیان دەکاتەوەو هەوڵی سەپاندنی بۆچوونەکەی خۆی دەدات، بۆیە توندڕەوی لەلایەک داکۆکیکردنێکی بێ قەیدو شەرتی بۆچوونەکانی خۆیەتی کە بە ڕاستییەکی ڕەهای دەزانێت، لەلایەکی تریشەوە ڕەفز کردنەوەیەکی ڕەهای سەرجەم ئایدیۆلۆژیاو مەفاهیمەکانی تری بەرامبەریەتی، لەبەر ئەوە توندڕەوی چەمکێکە لەگەڵ هەموو چەمکە لۆژیکەکانی هاوچەرخ ناکۆک و دژە.

بەم پێیە توندڕەوی ڕێبازێکە (ڕێباز نەک بەو مانایەی کە میتۆدێکی ئەپستمۆلۆژییە واتە مەعریفییە، بەڵکو مەبەستم زیاتر لە تەوژم –ڕێبازە، بەڵام تەوژم لە بنەڕەتدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەکاردێت، واتە تەمەنی کورتەو درێژبوونەوەی لەسەر هەمان ڕێچکە ئەستەمە، بەڵام توندڕەوی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیەو ئێستاش لە برەودایە)، زۆر لەمێژە لە مێژوودا هەبووەو، سەرهەڵدانی ئەم کارە تیرۆیستیانەش بەشێکی جیانەکراوەن لە ڕێبازی توندڕەوی جا توندەڕەوی نەتەوەیی بێ، یا ئیسلامی، یا مارکسی،" هتد. هەڵبەت توندڕەویش جۆری زۆرە، هەر لە تاکە کەسەوە، تا توندڕەوی گروپ و کۆمەڵ و توندڕەوی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و" توندڕەوی سیاسی و ئایدیۆلۆژی زیاتر حزبە سیاسیەکان دەگرێتەوە، ئەو حزب و

گروپ و لایەنە سیاسیانەی کە خۆیان بە راستییەکی رەها دەزانن و دژی فرە حزبی وهەر ئایدیۆلۆژیایەکی ترن کە لە دەرەوەی ئەو سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایەی ئەوانن، هەر حزبێکیش بەم شێوەیە مامەڵەی سیاسی بکات و خەبات بکات، خەبات و تێکۆشانەکەی بەر تەسک و چەقبەستوو دۆگمایەو هیچ ئاسۆیەکی گەشەکردنی لێ بەدی ناکرێت و لەقالب دەدرێت.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە لە عێراق و کوردستاندا لەبەرئەوەی هەموو ئەو حزبە سیاسیانەی کە جاران و ئێستاش لە گۆرەپانی تێکۆشانی سیاسیدا هەن و بەردەوامن، هەرگیز لە سێبەری دیموکراسیدا دروست نەبوونەو گەشەیان نەکردووەو لەناو ژیانێکی کۆمەڵایەتی شارستانیانەو دیموکراسیانەی راستەقینە گوزەریان نەکردووە، بۆیە دەبینین مەیلی توندرەوی و تەنانەت دیکتاتۆریش لەناو منداڵدانیاندا گاگۆلە دەکەن و گەورە دەبن" بەواقیعیش رۆژانە گیانی خۆسەپاندن و خۆبەگەورە زانین و تۆڵە کردنەوە پێرەو دەکەن، ئەمەش راستەوخۆ توندوتیژی دەگەیەنێت، بۆیە زۆر ئاساییە گەر بڵێین توندرەوی واتە توندوتیژی.

بەم پێودانگە دیموکراسی و توندرەوی دوو رێگا، دوو بۆچوونی ناکۆکن لەگەڵ یەکتری و، بەیەکەوە هەڵناکەن، لە هەر شوێنێ هەر لەژیانی خێزانییەوە بگرە تا دەگاتە ژیانی حزبێک، دەوڵەتێکەوە دیموکراسی لە برەو و گەشەکردندا بێت، ئەوا ئۆتۆماتیکیانە توندرەوی سەرکوت دەکرێ و بواری تەسک دەبێتەوە، لەهەر شوێنێکیش توندرەوی زاڵ بووبێ ئەوا دیموکراسی تەنگەتاو دەکرێ، بێ ئەوەی دروشمی دژە دیموکراسیشیان

بەرزکردێتەوە (38).

لێرەدا دیکتاتۆری و توندڕەوی لە زۆر خاڵدا هاوبەشن و یەکدەگرنەوە، تەنها ئەوەندە هەیە دیکتاتۆری زیاتر بۆ ئەو هێزو لایەنانە بەکاردەهێنرێت کە لە فەرمانڕەوایی کردندان، واتە حوکمڕانن، بەڵام توندڕەوی لە زۆربەی حاڵەتەکانیدا هەوڵ بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات دەدات، واتە لە حوکمدا نییە.

## 5-9 دیموکراسی و ئیسلام:

وشەی ئیسلام لە بنەڕەتدا بەمانای تەسلیم بوون و خۆبەدەستەوەدان دێت، هەرچەندە هێندێ لە زانایانی ئیسلام دەیانەوێ وای دەربخەن، کە ئیسلام لە (سلم) واتە ئاشتییەوە هاتووە، بەڵام هەر بەپێی کۆمەڵێک لەئایەتەکانی نێو قورئاندا مانای تەسلیم بوون و خۆبەدەستەوەدان دەگەیەنێت، بۆ نموونە بڕوانە ئەم ئایەتانەی خوارەوە (وانیبوا الیٰ ربکم واسلموا لە- بۆ لای پەروەردگارتان بگەڕێنەوەو تەسلیمی ئەوبن) الزمر ئایەی 45، (افغیر دین الله یبغون وله اسلم من فی السموات والأرض طوعا وکرها والیه ترجعون- ئایا ئەوانە غەیری ئایینی خوایان دەوێ لە کاتێکدا ئەوانەی لە ئاسمان و زەوی دان بیانەوێ و نەیانەوێ لەبەرامبەر ئەو (خوا) دا تەسلیم بوون و هەمووشی بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە) ال عمران ئایەی 38، (اذ قال له ربه اسلم قال اسلمت لرب العالمین) البقره ئایەی 131 ئەمانەو دەیان نموونەی دیکە راستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەردەخات کە وشەی ئیسلام بەمانای

تەسلیم بوونە بەهێزێک کە لەدەرەوەی ئیرادەو توانستی مرۆڤدایە، ئەویش (خوا)یە، تەسلیم بوونێک کە دەبێ دڵ و بیرکردنەوەو تەنانەت لە سۆزو عاتیفەی رووتیش خۆت دابماڵی و تەسلیمی ببی، کەواتە لە ئیسلامدا، بەهیچ شێوەیەک رێگا بە حوکمڕانی کردنی مرۆڤ نەدراوە، بەڵکو حاکمێک لە ئاسماندا هەیە، کە حوکم بەسەر هەموو زەوی و مرۆڤایەتیدا دەکات ئەویش (خوا)یە، لێرەوە ئەو بۆچوونەی ئیسلام تەواو پێچەوانەو دژ بە چەمکی دیموکراسییە، کە ناوەڕۆکەکەی فەرمانڕەوایی کردنی زۆرینەی خەڵکە، کە دوور نییە هەر لەبەر ئەمەش بووبێ لەقورئاندا بەهیچ شێوەیەک باس لە دیموکراسی نەکراوە، لەکاتێکدا زاراوەی دیموکراسی هەزارساڵ پێش ئیسلام دروست بووە.

ئازادی و سەربەستیش لە گەوهەری ئیسلامدا خۆی لەم دێڕەدا دەنوێنێ (واطیعوا الله واطیعوا الرسول واولی الامر منکم)(النساء ئایەتی 95) (39).

لە بنەڕەتیشدا دیموکراسی بنەماو مەبدەئێکی (مستورد)ەو هیچ پێوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە، چونکە دەنگدان لەدیموکراسیەتدا حوکمڕان و چاوگ (مرجع)ە، کەچی لەئیسلامدا حوکمڕان و مەرجەع هەر تەنها بۆ (خوا)یە و مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی لە بەرامبەریدا نییەو دەنگدانیش هیچ ئیعتیبارێکی بۆ ناکرێ، چونکە لە شەرع و ئاییندا بوار بۆ دەنگدان نەماوەتەوە تا ئیسلام پێڕەوی بکات، چونکە گەل لەئیسلامدا حوکمڕان نییە، بەڵکو حوکمڕانی تەنها بۆ خوایە کان الحکم الا لله.

دەبێ ئەوەش بزاندرێ کە (الحاکمیە للە) بنەماو مەبدەئێکی

ڕەسەنی ئیسلامییەو هەموو لێکۆڵەرو تۆژەرەوە ئوسوڵییەکانیش لە تۆژینەوەکانیاندا کە دێنە سەر (الحکم الشرعی) و (الحاکم) هاودەنگ و ڕێک و تەبان لەسەر ئەوەی کە (الحاکم) خوایەو پێغەمبەریش نێردراو و (مبلغ)ی خوایە، واتە خوا فەرمان دەدات، ئیلغا دەکات، حەلال و حەرام دەکات، حوکم دەکات و شەرع دەدات.

ئایینی مەسیحی و جوولەکەیی و بوزایی و، چەندین ئایینی دیکەی ئاسمانی و غەیرە ئاسمانیش هەن، بەڵام ئەوانە تێکەڵ بە سیستەمی دەوڵەت نەبوون، بەتایبەتی ئایینی مەسیحی و بوزایی تارادەیەک زۆر دوورەپەرێزن و لە کیشوەرێکی وەکو ئاسیای مەڵبەندی خواپەرستی و ئایینپەرستی، کەچی ئایینی بوازیی بەو قەوارەیەی کە هەشیەتی نەچۆتە ناو سیستەمی هیچ کام لەو دەوڵەتانەی کە ئەم ئایینەیان تێدا بڵاوە، بێگومان سیستەمی ئەو دەوڵەتانەش ڕۆژێ لە ڕۆژان هەوڵی لەناوبردنی ئەو ئایینانەیان نەداوە کە پێوەندی بە هەست و نەست و دڵ ورۆحی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵەکەوە هەیە. بەڵام لە ئایینی ئیسلامدا ئایینەکە نەک هەر تێکەڵ بەو سیستەمە دەبێ کە فەرمانڕەوایە، بەڵکو هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی سیستەمەکە لەناو ببات و دەسەڵاتە سیاسیەکە بۆ خۆی کۆنترۆڵ بکات، جا بە هەر شێوازێک بێت.

ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، ئەو کوردستانەی بە ڕووباری خوێن ڕزگار کراوەو ئەوان هیچ ڕۆڵێکیان لەئازاد کردن و قوربانی دان بۆی نەبووە، کەچی دوای ئەوەی هاتنە سەر کوردستانێکی ڕزگارکراو، دەیان تەرزە هزرو فیکرو بۆچوونی نامۆیان بڵاوکردەوەو،

له جیاتی دیموکراسی، چەمکی (شوری) بەکاردەهێنن، ئەمانە پێیان وایە (شوری) نموونەی ئیسلامییانەیە بۆ دیموکراسی، لەکاتێکدا (شوری) و دیموکراسی دوو چەمکی تەواو لە یەکتری جیاوازن.

یەکگرتووی ئیسلامی کە حزبی (اخوان المسلمین)ە لە کوردستانی عێراقدا، لە جیاتی دیموکراسی (شوری) بەکاردێنێت و باوەڕی بە دیموکراسی نییە، ئەو دیموکراسییەی دەیان ساڵە گەلی کورد خوێنی بۆ دەرێژێ و قوربانی لە ژمارنەهاتووی پێشکەش کردووە.

یەکگرتوو دەیەوێت وا لە خەڵکی جەربەزە بگەیەنێت کە (شوری)ش دیموکراسییە، بەڵام لە راستیدا (شوری) لەگەڵ دیموکراسی تەواو ناکۆکە و هەرگیز بەیەکەوە هەڵناکەن.

(شوری) زیاتر بۆ کەسانی ریش سپی و پیاوماقوڵان و خانەدانان کراوە کە لە فقهی ئیسلامیدا بە (اهل الحل والعقد) ناوزەد کراوە. ئەم جۆرە کەسانەش هەڵنەبژێردراون، بەڵکو لەلایەن حوکمڕانەوە دەستنیشان کراون، هەروەها مەرج نییە ئەو کەسەی حوکم دەکات بە راوبۆچوونەکانی (اهل الحل والعقد) بڕوا بەڕێوە، (شوری) تەنها پرس پێکردنەو حاکم دەتوانێ قەبووڵی نەکات. بەم جۆرە (شوری) دیموکراسی نییە ئەو دیموکراسیەی کە ئیرادەی زۆربەی گەل دەگەیەنێت، بەڵکو (شوری) شێوەیەکە لە شێوەکانی دیموکراسی چەواشە (40).

01- کوردستان و پێڕەوکردنی دیموکراسی

کوردستان وڵاتێکە لەلایەک سەدان ساڵە ژێردەستە بووەو، لەلایەکی دیکەیشەوە کەوتۆتە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەم ناوچەیە زۆرترین گرفت و ململانێی تێدایە، بۆیە کوردستانیش بە سروشتی خۆی لەم هەموو گرفتە ئاڵۆزانە، نەیتوانیوە بەشێوەیەکی دروست پێڕەوی دیموکراسی بکات. راستە لە ئایاری 1992 هەڵبژاردنی گشتی کراو پەرلەمان دامەزراو حکومەت پێکهێنرا، بەڵام هێندەی نەبرد شەڕی ناوخۆ، هێندە دژوار بوو بەشێوەیەک هەموو هیوا زیندووەکانی نەتەوەکەی هەر بە زیندوویێتی زیندە بەچاڵکرد، پاوانکردنی ناوچەو کوشتنی بیروڕای جیاوازو تێکدانی نەخشەو پرۆژە جوانەکان، ببووە بەرنامەی دەسەڵاتی کوردی، بۆیە لەکاتێکدا زۆرترین پێویستیمان بە دیموکراسیەت هەبوو، کەچی بەچەقۆیەکی کۆن و کول سەرمان بڕی، خەڵکیش بەگشتی بڕوای بەدروشمە بریقەدارەکان نەما، وای لێهاتبوو کەس لە ماڵ و سامانی خۆی دڵنیانەبوو.. بەڵام ئەم گرفتە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە زوو هەستی پێکرا، بۆیە وردە وردە هەوڵیاندا بیرۆکەی شەڕو کوشتن لە مێشکی خۆیان بسڕنەوەو بیری نەتەوەیی لەلای خەڵکدا بخەنە بەرباس و گفتوگۆ. ئیتر چەند ساڵێکە کوردستان ئارامە، بیرۆکەی داگیرساندنی شەڕی ناوخۆ زۆر لاوازە، هەماهەنگی هەردوولا زۆر پتەوبووە، خەڵک کۆمەڵێک هیوای لە دڵدا چاندۆتەوەو بەو هیوایەیە لە داهاتوودا بەرەکەی لێ بخوا.

ساڵی نوێمان بریتی دەبێت لە ساڵی هەڵبژاردن و دەنگدان لە رێگەی سندوقەکانەوە، دەسەڵاتی کوردیش بڕوای بە تێکۆشانی سیاسی و خەباتی ئاشتیانە هێناوە، دوور لە پەنابردنە بەر

توندوتیژی، چونکە بە ئەزموون بۆی دەرکەوتووە کە ڕێگای توندوتیژی هیچ چارەسەرێکی پێ نییە، جگە لەماڵوێرانی، شتێکی دیکەی بەخۆوە نەگرتووە. بۆیە دەبێ لە ڕێگەی ناتوندوتیژییەوە گرفتەکانمان چارەسەر بکەین.

## 11- ئەنجام

دیموکراسی هەر بەتەنها هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات نییە، بەڵکو پێوەندییەکی راستەوخۆی بە پاراستنی مافی مرۆڤەوە هەیە، کە خۆی لە پاراستنی مافی یەکسانی و دادوەری و گواستنەوەو رادەبڕین و ئازادی بیروبۆچوون و دامەزراندنی حزب و نەقابەو" هتد دەبینێتەوە، بەڵام لە کوردستاندا بەهۆی کەم بوون و لاوازی رۆشنبیری مافی مرۆڤ، بە چاوێکی کەمەوە سەیری مافەکانی مرۆڤ دەکرێت و بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێتێ، بەجۆرێک پێشێلکردنی هەندێ لەو مافانە وەک مافی گواستنەوە بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی رۆژانە.

لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا، پێڕەوکردنی دیموکراسیەت رووبەڕووی کۆمەڵێک کۆسپی سەرەکی دەبێتەوەو، بەشێکیش بۆ پێکهاتەی دەسەڵات و دەسەڵات لە رۆژهەڵات دەگەڕێتەوە کە لەسەر بناغەی زوڵم و زۆرداری و توندوتیژی داڕێژراوە.

لێرەدا رووبەڕووبوونەوەو رەخنەگرتن لە بنچینەو بناغە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی زوڵم و زۆرداری و دەسەڵاتی رەها لە رۆژهەڵات ئەرکێکی تێکۆشەرانەیە لە پێناوی سەقامگیربوونی دیموکراسی.

دیموکراسی مەسەلەیەکی ململانێیەو ناکرێ دوور لە یاساکانی

ململانێ سەیر بکرێت، راستە دیموکراسی کۆتایی بە زۆرداری ناهێنێت، بەڵام هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ دەتوانن لە رێگای نوێنەرانی خۆیانەوە دەنگ هەڵبڕن و رەخنە بگرن و بیروبۆچوونی خۆیان بە رێگایەکی ئاشتییانەو بەهۆی زۆرینەی خەڵکەوە بچەسپێنن، هەموو ململانێیەکانیش لە چوارچێوەی گفتوگۆی بەردەوامەوە دەبێت، دوور لەگیانی توندوتیژی.

**پەراوێزەکان:**


1- محمد فرید حجاب، المسأله الدیموقراطیه فی الوطن العربی، مجموعه من الباحثین، مرکز دراسات الوطنیه العربیه سلسله کتب المستقبل العربی (91)،ط الاولی، بیروت، عام 2000،ص98-101

2- مەنسور حیکمەت، دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و راستیدا، هەولێر،1993ل9

3- سەرچاوەی پێشوو، ل3

4- سەرچاوەی پێشوو، ل50

5- فوئاد سدیق، سەرەتایەکی کورت بۆ تێگەیشتن لە چەمکی دیموکراسی، رۆژنامەی رێگای کوردستان، 996/8/6-996/8/13 ژمارە 216-217،

6- فۆئاد مەجید میسری،گۆڤاری ئەلتەرناتیف، ژ3،سلێمانی 1992

7- سەرچاوەی پێشوو.

8-- سەرچاوەی پێشوو.

9- عطا بکری، الدیموطراقیه فی التکوین، بیروت، 1952، ص29

10- حسن ابراهيم محمد، الطريق الى الديموقراطيه، مجله الطريق، **العدد الثالث، السنه** 55، 1996، ×31
11- عطا بكرى، الديمقراطيه فى التكوين، ص29
12- حسن ابراهيم محمد، الطريق الى الديموقراطيه، مجله الطريق، العدد الثالث ، ص31
13- حسن ابراهيم محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل32
14- عطا بكرى، سەرچاوەی پێشوو، ل370
15- حسن ابراهيم محمد، مجله الطريق، العدد الثالث ، السنه55، 1996، ص330
16- **سەرچاوەی پێشوو، ل320**
17- **-مەنسور حيكمەت، ديموكراسی لە نێوان دەربڕين و راستيدا، سەرچاوەی پێشوو، ل390**
18- مجله النهج، دار الابحاپ والدراسات الاشتراكيهالعدد 44، ص180
19- رێگای كوردستان، ژ 272، 1997/01/51.
20- مجله النهج، العدد 44 سەرچاوەی پێشوو، ص310
21- گۆڤاری پێشكەوتن، ژ63، ئەيلولی 97، ل4-5
22- مەنسور حيكمەت، ديموكراسی لەنێوان دەربڕين و راستيدا، سەرچاوەی پێشوو، ل6
23- سەرچاوەی پێشوو، ل7
24- اريركبش، الماركسيه والديمقراطيه- مساهمه فى مشكلات التفسير الماركسى للديمقراطيه، ترجمه: رجاء احمد، الطبعه الاولى، ديمەشق، 1991 ص18

25- رێگای کوردستان، ژ 272، 1997/01/51
26- مجله المنار، العدد العاشر، 1985، ل37
27- مەنسور حیکمەت دیموکراسی لەنێوان دەربڕین و راستیدا، ل18
28- سەرچاوەی پێشوو، ل17
29- سەرچاوەی پێشوو، ل17
30- اریرکبش، المارکسیه والدیمقراطیه- مساهمه فی مشکلات التفسیر المارکسی للدیمقراطیه، 123-124
31- سەرچاوەی پێشوو، ل126
32- سەرچاوەی پێشوو، ل127
33- **فوئاد سدیق، رێگای کوردستان،**ژ216- 1996،217/8/6- 1996/8/31
34- اریر کبش، المارکسیه والدیمقراطیه- سەرچاوەی پێشوو ص710
35- فوئاد سدیق، رێگای کوردستان،ژ216- 2170
36- اریرکبش، المارکسیه والدیمقرا'یه، ص106
37- **سەرچاوەی پێشوو، ل108**
38- **فوئاد سدیق، رێگای کوردستان،**ژ216 ژ 217
39- **سەرچاوەی پێشوو، ژ216**
40- **هادی مەحمود، وەدیهێنانی دیموکراسی ئەرکێکی قورسە، بەڵام مەحاڵ نییە، رێگای کوردستان ژ214، 1996/7/32**

## شۆڕشی 11ی ئەیلول وانەیەک بۆ ئێستاو ئایندەمان

11ی ئەیلول لە مێژووی گەلی کوردستاندا،شوێنێکی پڕ بایەخ و گرنگی گرتووە،ئەو شوێنە گرنگەش هەر وا بە سووک و سانایی نەهاتۆتە دی،بەڵکو لە ئەنجامی چەندین ساڵەی خەباتی نەپساوە و ئینجا لەخۆبوردوویی بارزانی نەمر دروست بووە، راستە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول قۆناخێکی تەواو جیا بوو لە هی ئەمڕۆ و، خەباتی شاخ بەراورد ناکرێ لەگەڵ خەباتی شار، بەڵام بارزانی کەسایەتییەکی کاریزمی- سیاسی- کۆمەڵایەتی- نیشتمانی ئەوتۆ بوو کە لەتەواوی کوردستاندا وێنەی نەبوو،ئەمەش لە ئەنجامی ئەو تەوازوع و ئەو خۆ نەویستی و دادپەروەری و

شەهامەتەیەوە هاتبوو،کە هەمیشە لە هەوڵی رزگاری نیشتمانی و سەرفرازی نەتەوەکەی دابوو، وەک چۆن تا ئەو رۆژەی نەمریی بۆ خۆی تۆمارکرد،سەری بەرزی بەرزو بەرزتر دەبوو،دوژمنانی کوردیش بەم هەموو جەبەڕووتەیانەوە کەچی نەیاندەزانی چۆن زەفەری پێ ببەن،بە شێوەیەک هەرگیز ئەم ئاواتەیان بۆ نەهاتە دی، چونکە بارزانی نەمر هیچ مەرامێکی شەخسی لەو شۆڕشەدا نەبوو کە هەڵیکردبوو،بەڵکو ئازادی و سەروەری خۆی لە ئازادی و سەروەریبوونی نەتەوەکەی خۆیدا دەدۆزییەوە .بارزانی نەمر لە بەرەنگاربوونەوەی سەختیدا هۆشی منە بوو،لە تێکۆشانی جەربەزەییدا گیڤارا بوو (ئەی ئەوە نەبوو بەدەم هاواری کۆماری مەهابادەوە چوو)، لە ئاشتی و راستگۆیی و خۆنەویستیدا ماندێللا بوو، بەڵام ئەو نەمرە خاوەنی میللەتێکی نادیار بوو، خاوەنی خەباتێکی داخراوی میدیاکانی جیهان بوو، ئەو نەمرە دەیزانی تاکە رێگا لەبەردەم کورددا خەباتی نەپساوەو تێکەڵ بوونە لەگەڵ ئازاری نەتەوەکەیدا،بۆیە تواناکانی خۆی تەنها بۆ حکومەتی سەرکوتکار تەرخان نەکردبوو، بەڵکو ئەو شوێنانەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشیش دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدا بەرقەرار بوو،کەس نەیدەتوانی زوڵم لە کەس بکات، خۆی لە خەڵکی سادەو ساکاریش جودا نەدەکردەوە، دڵنیام ئەگەر سەردەمی بارزانی نەمر ئەو دوورەپەرێزییەی راگەیاندنی لەسەر نەبوایەو، جیهان وەکو ئێستا سەردەمی شەفافییەت و گەیاندن بوایە، بارزانی دەبووە سیمبولێک بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمە لە کاتێکدا هێشتا کورد خۆی بە تەواوی لە پەندو وانەکانی بارزانی نەمر ئاشنا نەکردووە.!!

بارزانی نەمر دەستکەوتی زۆر گەورەی بۆ دوای خۆی بە جێهێشت، لە خەباتی سیاسی، لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لە راستگۆیی و لە خۆ

نەویستی،لە سەر بڵندی بەرامبەر دوژمنان، لە شەهامەتی بێ وێنەییدا،هەموو ئەمانە دەستکەوتن بۆ کورد و بۆ سەرکردایەتی کوردستان،کە ڕێک ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بەو ڕێنمایی و بەو خۆنەویستی و بەو تێکەڵبوونەی ناو خەڵک هەیە. بارزانی بۆ هەموو کورد میراتێکی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام ئەم میراتە پێویستی بە دروشمی بریقەدارو دروشمی شۆڕشگێڕانەی ڕووت نییە، بەڵکو پێویستی بە تێگەیشتن لەو میراتە دەوڵەمەندەو ئینجا هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی هەیە،نەک هەر لە خەباتی سیاسیماندا،بەڵکو لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە تەواوی ڕەفتاری ڕۆژانەماندا،ئەگەر ئەمە نەکەین پێم وانییە ئایندەیەکی باش پێشوازیمان لێ بکات کە نەتەوەکەمان چاوەڕوانییەتی. کەواتە ئەگەر تا ئێستاش بە پێی پێویست نەمانتوانیوە،سوود لە پەندو وانەکانی بارزانی نەمر وەربگرین،پێم وایە دەکرێ لەمڕۆ بە دواوە بە ناخی ئەم پرسەدا بچینە خوارەوەو سەرلەنوێ خوێندنەوەیەکی جیدی بۆ بکەین،هەر بەمەش دەتوانرێ ئەم گەلە لەم هەموو نەهامەتی و پڕ دەردەسەرییەیدا، کەمێک ئارام بێت.

## حوكمڕانی و ئاییندەی کوردستان

ئیمرۆ لە هەموو کاتێک زیاتر باس لە حوکڕانی و جۆر و شێوازی ئەو حوکمڕانییە دەکرێ، هەڵبەت ئەمەش لەبەرئەوەیە، ئیدی خەڵک متمانەی خۆ بەڕێوەبردنی لا دروست بووەو، هیچ کاتێکێکیش وەکو ئیمرۆ گفتوگۆ لەسەر حوکمڕانی لە کوردستاندا نەکراوە .

ناڵێین ئەم دەستکەوتە هی تەنها کەسێک یا سەرکردەیەکە، ئەوە شاراوە نییە ئەو هەماهەنگییەی ئێستا لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکاندا هەیە، باشترین هۆکارن بۆ بەردەوامبوون و ئینجا

پێشخستنی ئەو حوکمڕانییە، هەموو ئەو کارە باشانەی دەکرێن، ئەگەر بەرنامەیەک بۆ پاراستن و پێشخستنیان رەنگڕێژ نەکرێت، بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئەو چەند ساڵە بونیادیشمان ناوە لەسەری دادەنێین و دەست بەتاڵ لێی دێینە دەر .بەڵام خۆشبەختانە جۆری ئەو حوکمڕانییەی کە لە کوردستاندا پیادە دەکرێت، هیچ ترس و گومانێکی نەهێشتۆتەوە. راستە خەڵک بەلایەوە گرنگە حکومەتەکەی زیاتر لە ئێستا شەفاف بێت، کارە خزمەتگوزارییەکانی زیاتر لە ئێستا بێت و، ببینە نموونەیەک نەک هەر بۆ ناوچەکە بەتەنها بگرە بۆ جیهانیش، ئەمانە خەونی خۆشن، بەڵام هەمووشمان دەزانین حکومەتێک کە تەنها شەش حەوت ساڵێکە متمانەی خەڵکی وەدەست هێناوە کە بەردەوام دەبێت و ساڵ لە دوای ساڵیش باشتر پێشدەکەوێ، هیچ لۆژیکێک نییە، ئەم حکومەتەی کە هێشتا گرفتە هەرێمییەکان وەک تەونی جاڵجاڵۆکە دەوریان داوە و ناهێڵن هەناسە بدات، ئێمە بێین بەراوردی بکەین لەگەڵ هەر حکومەتێکی تر کە لانی کەم تەمەنی حوکمڕانییەکەی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوەیە. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو کۆمەڵگایانەش دەمێکە قۆناخی دەرەبەگیان بڕیوەو پێیان ناوەتە قۆناخی سەرمایەدارییەوە، ئاخر لە کۆمەڵگایەکی دەرەبەگیدا ناتوانرێ نەوت بەرهەمبهێنیت و ئاسن (ئۆتۆمبێل یا دەبابە یا...یا....)ی پێ دروست بکەیت .بۆیە داگیرکەرانی کوردستان بۆ ئەوە کوردستانیان داگیرو پارچە پارچە کرد، تا ماوەیەکی زۆر درێژ لە قۆناخی دەرەبەگیدا بچەقین و نەگەینە قۆناخی سەرمایەداری، چونکە ئەمە یاسای ژیانە دەوڵەت لە قۆناخی سەرمایەدارییەوە دروست دەبێت نەک لە قۆناخی دەرەبەگی، لە سەدەکانی رابردوودا ئەو هەموو میرنشینانەمان هەبوو بەڵام چونکە لە قۆناخێکی کشتوکاڵی و دەرەبەگیدا بوون، نەک هەر نەیانتوانی

دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن، بەڵکو ئاسۆی بینینیشیان وا نەبوو بیرێکی جیدی لێبکەنەوە.

راستە هێشتا ئێمە نە خاوەن دەوڵەتین و نە خاوەن حکومەتێکی بە فەرمی دانپێدانراویشین لە لایەن نزیکترین حکومەت کە بەغدایەو هەر بەو عەقڵییەتە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن کە لە هەموو کاروبارەکانی خۆماندا مۆڵەت لەوان وەربگرین و ئەوانیش خێرمان پێ بکەن، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا هەوڵەکانی خۆی لەوەدا چڕکردۆتەوە، کە لە لایەک کورد ببێتە نەتەوەیەکی بەرهەمهێن، کە ئەمەیان زۆر گرنگە، لە لایەکی تریشەوە بواری گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەو پەروەردەو تەندروستی و پەرەپێدانی مرۆیی و کاری کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی خەڵک بەگشتی لە قۆناخی بەرەوپێشچوونێکی باشن، بەڵام ناکرێت باس لە بەرەو دەوڵەتبوونمان بکەین، ئەگەر بواری بازرگانی و سەرمایە لە کوردستاندا لەوپەڕی نزمیدا بێت، سەرمایەداریش بەوە نابێت خاوەنی پارەیەکی زۆری بلۆککراوبیت (واتە هەڵتگرتبێت و نەیخەیتە گەڕ) ئەمە لە قۆناخی دەرەبەگیش هەیە، بۆیە سەرمایەداری بەوە دەبێت لە لایەک سەرمایەکەت لە پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی دوورخایەن خەرج بکەیت، لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن بێت، نەک نا بەرهەمهێن، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئاراستەیەیە، پڕۆژەی زۆر گەورەو ستراتیژی لە کوردستان هەن کە زۆر دەخایەنن، هەروەها هەموو ئاسانکارییەکیش دەکات بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ سەرمایەکەیان لە کوردستانی خۆیان بخەنە کار، تا ئەم ئاراستەیە بەردەوام نەبێت و کۆمەڵگە لە قۆناخی کشتوکاڵی-دەرەبەگی دەرنەچێت و بە تەواوی نەچینە ناو قۆناخی سەرمایەدارییەوە، بوونی دەوڵەتی کوردی لە

خۆهەڵخەڵەتاندن بەو لاوە رەنگە شتێکی ترمان بۆ بەرهەمنەهێنێ، بەڵام ئەوەی دووەم کە قۆناخی سەرمایەدارییە، پێم وایە بێ ئەوەی جارێکی تر قوربانی لەبن نەهاتوو بدەین دەتوانین وەدەستی بهێنین، بۆیە ئینتیمای نیشتیمانیمان ئەوەمان لێ دەخوازێ، لە کاتێکدا پێویستە داوای باشترکردنی ئەدای حوکمڕانی بکەین لە کوردستاندا و تێبینییەکانمان بەرزبکەینەوە، بەڵام دەشبێت هانی هاوڵاتی بدەین هاوکاری حکومەت بێت بۆ سەرخستنی بەرنامەو پرۆژەکانی بۆ گەیاندنی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن، کە بێشک ئەوکات لە خەونی سەدانساڵەشمان نزیکدەبینەوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمانە.

## جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت لە قۆناخی ئینتیقالیدا

کاتێک قسە لەسەر جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت دەکرێت، قسە لەسەر وردو درشتی هەموو ئەو جومگانەی حکومەت دەکرێت کە بە حیزب هەڵدەسووڕێنرێن، ناکرێ و ناشبێت، تەنها لە هەندێ بواری بچووک بڵێین با لەمەیان و لەوەیان حیزب دەستتێوەردانی تێدا نەکات، لە کاتێکدا کوردستان لە قۆناخێکی ئینتیقالیدایە، ماوەی تەواوبوونی ئەو قۆناخە ئینتیقالییەش دیارنییە،چونکە حیزب تا بتوانێت بۆ نفوزو لەدەست نەدانی دەسەڵاتی خۆی تەنانەت بۆ ئایندەیەکی دووریش، هەوڵیداوەو دەیدات زۆرترین دەستکەوتی مادی و مەعنەوی بۆخۆی مسۆگەربکات، بۆ ئەوەی بەردەوام هەر خۆی دەسەڵاتدار بێت . بەتایبەتی کە پێشتر کوردستان حوکمڕانێتییەکی وای تێدا پیادەنەکراوە، تا بچووکترین بەرپرسیارێتی مەدەنی-دیموکراسی-دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ڕێگای هەڵبژاردن

وەئەستۆگیرابێ،بەهۆی بوونی ئەو حکومەتە دەسەڵاتدارە تۆتالیتارە دیکتاتۆرەی لە عێراقدا رەگی داکوتابوو، ئەوحیزبە کوردستانیانەی کە ئێستاش خۆیان بە شەریکی حوکم نازانن لە کوردستاندا، لەناو خودی حیزبەکەی خۆیاندا نەیانتوانیوە دەستاودەستکردنی دەسەڵات پەیرەو بکەن،نەیانتوانیوە لەنێو رێکخراوە بەناو مەدەنییەکانی خۆیاندا ئاراستەیەکی دیموکراسیانەو مەدەنیانە پەیرەوبکەن، دەستتێوەردانی حیزبەکەیان هەمیشە ئامادەگی هەبووە لە چارەسەرو لە گرفت نانەوەی ئەو رێکخراوەدا، جا هی قوتابیان بووبێت یا هی ئافرەتان یا هەر رێکخراوێکی دیکەی لەم چەشنە،ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە چونکە کولتوورێکی دیموکراسی- مەدەنیان بەرهەمنەهێناوە، گرفتەکە لێرەوە دەستپێدەکات، پێویستە بەرلە هەموو شتێک دیموکراسی بونیاد بنێین، راستە دیموکراسیش کەموکورتی تێدایە، بەڵام باشترین چارەسەریشە،ئەمەش بە قسەو نووسین نایێتەدی، بەڵکو هەنگاوی عەمەلی دەوێ، بەرلەوەی حکومەت هەنگاوی بۆ بنێ، پێویستە حیزبە کوردستانییەکان هەنگاوی عەمەلی بۆ بنێن، بۆئەوەی خەڵکیش دڵی بەوەخۆشبێت کە ئۆپۆزیسیۆنێک لە کوردستاندا بەرێوەیە ئومێدی زۆری خەڵکەو، ئەوکاتە دەبنە کارتی گوشاریش بۆسەر حکومەت کە زیاتر لە ئێستای شەفاف بێت، کەرتی گشتی بۆ بەرژەوەندی گشتی خەڵک بێت، پەرلەمان ئەکتیڤ تربێت لە ئێستای و بتوانێ لێپێچینەوە لەگەڵ هەموو بەرپرسانی حیزبی بکات بێ لەبەرچاوگرتنی مەیلی حیزبایەتی و....هتد. بەڵام تەرجەمەکردنی بەدیموکراسیبوون و بە مەدەنیبوونی حیزبە کوردستانییەکان و ئینجا حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر جاران شتێکی تری لێدەکەوێتەوە.چونکە ئەمە پرۆسەیەکی لەسەرەخۆیەو تەنها بە نووسین و

قسەی رووت نایێتە دی، بەڵکو ئەم پرۆسەیە یاساو رێسای خۆی هەیە، کە تیایدا رکابەرێکت بۆ دروستدەکات، نەک پەنا ناباتە بەر توندوتیژی، بەڵکو خەڵک متمانەی پێدەدات بیهێنێتە سەر دەسەڵات، بەڵام دەپرسین لەکوردستاندا جگە لە پارتی و یەکێتی هیچ پارتێکی دیکەی سیاسی شک دەبردرێ، خەڵک ئەو متمانەیەی پێبدات؟؟بێگومان وەڵامەکەی هەر نەخێرە.چونکە ئەوەی نەتوانێ ژیانێکی مەدەنی و دیموکراسی لەناو حیزبەکەی خۆی دروست بکات،بێگومان ناشتوانێ حکومەتێکی دیموکراسی مەدەنی بێنێتە ئاراوە .ئاخر ئەو حیزبانە کامانەن ئامادەن دەست لەو ئیمتیازاتانە هەڵگرن و دەسەڵات بۆ کەسێکی تری هاوخەبات و هاوبیری خۆیان چۆلبکەن؟.

ئەو قۆناخە ئینتیقالییەی لە کوردستاندا بەڕێوەیە، نازانرێ کەی تەواودەبێت، چونکە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش کە رێککەوتنێکی ستراتیژی هەیە لە نێوان هەردوو حیزبی حوکمڕان، بواری بۆ حیزبەکانی دیکە کەمکردۆتەوە تا بتوانن ببنە رکابەرێکی جیددی، جیاکردنەوەی حیزبیش لە حکومەت کارێکی زەحمەتدەبێت، چونکە پێشوەختە هەندێک ئەنجام دیاردەبن بۆ حکومەت بەڕێوەبردن. ئەم رێککەوتنە ستراتیژییە گرفت بۆ پێشوەچوونی یاخود تەواوکردنی قۆناخی ئینتیقالی دروستدەکات. بەمە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەکوردستاندا نابێتە مۆدیلێک وەک هەندێک کەس چاوەڕوانی لێدەکەن، بەڵام ئەم حکومەتەش رەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کۆمەڵگەیە دەبێت، ئەمە نەک هەر تەنها لە کوردستان بەڵکو لە تەواوی ئەو وڵاتانەی لەژێر چەپۆکی دیکتاتۆرییەتدا خەباتی زۆریان داوەو قوربانی بێ سنووریان داوە، حکومەت لەلایەن حیزبەوە بەڕێوەچووە. بەڵام دەکرێ حکومەت زیاتر بەتەنگ

هاوڵاتیانەوە بێت و خۆشگوزەرانی زیاتر لە ئێستایان بۆ دابین بکات، ڕێوشوێنی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی بگیرێتە بەر، کە داخوازی هەموو خەڵکە، دەستێوەردانی حیزبی لە ڕێکخراوو کۆمەڵە پیشەییەکان کەمبکرێتەوە و لەمەودوا کەسانی تەمبەڵ و بێ توانا نەکرێنە بەرپرس هەر لەبەرئەوەی لە حیزبی دەسەڵاتدارە، دەکرێ کەسێکی با حیزبیش بێت بەڵام چالاک و بە تواناو خزمەتگوزار دابنرێت، بۆ ئەوەی وردە وردە کەسی شیاو بۆ جێگەی شیاو ببێتە مۆدیل، با پەرلەمان لە خولی داهاتوو ئەکتیڤتر بکرێ، ئەم دوو حیزبە کادیری سەرکەوتوویان زۆرە دەکرێ ئەوان جێگەی کەسانی سەرنەکەوتوو بگرنەوە. وەزیرەکان بە هەمان شێوە، ئەمە بۆ ئەمڕۆ باشترین سوود بە حیزب دەگەیەنێ، باشترین ڕێگاشە بۆ مانەوەو بەردەوامبوونی لە دەسەڵاتدا. باشترین خزمەتیشە بۆ خەڵک.

## رێککەوتنی ستراتیژی( پارتی و یەکێتی) و جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت!!

بەرلەوەی باس لە جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت بکەین، پێویستە کۆمەڵێک پرسیار لە خۆمان بکەین،ئایا ئەو حزبانەی کە دەسەڵاتیان وەرگرتووە، سەرکردەکانیان لەنێو حکومەتدا چۆن مامەڵەیان لەگەڵ حزبەکەی خۆیان کردووە؟،ئەی ئەوانەی لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن هاتنە ناو ململانێکەو دواتر نەگەیشتن بە کورسی دەسەڵات،چۆن رەفتاریان کردووە لەگەڵ ئەو حزبە شکستخواردووەدا. پێم وابێ نموونەی زۆر لەبەردەستمان هەن، هەر لە ئەوروپا (تایبەت ئەڵمانیاو فەرەنساو ئیسپانیاو ئیتالیا)و ئەمریکاو ئیسرائیل و ئەمریکای لاتینی (بەرازیل بە نموونە دوای رووخانی حوکمی دیکتاتۆری لە 1983 ودەستپێکی بڕیاری یاسای حزبەکان لە 1985) و تایوانی دوای حوکمی کۆمینتاغ کە لە 1987 کۆتایی پێهێنراو..تادەگاتە ئەو تورکیایەی کە زۆر لێمان نزیکەو بەردەوام نوێنەری

حزبەکانیش لەوێ هەن و..هتد.لێرە ناکرێ بە درێژی باسی هەموو ئەو حزبانە بکەین کە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات چ میکانیزمێکیان گرتۆتەبەر،بەڵام ئەزموونی ئەو وڵاتانە ئەوەمان پێدەڵێن گرفت ئەوەنییە حزب و حکومەت تێکەڵ کراون، بەڵکو گرفت ئەوەیە حزب نوێنەرەکانی ناتوانن خواستەکانی خەڵک وەدیبهێنن، بەڵکو گرفت ئەوەیە پرۆسەی دیموکراتی لەنێو حزبەکاندا لە هەنگاوی بەراییدایە، بەڵکو گرفت ئەوەیە کە حزب ئەو هەموو خەڵکە بۆناو ئۆرگانەکانی حکومەت رەوانە دەکات، لەلایەن تێکڕای ئەو حزبەوە هەڵنەبژێردراون، بەڵکو زۆرجاری وا هەیە لە لایەن تەنها کەسێکەوە دەستنیشانکراوە و دەرئەنجام مایەی گلەیی و گازەندەی خودی کادیرانی حزبیشی لێ کەوتۆتەوە بەر لەوەی گلەیی خەڵکی لێ بکەوێتەوە، بەڵکو گرفت ئەوەیە پرۆسەی دیموکراسی لەناو حزبدا نەیتوانیوە لەسەر دوو قاچی ساغ بوەستێ و هەمیشە پێویستی بە گۆچانێک هەبووە تا هاوسەنگییەکە لەیەکتر نزیک بکاتەوە.لێرەوە ئەو پرسیارەش دەکەین، بۆچی وا بکەین چی مەینەتی هەیە بیکەین بەسەرسەری حیزبەوە، کە وا نییە، چونکە ئەگەر وابوو خۆ بەرلەهەموو کەسێک دەبێت بەرپرسی یەکەمی هەموو حیزبەکان بانگەشەی پێداچوونەوەیەکی جیدی و بنەڕەتی لە حیزبدا بکەن، لە کاتی ئەو ناپووتبوونەی حیزبیشدا، ئەوحیزبە بێ جەماوەر بێ دەسەڵات .....هتد دەبێت.ئەمە لە کاتێکدا تا ئێستاش پارتی و یەکێتی هەریەکەو خاوەنی سەدان هەزار ئەندامن، بێجگە لەم هەموو دۆست و لایەنگرە.ئەی قەیرانەکە لەکوێدایە؟

با بپرسین ئایا قەیران لە حوکمڕانیدا هەیە؟ئایا حزبە کوردستانییەکان هۆکاری تا سەر ئێسقانن لە دروستبوونی ئەو قەیرانی حوکمڕانییە ئەگەر قەیران هەبێت؟باشە بۆچی حیزبەکان کە خۆیان خاوەن بەرهەمی

دامەزراندنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون و یاسای حوکمیان داڕشت و ویستیان مۆدێلێک بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کوردستانا بهێننە ئاراوە، بەڵام بوخچەی ئەو دیموکراسییەتە پێچرایەوەو قەیرانی گەورەی کردە بەدیل؟

لە راستیدا وەک دەڵێن دیموکراسی چارەسەری هەموو گرفتەکان ناکات بەڵام باشترین شێوازی حوکمڕانییە، دەبێت حیزبەکانیش بەرلەوەی باس لە جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت بکەن، دەبێت دیموکراتی لەنێو ئەندامانداا قووڵ بکەنەوە، دەبێت بڕوامان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێت، دەبێت ئەو حزبەی سەرکەوتنی وەدەست هێنا باشتر لە جاران داخوازی خەڵک بهێنێتەدی و باشترین شێوەی حوکم بگرێتە بەر، ئەو حزبەی دەریش نەچوو، کۆتایی مێژوو نییە، هەوڵبدات هەموو ئەو کەلێنانەی لە بەڕێوەبردنی حکومەتدا هەیە، زەقی بکاتەوەو رێگاچارەی گونجاو بخاتە بەردەست، تا زۆرترین متمانە بهێنێتەوە، پاڵێوراوەکانیشی بۆ ناو حکومەت تەنها لەناو چواردیواری تەسکدا ئەنجام نەدرێت،لانی کەم پرس و ڕا لەگەڵ کادیرانی پێشکەوتووی حزبەکەی بگۆڕێتەوە، ئاخر کادیرانی پێشکەوتووی هەر حزبێک مەرجن بۆ ئایندەی حزبەکە، چۆن دەکرێ نوێنەری میللەتێک رای حزبەکەی خۆی لێ وەرنەگیرێ!

ڕێککەوتنی ستراتیژی هەموو بەهاکانی دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و هەمووئەو نزیکبوونەوەی حزب لە خەڵکی کوشتووە، با هەوڵی ئەوە بدەین ئەو بۆشاییانە بچووک بکەینەوە، با هەوڵبدەین ململانێکانمان لەسەر زیاتر خزمەت گەیاندن بە خەڵک بێت، نەک ئەوەندەی تر رووی حزب ناشیرین بکەین لەبەردەم جەماوەردا،لە کاتێکدا هەمیشە حزب پشت و پەناگەی خەڵکی کوردستان بووە، با ئەو پشت و پەناگەیە بە مۆدیلی

ئەمڕۆ هەر بۆ خەڵک بێت، چونکە ئەو حزبەی خەڵکی نەبێت، دیارە هیچ سەنگێکیشی نییە.

## گەندەڵی!!......

لەوەتەی لە نێو حزب و میدیای کوردیدا بە گەرمی باس لە جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت دەکرێ، ئەزموونێکی سەرکەوتووی چەند وڵاتێکی جۆراوجۆرمان نیشان نادەن کە بە کام ڕێگا حزبیان لە حکومەت جیاکردۆتەوە، بۆیە کاتێ پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە ئەرێ حزب لە حکومەت جیادەکرێتەوە؟ وەلامەکەی تەنها بە بەڵێ یان بە نەخێر نابێت، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک هەڵوەستەیەکی زۆر جیدی دەوێ. لێرە باس لە جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت ناکەین، چونکە پێویست بە باسی دیکە دەکات، بۆیە باشتر وایە بەر لە هەموو شتێک باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بکرێت، چونکە گەندەڵی بکوژی ڕاستەوخۆی گەشەی ئابووری و پەرەپێدانە،ناکرێ گەندەڵی هەبێت و چاوەڕوانی گەشەپێدان و پەرەپێدان بکەین،ئەگەر ڕووبەڕووی گەندەڵی نەبینەوە.ئەم ڕووبەرووبوونەوەیەش وەک (کوباس دی سوارت) سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی شەفافییەتی

نێودەوڵەتی دەڵێت پێویست بە بوونی ئیرادەیەکی سیاسی و وەرگرتنی بڕیاری سەخت دەکات، تا بتوانرێ پلانێکی کارای روون پیادە بکرێت، بەڵام ئەم ئیرادە سیاسییە نەبێت بە پێچەوانەوە گەندەڵی دەگەشێتەوە، کە ئەنجام ولآت تووشی کارەسات دەبێت. وەک چۆن ئێستا عێراق و سۆمال و میانمار لە ساڵی (2008) لە ریزبەندی 180 وڵاتدا لە ریزی هەرە پێشەوەی گەندەڵین، بە شێوەیەک سۆماڵ و میانمارو عێراق پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمیان هێناوە، نابێت ئەوە لەبیرکەین ئەوە زۆر زەحمەتترە واتا کەمکردنەوەی کاریگەری پەتای گەندەڵی عێراق لەسەر کوردستان. بۆیە پێش ئەوەی بزانین عێراق لە گەندەڵی ژمارە چەندەمە، پێویستە بپرسین ئەم وڵاتانە کامانەن کە پەرێزیان زۆر پاکژەو لە ریزبەندی یەکەمی ئەو وڵاتانەن کە گەندەڵی تێدانییە، بێگومان لە نێو ئەو 180 وڵاتە دانیمارک و سویدو نیوزلەندا بە پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم دێن، ئینجا سەنگافوورەو فنلەنداو سویسراو هۆڵەنداو ئوستralیاو کەنەدا لە نێو ئەو 10 وڵاتەی پێشەوە دێن. بەم شێوەیە وڵاتانی ئەسکەندەنافی باشترین تۆماریان لە رووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی هەیەو، وڵاتانی ئەفریقی و عەرەبی و ئاسیای ناوەڕاستیش خراپترینیانن.

مەبەستم لەم نموونە هێنانەوانە تەنها دوو شتە، یەکەمیان ئایا هەندێک لەو وڵاتە عەرەبی و جیهانیانەی کە زۆر گەندەڵ بوونە، لەبەرئەوەیە حیزب تێکەڵی حکومەتەکەیان بووە؟ ئەی ئەو وڵاتانەی حیزب ئەوەندە تێکەڵ بە حکومەتیش نەبووەو کەچی زۆر گەندەڵن؟ کەواتە گرفتی ئێمە پێش هەموو شتێک چییە؟ کار بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت بکەین، یان کار بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی بکەین؟ خەڵکی کوردستان بە گشتی کامیان دەخاتە پێش کامیان؟ .

هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی وەک سوریا 147 ەمین و میسر 115 مین وڵات دێن لەریزبەندییەکە، بەڵام عومان لە ماوەی (1) یەک ساڵی رابردوویدا پێش (12) وڵات کەوتۆتەوەو قەتەریش ئەمساڵ پێش (4) وڵات کەوتۆتەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لە کاتێکدا ئیمارات لەساڵی (2006) ەوە ساڵ بە ساڵ بەرەو دواوە دەچێت.

مەبەست لەم نموونانە ئەوەیە، ئێمە دەوروبەرمان ئەوەندە پاکژ نین، ئەوەتا ئێران تەنها (6) خاڵ لە پێش سوریایە،واتە (141) ە، بۆیە پێش ئەوەی بۆچوون ولێکدانەوەکانمان سیاسیانە بن، با میللی بن، با بزانین گرفتی شەقامی کوردی لە کوێدایە، کامیان مومکینە بکرێ و کامیان پێویستی زیاتریان بە کاتە، ناڵێین جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت خراپە، بەڵام دەردی کوشندەی ئێمە ئەوە نییە، ناکرێ نەخۆشییەکەت تەواو تەشخیس نەکرابێت و نەزانرابێت، کەچی کۆمەڵێک داودەرمانت بۆ بنووسرێت گوایا پێی چاکدەبیتەوە. ئەوانەی کاری گەندەڵی دەکەن خۆ هەرهەموویان کادیری حزبی نین، ئەی ئەوانەی حزبی نین و لە گەندەڵیش تێوە گلاون؟ خراپیش تێوە گلاون؟

ئەی ئەو کادیرانەی زۆر حیزبین و نووکە لەناو حکومەتیشن و باشترین رۆڵیشیان لە خزمەتکردنی خەڵکیدا هەیە؟ چونکە پێموانییە ئەوەی کادیری حزب بێت ئیتر دەبێت گەندەڵ بێت، خۆ ئەگەر وا بێت دەبێت فاتیحا بخوێنین. راستە پێویستە لەناو حزبەکانی کوردستان، لە پێشەوەیان پارتی و یەکێتی زۆرترین گرنگی بە مەعریفە بدەن، لە پێناوی دەنگی ناشیریندا، دەنگی جوان نەکرێ بە قوربانی، واتە حزبەکانیش پێویستیان بەخۆنوێکردنەوە هەیە، کە تا ئێستا پرۆسەی خوێ نوێکردنەوە لەناو هەموو حزبەکاندا زۆر زۆر سستە و خەڵک چاوەڕوانی هەنگاوی زیاتر و

خێراترن. پێموانیە کەس لاری لەم بۆچوونە هەبێت. ئەمە جیایە، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ هەندێک لەو وڵاتانەی لە ریزی پێشەوەی گەندەڵین، خودان حزبێکی رەها نین،تەنانەت هەر خودان حیزبیش نین، تا خەتای ئەو حزب و ئایدۆلۆژیایە بگرین، نموونەش سعودیە و ئێران زۆر لێشمان نزیکن بۆیە ناوی ئەو دوو وڵاتەم هێنا.

پێویستە بەدوای ئەومیکانیزمانەدا بگەڕێین کە چارەسەری باشن بۆ گەندەڵی، کە توانرا سنوورێک بۆ گەندەڵی دابنرێ، ئەوکات ئاسانتر دەتوانرێ، بەسەر هەموو ئەو گرفتانەدا زاڵ بین کە کۆسپن بۆ پێشکەوتنی نیشتمان وکۆمەڵگامان.